


ئاوارەیی
گرفت و دەرفەت

پـــڕۆفایلی شار و شارۆچکەکان: پەنـــابـــەرە کان و ئاوارە کانی ناوخۆ و کۆمەڵگا ی خانەخو ێ
پارێزگای هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق

نیسان ٢٠١٦

چاپکردنەوە و بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە بۆ مەبەستی پەروەردەیی یان هەر مەبەستێکی دیکەی نابازرگانی ڕێگەپێدراوە بەبێ وەرگرتنی هیچ مۆڵەتێکی فەرمی و نووسراو لە خاوەنەکانی مافی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە، بەو مەرجەی سەرچاوەکەی بە تەواوەتی ئاماژەی پێبدرێت.

هەماهەنگی ڕاپۆرت: شادمان احمد محمود (کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ئاوارەکان- UNHCR)

ئامادەکردنی: ڕۆبەرت گویو
ئاسانکاری بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ڕاپۆرت: مارگاریتا لوندکڤیست- هۆندۆمەدی (JIPS) ، کەرەم هیندی (کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ئاوارەکان- UNHCR) ، دیار عـمـر (ئەنجومەنی پەنابەرانی هەولێر- ERC)، مازن مـحمد ، هێمن عـبـاس ، ابراهیم رحمان (بەڕێوەبەرایەتی ئاماری هەولێر- ESD)، گوهدار محـمد (دە ستە ی ئاماری هە رێمی کوردستانKRSO).
وە رگێڕانی لە ئینگلیزیە وە: مبارك محمد سنجاوی
نەخشەسازی: پێر شۆینینگ و مێلیسا وێیهمایەر
پاکنووسکردنی دەقە ئینگلیزیەکە: نادیە سدیقی
دیزاین: جیولیا بوو
تابلۆی بەرگ: هێمن گۆران (ئاکۆ)

ئەندامانی لێژنەی ئاڕاستەکەر: ئەنجومەنی پەنابەرانی هەولێر) ERC) ، ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ (IOM) ، ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان (JCC) ، کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ئاوارەکان (UNHCR) ، (پڕۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نشینگە مرۆییەکان (UNHABITAT) ، نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی لە عێراق (UNOCHA) ، سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوانUNFPA)).

ئەم ڕاهێنانی پڕۆفایلکردنە لە لایەن فەرمانگەی پەرەپێدانی نێودەوڵەتیی سەر بە حکومەتی بەریتانیاوە (DFID) پاڵپشتیی دارایی بۆ دابینکرا.

چاپکردنی: کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ئاوارەکان- UNHCR، ئایاری ٢٠١٦
ئامادە کردنی : نیسانی ٢٠١٦
کۆکردنە وە ی داتا : کانونی یە کە می ٢٠١٦

ئاوارەیی
گرفت و دەرفەت

پـــڕۆفایلی شار و شارۆچکەکان
پەنـــابـــەرە کان و ئاوارە کانی ناوخۆ و کۆمەڵگا ی خانەخو ێ

پارێزگای هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق

٢٠١٦

سوپاس و پێزانین

ئەم پڕۆفاییل هەڵسەنگاندنە لە مانگی 12ی ساڵی 2006 دا لە پێناو بەئامانجگرتنی پێویستیی شیکارییەکی قووڵ بۆ بارودۆخی ئاوارەیی پەنابەر و ئاوارە ناوخۆیی و کۆمەڵگا خانەخوێکانی ناوچە شارنشینەکانی پارێزگای هەولێر، ئەنجامدراوە. هیوادارین کە ئەم کرداری پڕۆفاییل هەڵسەنگاندنە بەشداریی بکات لە دامەزراندنی بنچینەیەکی بەڵگەدار و هاوکاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراو و دەزگا هاوبەشەکانی بواری کاری مرۆیی و پەرەپێدان بکات بۆ دەستپێکردنی بەهاناوەچوونێکی گشتگیر و دوورمەودا بۆ کێشە و گرفت و نیگەرانییەکانی ئاوارەکانی دەرەوەی کامپەکان، هەروەها بۆ پێشخستنی ستانداردەکانی ژیانی هەموو ئەو کۆمەڵانەی خەڵك کە لە ناوچە شارنشینەکانی پارێزگای هەولێردا دەژین.

سوپاسی بێ پایانی خۆمان ئاڕاستەی هەردوو بەڕێزان جەنابی عەلی سندی، وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و، جەنابی نەوازاد هادی، پارێزگاری هەولێر، دەکەین کە هە رلە سە رە تای ئەم هەڵسەنگاندنە وە پشتگیریان کردووین.

ئەم هەڵسەنگاندنە ئەنجامی کاری هاوبەشی نێوان (ئەنجومەنی پەنابەرانی هەولێر- ERC)، (کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ئاوارەکان- UNHCR)، (بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری هەولێر- ESD)، ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان - JCC)، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ – IOM)، سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان - UNFPA)، (پڕۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نشینگە مرۆییەکان – UNHAB-ITAT) و هەروەها نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگیی کاروبارە مرۆییەکان – UNOCHA). لە کاتی بەڕێوەچوونی چالاکییەکەدا، (خزمەتگوزاریی هاوبەشی تایبەت بە پڕۆفاییلکردنی ئاوارە ناوخۆییەکان – JIPS)، پاڵپشتیی هونەریی پێشکەش دەکرد.

گرووپێکی کاری هونەریی کە پێکهاتبوون لە (بەڕێوەبەرایەتی ئاماری هەولێر- ESD)، (کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ئاوارەکان- UNHCR) و (ئەنجومەنی پەنابەرانی هەولێر- ERC) و بە پاڵپشتیی (خزمەتگوزاریی هاوبەشی تایبەت بە پڕۆفاییلکردنی ئاوارە ناوخۆییەکان – JIPS) ڕێبازی توێژینەوەکەیان داڕشتووە و شیکارییەکەیان ئەنجامداوە.

لە کۆتاییدا، هەروەها سوپاسی هەموو ئەو بەشدارانە دەکەین کە هەر لە سەرەتاوە تا کارە مەیدانییەکان و تا جێبەجێکردنی پشکداریان لەم پڕۆسەی لێکۆڵینەوەیەدا کرد، هەروەها سەرنجە بەسوود و یارمەتیدەرەکان لەسەر ڕاپۆرتەکە و ئەو پێشنیازانەی کە لەلایەن پڕۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان (UNDP) و ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO) و سندووقی نێودەوڵەتیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەهاناوەچوونی منداڵان (UNICEF) و ئەنجوومەنی نەرویجی بۆ پەنابەران (NRC) پیەوە خرانەڕوو.

Saman Ezzadin	Jozef Merkx	Vian Rasheed
Erbil Statistics Directorate (ESD)	UNHCR	Erbil Refugee Council (ERC)
سامان عزالدین	جۆزێف مێرکس	ڤیان رشید

ناوەڕۆك

١. پێشەکی و باکگراوند ٤
٢. ڕێبازی توێژینەوە ٧
دیمەنێکی گشتی، دانیشتوانی بەئامانجگیراو و ناوچەی کار
ڕێگاکانی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری
٣. ئاوارەکان کێن ؟ ١١
مێژووی کۆچکردنی ئاوارەکان
پێکهاتەی خێزان
٤. شار و شارۆچکەکان و پێکەوەگونجان ١٥
دراوسێ کۆن و تازەکان: نیشتەجێبوون لەناو شار و شارۆچکەکاندا
هەلومەرجەکانی نیشتەجێبوون و ژیان
ماڵ گواستنەوە بۆ ناوەوە و دەرەوەی ناوچە شارستانییەکان: هۆکارەکانی فشار لە ناوچە شارستانییەکانەوە
توانای خزمەتگوزارییە گشتییەکان و ئاستی دەستپێگەیشتنیان لەلایەن هاوڵاتیانەوە
پێکەوەگونجاویی کۆمەڵایەتیی و مامەڵە و کارلێککردن لەنێوان کۆمەڵگاکاندا
مافی ژیانی ناو شار و گرێبەستی کۆمەڵایەتی
٥. دامەزراندن و خستنەسەرکاری دانیشتوان لە ناوچە شارنشینەکاندا ٣٢
باری کاری دانیشتوان
نموونەی دابەشبوونی ئیش و کار بەپێی جوگرافیا
مەرجەکانی کار و نافەرمییەتی
سەرمایەی کۆمەڵایەتی و سەرمایەی مرۆیی و هۆکارەکانی دیکە بۆ دامەزراندن و خستنەسەرکار
٦. باری دارایی خێزانەکان ٤٤
بودجەی خێزان
شکستباریی و لاوازیی باری ئابووریی لە ناوچە شارنشینەکاندا
قەرزاریی
٧. تەحەددای پەروەردە و خوێندن ٤٠
ڕێژەکانی ناونووسکردن لە قوتابخانە و دەرکەوتە و کاریگەرییەکانیان
تەحەددای خوێندن و پەروەردە بۆ پەنابەرە سووریییەکان
٨. گەڕانەوەی چاوەڕوانکراوی کۆمەڵگا ئاوارەکان بۆ زێدی خۆیان ٥٢
خواستی گەڕانەوە
تەحەددەاکانی بەردەم گەڕانەوەیەکی کاریگەر
٩. دەرئەنجام و پێشنیازە سەرەکییەکان ٥٨
پڕۆسەی بە شارستانیکردن، خزمەتگوزارییە گشتییەکان و پێکەوە گونجانی کۆمەڵایەتی
هەلومەرجەکانی نیشتەجێبوون و ژیان
بەهێزکردنی ڕێگاکانی ژیان و گوزەران
یارمەتیی دارایی بۆ خێزانە شکستبار و لاوازەکان
پەروەردە و خوێندن و چوون بۆ قوتابخانە
بەربەستەکانی بەردەم گەڕانەوە
قەیرانی دارایی و سنووردارییەکانی بودجە
پاشکۆکان
پرسیارەکانی ڕووپێوکردنی خێزانەکان
پرسیارنامەی گفتوگۆکانی گرووپە دیاریکراوەکان
شرۆڤەی ئامارییانە بۆ ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەر خواستی ئاوارەکاان بۆ گەڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان
خشتە ی داتا هە لبژێردراوە کان

١. پێشەکی و باکگراوند

پارێزگای هەولێر کە ژمارەی دانیشتوانی 2.01 ملیۆن کەسە[1] ، خانەخوێی پایتەختی هەرێمی کوردستانی عێراقە. ئەم پارێزگایە، وەك باقی شوێنەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، بە قوڵی کەوتۆتە بەر کاریگەریی لێشاو و شەپۆلە تازەکانی ئاوارەبوون کە لە ئەنجامی شەڕ و ململانێکانی سووریا و بەشەکانی دیکەی عێراقەوە سەریان هەڵداوە و هەروەها ئەو قەیرانە دارایی سەراپاگیرەی کە کاری کردۆتە سەر هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتیی ئابووریی‌یەکەی.

پارێزگای هەولێر لە ماوەی 5 ساڵی ڕابردوودا پەنابەرە سووریی‌یەکانی لەخۆگرتووە. ئەم خەڵکە ئاوارەیە وەك ئەنجامێکی ڕاستەخۆی ململانێ تەندوتیژەکانی سووریا، یان بەهۆی ئەو هەڵە ئابووریی‌انەی هەولێر پێشکەشی دەکردن، ڕوویان لەو شارە کردووە. ئەو ساتەی کە ئەو لێشاوە دەستیپێکرد، هەرێمی کوردستانی عێراق سەقامگیرییەکی ڕێژەیی و بەرەوپێشڤەچوونێکی ئابووریی بەخۆیەوە دەبینی. لەبەر ئەوە، ئەو خەڵکانەی کە پەناخواز بوون، هاتنە ناو ژینگەی خەڵکێکی دڵ و دەروون باش و بە بەزەیی و تەنانەت ژینگەی حکوومەت و خەڵکێکی لە پێشوازیدا وەستاو بۆ بەخێرهێنان و لەباوەشگرتنیان، هەم لەڵایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، هەم لە ڵایەن کۆمەڵگای خانەخوێوە – واتە خەڵکی کوردستان – کە دەیانویست و ئامادەبوون پاڵپشتی و هاوکاریی ئەو خەڵکە ئاوارەبووە بکەن.

ساڵی 2014 بەهۆی گەشەکردنی جموجۆڵە ئەمنی و ئابووریی‌ەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا کە لە ئەنجامی هاتنی تووندوتیژانەی دەوڵەتی ئیسڵامی (داعش) بۆ عێراق و قەیرانی ئابووریی‌ەوە سەریان هەڵدا، بارودۆخەکە گۆڕا . تێکچوونی بارودۆخی ئەمنی بەهۆی کۆنترۆڵکردنی چەند بەشێکی گەورەی ناوچەکانی ڕۆژئاوا و باکووری عێراق، بە موسڵی دووەم گەورەترین شاری ئەو وڵاتەیشەوە، دەرگای قەیرانێکی بەهێزی ئاوەڕەبوونی لەناو عێراقدا کردەوە.

لە کۆی ئەو 3.4 ملیۆن ئاوارەیەی کە لە ناوخۆی عێراقدا ئاوارە بوون، زیاتر لە یەك ملیۆنیان ئێستا لە هەرێمی کوردستان. ئەم بەرئەنجامی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانە بە ڕێژەی 30% لە ماوەی تەنیا 2 ساڵدا دەسەڵاتدارانی هەرێمەکەی تووشی نیگەرانییەکی قوڵ کردووە، بە تایبەت لە بابەتی دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا. هاوشان لەگەڵ ئەمەدا، ئەو ململانێیەی کە ئێستا لە عێراق بوونی هەیە بەهەمان شێوە کاریگەریی نەرێنیی کردۆتە سەر هەڵوێستی ئابووریی وڵاتانی دیکە بەرامبەر ئەو وڵاتە، بە هەرێمی کوردستانیشەوە. بۆ نموونە، وەبەرهێنانی بیانیی بە شێوەیەکی زۆر دابەزیوە، ڕێگاکانی بازرگانیی پەکخراو و پچڕێتراون و جموجۆڵی ناو بازاڕی کاریش، دوای ڕژانی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵکی بۆ ناو هێزی کار، گۆڕانێکی زۆری بەسەرداهاتووە.

خاڵێکی دیکە کە پەیوەندی بەو ململانێ هەنووکەییەوە نیە، بەڵام لەویش کەم بایەختر نیە، ئەو ڕاستییەیە کە ئابووری هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و نەرێنیی کاریگەریی ناکۆکییەکانی تایبەت بە کێشەی بودجەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق فیدراڵ و هەروەها دابەزینی نرخی نەوتیشی کەوتۆتە سەر. پێش ساڵی 2014، بەشی هەرە گەورە و زۆرینەی سەرچاوەی دارایی هەرێمی کوردستان لە بودجەی فیدراڵییەوە لە بەغداوە دەهات. بەڵام ئەم بودجە ناردنە لە بەغداوە بۆ هەرێم دواجار وەك وەڵامێك لە دژی هەوڵەکانی هەرێم بۆ فرۆشتنی سەربەخۆیانەی نەوت، وەستێنرا. بەم هۆیەشەوە، لە ئەنجامی نەبوونی ڕێککەوتنێك بۆ دابەشکردنی داهاتەکان لە ڕێگای گفتوگۆوە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا هەندێك پارەی بە شێوەی نارێك و پچڕپچڕ لە بەغداوە پێگەیشتووە. لەبەرئەوەی نە لە عێراق و نە لە هەرێمی کوردستانیشدا سیستەمێکی پڕبەپێستی باجدانان بۆ تەواوکردنی داهاتە گشتییەکان بوونی نییە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە نزیکەیی بە تەواوەتی پشتی بە هەناردەکردنی نەوت بەستووە بۆ دابینکردنی خەرجییەکان. ئەم داهاتانەیش بە شێوەیەکی قووڵ ڕوویان لە کەمبوونەوە کرد، دوای ئەوەی لە ناوەڕاستی ساڵی 2014 دا نرخە جیهانییەکانی نەوت بە ڕێژەی 70% دابەزین.

ئەو تەحەددا ئابووریی‌یە عێراق و کوردستانییانەی لە سەرەوە تیشکیان خراوەتە سەر، بەخێرایی بەم سەر و ئەو سەری ئابووریی خۆمانیی هەرێمی کوردستاندا بڵاوبوونەوە. ئابووریی کوردستان تا ئاستێکی باڵا لەسەر ئەو بڕە پارەیە وەستاوە کە حکوومەت دەیخاتەگەڕ و خەرجی دەکات، هەر لە دریژە و بەردەوامییدان بە بازاڕ و بازرگانییەوە بیگرە تا دەگاتە داهات و خۆراك و بژێوی ڕۆژانەی خێزان. کارمەند و فەرمانبەرانی حکوومەت، کە نزیکەی نیوەی هێزی کاری هەرێمەکە پێکدەهێنن، بە دریژایی ساڵانی 2014 و 2015 بە شێوەیەکی ڕێکوپێك و لە کاتی خۆیدا مووچەکانی خۆیانیان وەرنەگرتووە.

1 دە سەتە ی ئامارەکانی هەرێمی کوردستان (2014) ڕاپۆرتێك سەبارەت بە خەملاندنەکانی دانیشتووانی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ماوی نێوان 2009 – 2010.

مووچەی خانەنشینی و هەروەها دەرماڵەکان و پارەی بەڵێندەرانی کەرتی گشتیش لەو ماوەیەدا بە هەمان شێوە دووچاری دواکەوتن هاتوون. ئەم کۆرتەیەنانە لەناکاوە لە داهاتی بەشێکی گەورەی دانیشتوانی هەرێمدا کۆمەڵێك کاریگەریی وا فراوانی هەبووە کە تا ئێستاش هەستیان پێ دەکرێت، بەتایبەت کە کەرتی تایبەت تا هەنووکەش زۆر لەوە لاواز و دواکەوتووترە کە بتوانێت دەرفەت و هەلی کاری بەدیل بڕەخسێنێت و ئابووریی هەرێمەکە جێگیر و لەسەرپێ ی خۆ وەستاو بکات بۆ تێپەڕاندنی ئەو کەمکردنەوە و سنووردارکردنەی کە بەسەر بودجەدا سەپێنراوە.

شەڕ و پەڤچوون و ململانێکان، قەیرانی ئاوارەکان و ئەو ئابووریە لاوازەی کە هەیە، لە ئێستادا هەموویان پێکەوە کاریگەریی بەردەوام دەکەنە سەر بەرێوەچوونی کاروبارەکانی حکوومەت و ڕادەی بەرگەگرتنی خێزان و مانەوە و بەردەوامیی کەرتی تایبەت و دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە سەرانسەری هەرێمی کوردستانی عێراق، بە پارێزگای هەولێریشەوە. بۆیە چارەسەرەکان بۆ ڕاستکردنەوە و چاککردنی ئەم بارە لارە دەبێت لە شیکارییەکی قوڵ و تەواوەوە کە هەموو ئەو وردەکارییانەی لە سەرەوە باسکراون لەبەرچاوبگرێت، سەرچاوە بگرن. لەبەرئەوە، ئەم کردارە پڕۆفایلکردنە لە ژێنگەیەکی ئاڵۆزدا، کە بە چەندان چینی تاسان و ڕاچڵەکین (شۆك)ی دەرەکی و ناوەکییەوە کاریگەرە، بەرێوەدەچێت.

پڕۆفایلکردن بۆچی؟

لە کاتێکدا زانیارییەکی زۆر لەبارەی ئەو ئاوارە و پەنابەرانەوە کە لە کامپەکاندا نیشتەجێن لەبەردەستدا هەیە، شتێکی کەمتر سەبارەت بەوانەی کە لەدەرەوەی کامپەکاندان، دەزانرێ. هەروەها، زۆربەی ئەو ستراتیژانەی بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی ئاوارەبوون لە ئێستادا بوونیان هەیە زیاتر سەرنج دەخەنە سەر بەئامانجگرتنی پێداویستییەکانی دانیشتوانە ئاوارە یان پەنابەرەکان، کەچی کۆمەڵگە خانەخوێکان، کە لەگەڵ هەمان ئەو دانیشتوانە ئاوارە و پەنابەرانەدا پێکەوە دەژین، ئەو گرنگییەیان پێنادرێت.

لەبەرئەوە، ئەم ڕاهێنانی پڕۆفاییلکردنە، کە ئەنجامەکانی لەم ڕاپۆرتەدا پوخت کراونەتەوە، لە پێناو بەئامانجگرتنی پێویستیی شیکارییەکی قووڵ بۆ بارۆدۆخی ئاوارەیی و دەربەدەریی ئاوارەکانی ناو شار لە پارێزگای هەولێر، وەك دانیشتوانە ئاوارەکان و هەروەها ئەوانەشی کە بە هاتنی ئاوارەکان زیانیان بەرکەوتووە، ئەنجامدرا. ئامانجی سەرەکی ئەم ڕاپۆرتەش دامەزراندنی بنچینەیەکی بەڵگەدار بوو بۆ پێشنیازەکانی دانانی سیاسەت و پلان و چۆنیەتی جێبەجێکردنیان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراو و دەزگا کاراکانی بواری مرۆیی و پەرەپێدان بۆ ڕێکستنی بەهاناوەچوونێکی گشتگیر و دوورمەودا بۆ کێشە و گرفت و نیگەرانیەکانی ئاوارەکانی دەرەوەی کامپەکان.

بۆ ڕێبەرایەتیکردنی ڕاهێنانەکەش، (ئەنجوومەنی پەنابەرانی هەولێر – ERC) و (کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ئاوارەکان- UN-HCR) دەستپێشخەرییان کرد بۆ دروستکردنی لێژنەیەکی تایبەت بە ئاڕاستەکردنی پڕۆفایلەکان کە پێکهاتبوو لە (بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری هەولێر – ESD) و (ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگیی قەیرانەکان – JCC) و (ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ – IOM) و(سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان – UNFPA) و(پڕۆگرامی نشینگە مرۆییەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان – UNHABITAT) و (نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگیی کارە مرۆییەکان – UNOCHA). لە میانی ڕاهێنانەکەدا، خزمەتگوزاریی هاوبەشی پڕۆفایلی ئاوارەکان «JIPS»، پاڵپشتیی هونەریی پێشکەشدەکرد.

ئامانجە دیاریکراوەکانی پڕۆفایلکردنەکە، بەو شێوەیەی کە لێژنەی ئاڕاستەکەر ڕەزامەندی لەسەردابوو، ئەمانەی خوارەوە بوون:

أ. پێشکەشکردنی پڕۆفایلە دیمۆگرافییەکان بەپێی دابەشبوونیان بەسەر، ڕەگەز و تەمەن و دۆخی ئاوارەییەکەیان (واتە، ئاوارە ناوخۆییەکان، پەنابەرەکان و کۆمەڵگە خانەخوێکان) لە ناوچە بەئامانجگیراوەکاندا.
ب. پێشکەشکردنی پڕۆفایلەکانی دانیشتوانی شار و شارۆچکە جیاجیاکان، بە جەختکردنەوەیەکی زیاتر لەسەر دانیشتوانەکانی دەرەوەی کامپەکان.
ج. لێکۆڵینەوە لە توانا و شکستباریی و ڕێگاکانی چۆنیەتی مامەڵەکردنی ئەو دانیشتوانانەی لە ناوچە بەئامانجگیراوەکاندا نیشتەجێن.
د. شیکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئاوارەکان و ئەو دانیشتوانانەی کە بەهۆی ئاوارەکانەوە زیانیان بەرکەوتووە.
هـ. لێکۆڵینەوە لە توانای شار و شارۆچکەکان لە بەردەستبوونی خزمەتگوزارییەکان و سنوور و ئاستی ئەو خزمەتگوزارییانە تیاياندا.
و. پێدانی کۆمەڵێك داتا و زانیاری بەردەست و ئامادە بە حکومەتی هەرێم و ڕێکخراوە مرۆییەکان و ئەو ڕێکخراو و دەزگایانەی لە بواری پەرەپێدانی کۆمەڵگادا کاردەکەن.

پڕۆسەیەك بۆ ئاڵوگۆڕی هاوکاریی و هاوبەشپێکردنی تواناکان

لە داڕشتن و جێبەجێکردنی ئەم کرداری پڕۆفایلکارییەدا تا ئەو ئەندازەیەی ڕێی تێچووبێ، ڕێچکەیەکی هاوکاریی هاوبەش لە نێوان سەرجەم ئەندامە بەشدارەکانی لێژنەی ئاڕاستەکەر، کە بە ڕێگای جیاواز و لە قۆناغی جیاجیادا پشکداریيان کردووە، گیراوەتەبەر. هەروەها لەگەڵ هاوبەشە ناوەخۆیی و نیونەتەوەییەکان کۆمەڵێك چاڵاکیی تواناسازیی، وەك خولێکی ڕاهێنانی ٣ ڕۆژیی دەربارەی پڕۆفاییلکردن لە مانگی ئەیلولی 2015دا، بە بەشداریی ئەنجوومەنی پەنابەرانی هەولێر (ERC)، بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری هەولێر (ESD)، نووسینگەی ئامارەکانی هەرێمی کوردستان (KRSO)، ناوەندی

هاوبەشی هەماهەنگیی قەیرانەکان (JCC)، کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ئاوارەکان (UNHCR)، پڕۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نشینگە مرۆییەکان (UNHABITAT)، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO)، سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان (UNFPA)، پڕۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان (UNDP)، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ (IOM)، نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگیی کاروبارە مرۆییەکان (UNOCHA)، ڕێکخراوی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی (IRD)، دەزگای خێرخوازیی بارزانی (BFC)، قەندیل و ئەنجومەنی نەڕوێجی بۆ پەنابەران (NRC) سازکران.

زیاد لە م کارە ش، لێژنەیەکی کاری هونەریی دروستکرا (TWG) کە لە نوێنەرانی ئەنجوومەنی پەنابەرانی هەولێر،ERC بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری هەولێرESD، یەکەی بەڕێوەبردنی زانیارییەکان لە UNHCR و خزمەتگوزاریی هاوبەشی تایبەت بە پڕۆفایلکردنی ئاوارە ناوەخۆییەکان JIPS و سەرپەرشتی قۆناغە جیاوازەکانی ئەم کرداری پڕۆفایلکارییەی دەکرد، بەم شێوەیە: هەموو ئەندامەکان بەشداربوون لە دانانی پرسیارنامەی ڕووپێوییەکە بە هەڵبژاردنی بابەتگەلێك کە بە هاوکاریی لەگەڵ ئاژانس و ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان و لایەنە جێبەجێکارەکانی پارێزگای هەولێر ڕێککەوتنیان لەسەر کرابوو، تاوەکو ئەوە مسۆگەر بکەن کە داتا کۆکراوەکان خزمەتی هەردووڵا بکات لە دابینکردنی ئەو زانیارییانەی کە پێویستییان پێی بوو. بەم پێیە، بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری هەولێر سەرپەرشتیکردنی ڕووپێویی خێزانەکانی لە ئەستۆگرت؛ ئەنجوومەنی پەنابەرانی هەولێر و UNHCR گفتوگۆکانی گرووپە دیاریکراوەکان FGD یان ڕێکخست؛ هەروەها هەموو ئەندامەکان بەشداربوون لە شیکارکردن و لێکۆڵینەوەی داتاکاندا.

ئینجا ئەنجامە سەرەتاییەکان لەگەڵ UN و لایەنە پەیوەندیدارەکانی پارێزگای هەولێردا هاوبەشییان پێکرا و لە وۆرکشۆپێکی یەك ڕۆژیدا لە ڕاستیی و دروستییان کۆڵرایەوە. دوابەدوای ئەوە، لە ڕێگای کۆبوونەوە دووقۆڵییەکانەوە کە لەگەڵ ئەندامانی لێژنەی ئاڕاستەکەردا سازدەکران، پێشنیازەکان بۆ ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە خرانەڕوو. لە ئەنجامدا، ئەم هاوکارییەی نێوان ئەو ئاژانس و ڕێکخراوانە بووە هۆکارێکی گرنگ بۆ وەدەستهێنان و هاوبەشپێکردنی زانیارییەکان، وەك چۆن بووە هۆی ئاشنابوون بە کۆکردنەوەی داتا و زانیاریی تازە و مامەڵەکردن لەگەڵ ڕێگا شیکارییەکاندا.

٢. ڕێبازی توێژینەوە

1. دانیشتوانی بە ئامانجـــــگیراو و ناوچەی کار

ئەم ڕاهێنـانـــی پرۆفایـــلکردنە مەبەستیەتی شیکردنەوەیەکی چڕوپـــڕی ڕەوشـــی ئاوارەکان لە شار و شارۆچکەکانی پارێزگـای هەولێردا بکات، ئەمـــەش گرتنەبەری ڕێگایەکی لەسەر بنەمای ناوچەکان دامەزراوی لەخۆدەگرت کە لێکۆڵینەوە لە هەموو ئەو گرووپانەی دانیشتوان، بۆ نموونە (پەنابەرە سووریـــیەکان، ئاوارە ناوخۆییەکان و کۆمەڵگای خانەخوێ) بکات کە کاریگەریی ژیانـــــی ئاوارەییان لەم شوێنانەدا لەسەرە. ڕێبازێـــکی ئاوا نەک هەر تەنیا ڕێگا بە شیکارییەکی بەراوردکاریی دانیشتوانە ئاوارە ناوخۆیی و خانەخوێکان دەدات، بەڵکو ڕێگا بە بەراردکردنی دانیشتوانی شار و شارۆچکە جیاوازەکان دەدات، بەڵام بە زۆرترین گرنگیدان بە دانیشتوانە ئاوارەکان، کە چەقی بایەخپێدانی ئەم ڕاهێنانە بوون. بۆیە ڕاهێنانـــەکە، هەروەک لەم ســـێ توێژە جوگرافییەی خوارەوەدا پۆلێنکراون، ناوەندە شارستانیەکانی ئەم ناحیانەی خوارەوەی بەئامنجگرت:

- **سەنتەری قەزای هەولێر، کە لە شاری هەولێر (ناوەندی هەولێر) و عەنکاوە پێکدێت.**

- **ناوچەکانی دەوروبەری هەولێر، کە پێکدێن لە ئەو شار و شارۆچکانەی بە شێوەیەکی بازنەیی ڕاستەوخۆ دەوری ناوەندی قەزای هەولێر دەدەن و ڕاستەوخۆش پێیەوە لکاون: بەحرکە، بنەسڵاوە، (ناوەندی دەشـــتی هەولێر)، دارەتوو، کەسنەزان، سەنتەری خەبات (ناوەندی خەبات) و ڕزگاری.**

- **شارۆچکـــەکان، کە پێکدێن لە ناوەندە شارستانیەکانی ناو پارێزگای هەولێر: سەنتەری کۆیـــە (ناوەنـــدی کۆیە)، سەنتەری شەقڵاوە و سەنتەری سۆران (ناوەندی سۆران) بە هاوبەشیی لەگەڵ دیانا.**

2. ڕێگاکانی کۆکردنەوەی داتا و زانیاریی


پێداچوونەوە و چاوپێکەوتنی زانیاریبەخش

شیکردنەوەیەك بۆ ئەو زانیاریە ئابووریە کۆمەڵایەتییانەی ئێستا بوونیان هەیە، بە توێژینەوەکان و ڕووپێوییەکان و هەڵسەنگاندنەکانی پێداویستییەکان و گفتوگۆکانی گرووپە دیاریکراوەکانیشەوە کە پێشتر لە سەرانسەری هەرێمی کوردستانی عێراقدا ئەنجامدراون، خراوەتە ناو ئەم ڕاپۆرتەوە. ئەم شیکردنەوەیە لە ئەنجامی پێداچوونەوەی فراوان و هاوشان لەگەڵ چاوپێکەوتنی زانیاریبەخش لەگەڵ خاوەنپشکە پەیوەندیدارەکاندا هاتۆتە کایەوە و یەك لە پێویستیەکانیشی بریتی بوو لە یەکخستنی داتا و زانیاریە بەردەستەکان لەبارەی بەردەستبوون و توانای خزمەتگوزاریە گشتییەکان و ژێرخانیان لە هەرێمەکەدا.

ڕووپێویی خێزانەکان و ستراتیژی نموونە وەرگرتن

بۆ ڕووپێوییەکە، نموونەیەك لە ١٢٢٢ خێزان هەڵبژێردرا، کە بەپێی گرووپی دانیشتوان و جۆری شوێنە جوگرافییە شارنشینەکان توێژتوێژ کرابوون. نموونەی کۆتایی ١١٦٣ ڕووپێویی سەرکەوتووانە تەواوکراوی لەخۆ گرتبوو، کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری هەولێرەوە بەڕێوەبرا و بە بەکارهێنانی تابلێت داتا و زانیاریەکانیان لە مانگی ١٢ ی ساڵی ٢٠١٥ و مانگی ١ ی ساڵی ٢٠١٦دا کۆکرایەوە. پرسیارنامەی ڕووپێوکردنی خێزانەکان دەکرێ لە پاشکۆی ئەم ڕاپۆرتەدا بەدی بکرێت. نووسینگەی ئامارەکانی هەرێمی کوردستان قەبارەی نموونەکە و کێشی ئەو داتا و زانیارییانەی کە بەسەر ئەنجامەکاندا جێبەجێکرابوون، لێکدایەوە. قەبارەی نموونەکە کۆمەڵێك مۆڵەتدانی بەکارهێنا بۆ لێکدانەوەی ئەنجامە گرنگەکان لە ئاستی وچانێکی متمانەیی ٩٥%یی بۆ توێژە جوگرافییە جیاوازەکانی ئەو گرووپانەی دانیشتوانەکە کە هەڵسەنگاندنیان بۆ کرابوو. لەڕووی ئامارییەوە، ئەنجامەکان لە ئاستی ناحییەکاندا بەهۆی بچووکتربوونی قەبارەی نموونە وەرگیراوەکە (بەبێ ئەگەری لێك جیاکردنەوەی گرووپەکانی دانیشتوان لە هەر یەکێك لە ناحییەکاندا) تەنیا لە ئاستی وچانێکی متمانەیی ٩٠%یدا گرنگن. ئەو نموونەیەی کە لە هەر یەکێك لە ناحییە بە ئامانج گیراوەکاندا وەرگیرا لەگەڵ قەبارەی هەر یەك لە گرووپەکانی دانیشتوانی ئەو ناحیەیەدا هاوڕێژەبوو (شێوەی ١).

شێوەی 1. دابەشبوونی تێبینیکردنەکان لە ناوچەی کاردا بەپێ ی توێژە جوگرافییەکان



سەرچاوەی داتا و زانیارییەکان: سنووره کارگێرییەکان که لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری هەولێرەوە پێمان دراون UTM 38N ناوچەی (WGS 1984) پیشاندان: سیستەمی جیهانی بۆ پێوانی ڕووی زەوی

خشتەی 1. دابەشبوونی نموونەی وەرگیراو (چاوپێکەوتنە سەرکەوتووەکان) بەسەر شێوەی ناوچە جوگرافییەکان و گرووپی دانیشتووانداً

جۆرەکانی ناوچە شارنشینەکان	ئاوارە ناوەخۆییەکان	پەنابەرەکان	کۆمەڵگای خانەخوێ	کۆی گشتی
سەنتەری قەزای هەولێر	61	158	95	314
دەوروبەری قەزای هەولێر	217	140	174	531
شارۆچکەکان	125	72	121	318
کۆی گشتیی سەرەکی	403	370	390	1,163

هەڵسەنگاندن (چوارچێوە)ی بنچینەیی خێزانەکان بۆ هەر یەکێک لە گرووپەکانی دانیشتوان لە هەر یەکێك لە ناوچە بەئامانج گیراوەکاندا پشتی بە سەرچاوەی جیا جیا دەبەست. ئەو چوارچێوەیەی بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان بەکارهێنرا لەسەر بنەمای یەکەم قۆناغی تۆمارکردنی فراوانی ئاوارە ناوخۆییەکان کە لەلایەن نووسینگەی ئامارەکانی هەرێمی کوردستانەوە لە مانگی ٦ ی ساڵی ٢٠١٥دا ئەنجامدرابوو، دامەزرابوو - یەکەی بەنموونە وەرگرتنی سەرەتایی لە پرۆسەی تۆمارکردنی فراوانی ئاوارە ناوخۆییەکاندا "گەڕەکەکان" بوون. ئەو چوارچێوەی نموونە وەرگرتنەی کە بۆ پەنابەرەکان بەکارهێنرا لەسەر بنەمای داتابەیسی تۆمارکردنی UNHCR دامەزرابوو - کە ژمارەی مۆباییلی پەنابەرەکانی بەپێی ناوچەکان وەردەگرت - واتا نموونەیەکی سادەی هەڕەمەکیی بەپێی ناوچەکان ڕادەکێشرا. ئەو چوارچێوەی نموونە وەرگرتنەیش کە بۆ کۆمەڵگای خانەخوێ بەکارهێنرا لەسەر بنەمای پرۆسەی ئامادەکارییەکان بۆ سەرژمێریی ساڵی ٢٠٠٩، کە ئەنجام نەدرا و هەروەها لیستکردنێک کە لە بلۆکە بە نموونە وەرگیراوەکاندا ئەنجامدرا، دامەزرا بوو. یەکەی بە نموونە وەرگرتنی سەرەتایی ئەو چوارچێوەیەش بلۆکەکان بوون.

گفتوگۆکانی گرووپە دیاریکراوەکان

گفتوگۆکانی گرووپە دیاریکراوەکان مەبەستیان بوو زانیاریی قوواڵ و پەیوەندیدار بە بارودۆخەکان لەسەر هەندێک لەو بابەتانەی کە لەلایەن ڕووپێویی خێزانەکانەوە بەئامانج گیرابوون، دابینبکات. لەسەر بنەمای ئەو ئەنجامانەی کە لە ڕووپێوییەکەوە دەستکەوتن، بڕیاردرا کە زانیاریی زیاتر لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان کۆمەڵگاکان و بۆچوونەکانیان سەبارەت بە یەکتر پێویستە ئەویش لە پێناو تێگەییشتنێکی باشتر لە ئاستی ئەو پێکەوە گونجانە کۆمەڵایەتییەی لەنێوان یاخود لەناو ئەو کۆمەڵگایانەدا هەیە؛ هەروەها لە پێناو تێگەییشتنێکی باشتر لە پلانەکانی کەسانی ناو ئەو کۆمەڵگایانە بۆ کۆچکردن ئەویش بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لە ئەنجامەکانی ڕووپێوییەکە کە دەریدەخەن ژمارەیەکی زۆر کەم لە خێزانەکانی کۆمەڵگای ناوخۆیی و کۆمەڵگای ئاوارە ناوخۆییەکان پلانی کۆچکردنیان هەیە. گفتوگۆکانی گرووپە دیاریکراوەکان لەلایەن UNHCR و بە هاوکاریی لەگەڵ (ئەنجوومەنی پەنابەرانی هەولێر - ERC) دا لە مانگی ئازاری ساڵی ٢٠١٦ دا ئەنجامدران. ڕێنمایی پرسیارەکانی گفتوگۆکانی گرووپە دیاریکراوەکان دەکرێ لە پاشکۆی ئەم ڕاپۆرتەدا بەدی بکرێت.

بە گشتی ٨ گفتوگۆی گرووپە دیاریکراوەکان لە گەڵ کۆمەڵگای خانەخوێدا، کە هەریەکە لە پیاوان و ئافرەتان و پێکەییشتووان و لاوانیان بە جیا بەئامنجگرتبوو، لە دوو جۆرە گەڕەکی جیاواز لە سەنتەری قەزای هەولێردا ئەنجامدران: ئەو گەڕەکانەی کە ژمارەیەکی زۆر دانیشتوانی ئاوارە یان ئەوانەی کە ژمارەیەکی کەمیان تێدابوون. بۆ گفتوگۆکانی گرووپە دیاریکراوەکان بۆیە کۆمەڵگای خانەخوێ بەئامانج گیرابوو تاوەکو دووركەوینەوە لە زانیاریی دووبارە، چونکە کۆمەڵێك گفتوگۆی گرووپە دیاریکراوەکان لە ساڵێ ٢٠١٥ دا لەگەڵ دانیشتوانە ئاوارەکاندا سازکرابوون. ئەو کات کۆمەڵگا خانەخوێکان لە گفتوگۆکاندا بەشدار نەبووبوون.

سنووردارکردنەکان

دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە ڕێگای نموونە وەرگرتنەکە بۆ ئەوە پلانی بۆ دانەڕێژرابوو کە ژمارەی گشتیی هەرسێ دانیشتوانە بەئامانج گیراوەکە لە سەنتەری قەزای هەولێر و دەوروبەری قەزای هەولێر و شارۆچکەکاندا بخەملێنێ. لەبەر ئەوە، ناکرێ ئەنجامەکان بۆ پشتراستکردنەوە و سەلماندنی ئەو خەملاندنانەی دانیشتوان بەکاربهێندرێن بۆ دانیشتوانەکانی دەرەوەی کامپەکان یان بۆ دانیشتوانە ناوخۆییەکان.



دیمەنی شەقامێک، نزیک قەڵای هەولێر، سەنتەری شاری هەولێر، ئەو شوێنەی کە پەنابەرەکان و ئاوارە ناوەخۆییەکان و کۆمەڵگای خانەخوێ ڕۆژانە تیایدا بەیەک دەگەن. ئایاری 2016. وێنەگری سەربەخۆ. فوئاد هیندی

٣. ئاوارەکان کێن؟

تاوتوێ و پوختەی ئەنجامە سەرەکییەکان

لەماوەی ٥ ساڵی ڕابردوودا هەرێمی کوردستان شوێنی میواندارێکردنی شەپۆلی جیا جیای دانیشتوانە ئاوارەکان بووە، بە ژمارەیەکی زیاتری خێزانەکان کە بەتایبەت بەدوای پەنابەرێتیی لە پارێزگای هەولێردا دەگەڕان. یەکەم شەپۆل ڕاستەوخۆ دوای ساڵی ٢٠١٠بەهۆی لێشاوی پەنابەرە سووریییەکانەوە کە لە دەست شەڕ و ئاڵۆزییەکان هەڵاتبوون، ڕوویدا. شەپۆلی دووەم لە کۆتاییەکانی ٢٠١٣ دا دەستی پێکرد و بە بەرزبوونەوەی تێڕژانی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی کە لە دەستی ئەو گرژی و ئاڵۆزییە چەکدارییانەی ئەو کاتە لە عێراقدا تەقیبوونەوە بەدوای پەناگە و ئاساییشدا دەگەڕان، لە ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ دا گەیشتە لوتکە. ئێستا زۆربەی ئەوانەی ئاوارەی ناوخۆیین خەڵکی پارێزگای (ئەنبار)ن کە ڕێژەکەیان دەگاتە ٤٤% و پاشان پارێزگای (نەینەوا) دێت بە ڕێژەی ٣٧% و ئینجا (سەڵاحەددین) و (بەغداد) و پارێزگاکانی دیکە.

بە بەراورد بە ناوچە لادێییەکان، گەورەترین بەشی دانیشتوانە ئاوارەکان، بەهەردوو جۆری پەنابەرەکان و ئاوارە ناوخۆییەکانەوە، لە شار و شارۆچکەکانی پارێزگاکەدا دەژین. هەروەها، بەگوێرەی UNHCR، ٧٢% ی هەموو پەنابەرەکان لە دەرەوەی کامپەکاندان، لە کاتێکدا ٢٧% یان لەو ٤ کامپەی پارێزگای هەولێردا (کە بەشێکن لە سەرجەمی ئەو ٩ کامپەی کە لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا هەن) دەژین. بۆ ئاوارە ناوخۆییەکانیش، بەپێی IOM، ژمارەی ئەو کەسانەی پارێزگای هەولێرکە تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٥ لە دەرەوەی کامپەکان بوون لە ڕێژەی ٩٥% وەستابوو.

دانیشتوانە پەنابەرەکەی شار و شارۆچکەکان مەیلی کۆبوونەوە لە سەنتەری قەزای هەولێردا دەکەن. ئەگەری هەیە پەنابەرەکان دوای ئەوەی ماوەیەک لە ئاوارەیی لە شوێنی دیکەدا بەسەردەبەن ئینجا بێنە ئێرە، چونکە داتا و زانیارییەکانی ئێمە ئەوە دەردەخەن کە بەشێکی زۆری پەنابەرەکانی پارێزگای هەولێر، بەتایبەت ئەوانەی سەنتەری قەزای هەولێر، لە پێناو دەستخستنی هەلی ئابووریی باشتر هاندراون کە بێن بۆ ئێرە. ئەمە لە بەشەکانی دیکەدا بە وردەکاریی زیاترەوە پشتڕاست و دووپاتەکرێتەوە، بەڵام ئەو ڕاستییەی کە ئەم دانیشتوانە لەو تاکانە پێکهاتووە کە لە کۆتاییەکی گەنجی تەمەنی کارکردندان و زیاتر لە نیوەی =٥٤%) ی خێزانەکانیشیان لە یەك بۆ سێ ئەندام پێکهاتوون، پاڵپشتیی ئەم بیرۆکەیە دەکات. سەرۆکی خێزانە پەنابەرەکانی ئێرە لەوانەی ئاوارە ناوخۆییەکان و کۆمەڵگای خانەخوێ گەنجترن و ڕایشیدەگەیەنن کە لەگەڵ هەموو ئەندامانی خێزانەکانیاندا نەگەیشتونەتە ئێرە، چونکە ئەوان لە شوێنی دیکەدا ئاوارەن.

بۆ ئاوارە ناوخۆییەکانیش، کە دەرەنجامی ڕاستەوخۆی ناکۆکییەکانی عێراقن، هاندەری ڕاگواستنیان بەرەو پارێزگای هەولێر زیاتر نزیکی و تۆڕەکان بوون نەك هۆکارە ئابوورییەکان. دانیشتوانە ئاوارە ناوخۆییەکە بە ڕاددەیەکی زۆر لە خێزانی زۆر گەورە پێکدێن کە بەشی گەورەی ئەندامی پشت بەخۆنەبەستوویان هەیە، بەتایبەت لە منداڵان و گەنجان. زۆربەی خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکان هاتنە ناوچەکانی دەوروبەری قەزای هەولێر، وەك: بەحەرکە و دارەتوو، کە خانوو و شوێنی نیشتەجێبوونی وا کە لە توانای ماددیی ئەواندا بێت بە ئاسانترین شێوە دەست دەکەون. بوونی تۆڕەکانی کۆمەڵگا بەهەمان شێوە ڕۆڵی خۆیان لە هاتنی ئەو ئاوارانەدا بۆ پارێزگای هەولێر گێڕا: بۆ نموونە، زۆرێك لە ئاوارە ناوخۆییەکان چوون بۆ خەبات، کە لە سنووری نەینەواوە نزیکە، یاخود چوون بۆ شەقڵاوە، کە پێشوەخت ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی عەرەبی عێراقی تێدا نیشتەجێبوون.

1. مێژووی کۆچکردنی ئاوارەکان:

دابەشبوونی دانیشتوانە ئاوارەکانی شار و شارۆچکەکان

فی لە ماوەی ٥ ساڵی ڕابردوودا، کۆی گشتیی ٧٧٦٠٠ خێزانی ئاوارە، یان ٣٣٥٠٠٠ تاکە کەس، لە شار و شارۆچکەکانی پارێزگای هەولێردا بەدوای پەنابەرێتیدا گەڕاون (لەو ژمارەیە ٢٥٧٤٠٠ کەسیان ئاوارەی ناوخۆیی و ٧٧٦٠٠ کەسیشیان پەنابەری سووریی بوون)[2] . ئەم دانیشتوانە تازە ئاوارەبووانە بۆ کۆمەڵگایەکی خانەخوێی نزیکەی 1.35 ملیۆنی دانیشتوانیی زیادبوون[3] . ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەرەکان لە ئێستادا % ٢٥ی کۆی گشتیی دانیشتوانی شار و شارۆچکەکانی پارێزگای هەولێر پێکدەهێنن. لە شوێنە شارنشینەکانی وەك بەحەرکە، خەبات و شەقڵاوە، ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەرەکان پێکەوە نزیکەی نیوەی دانیشتوانەکە پێکدەهێنن، کە ئەمەش هێما بۆ بەرزبوونەوەیەکی بەرچاو و کتوپڕی ژمارەی دانیشتوان دەکات. دانیشتوانە ئاوارەکە بە نموونەی جیاواز لە سەرانسەری پارێزگاکەدا کۆبوونەتەوە (شێوەی ٢). ٣ لە ٤ ی پەنابەرە سوورییەکان لە سەنتەری قەزای هەولێردا نیشتەجێن، باقیی ئەوانی دیکەشیان زۆربەیان لە ناوچەکانی دەوروبەری قەزای هەولێر و کەمینەیەکیشیان لەشارۆچکەکاندا بڵاوبوونەتەوە. هەرچی سەبارەت بە ئاوارە ناوخۆییەکانیشە، ئەوا %٤٤یان لە دەوروبەری قەزای هەولێر (زۆرینەیان لە بەحەرکە و دارەتوو) و %٤٠یان لەناو سەنتەری قەزای هەولێر و باقیی %١٦کەی دیکەشیان لە شارۆچکەکاندا نیشتەجێن.


هاوشان لەگەڵ ئەو ئاوارە ناوخۆیی و پەنابەرانەدا کە لە شار و شارۆچکەکاندا میوانن، هەندێك لە خێزانە ئاوارەکان لە ناوچە لادێنشینەکانی پارێزگای هەولێردا گیرساونەتەوە (کە نزیکەی ٥٥٠٠ پەنابەر و ٧٦٨٠٠ ئاوارەی ناوخۆیین)، لەکاتێکداهەندێکی دیکەیان لە کامپەکاندا پەنایان گرتووە (کە ئەوانیش نزیکەی ٣١٢٠٠ پەنابەر و ١٧٩٠٠ ئاوارەی ناوخۆیین)[4] .

2 داتا و زانیارییەکانی سەبارەت بە پەنابەرە سووریەکان لەلایەن داتابەیسی تۆمارکردنی (UNHCR)ەوە و زانیارییەکانی سەبارەت بە ئاوارە ناوەخۆییەکانیش لەلایەن تۆماری سەراپاگیری دانیشتووانە ئاوارەکانی نووسینگەی ئامارەکانی هەرێمی کوردستانەوە ئاسانکاریان بۆ کراوە.

3 ئەو داتا و زانیارییانەی لەلایەن نووسینگەی ئامارەکانی هەرێمی کوردستانەوە ئاسانکاریان بۆ کراوە لەسەر بنەمای بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێک بە ناونیشانی "ڕاپۆرتێك سەبارەت بە خەملاندنەکانی دانیشتووانی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ماوەی نێوان 2009 – 2010" دامەزراون.

4 خەملاندنەکانی پەنابەرە سووریەکان لەسەر بەدەمەوچوونی (UNHCR) بۆ ئاوارەکانی ناوچەی سووریا و، ئەوانەشی کە دەربارەی ئاوارە ناوەخۆییەکان، لەسەر بنەمای "داڕێژەی بەدواداچوونی ئاوارەیی و دەربەدەری"ی (IOM)، دامەزراون.

شێوەی 2. دابەشبوونی دانیشتووان لە ناوچەی ئەنجامدانی ئەم کرداری پرۆفایلکردنە (شار و شارۆچکەکانی پارێزگای هەولێر) بەپێ ی توێژەکان



سەنتەر CENTRE
809,680 host persons
102,867 IDPs
57,283 refugees

دەوروبەر PERIPHERY
293,261 host persons
113,322 IDPs
17,042 refugees

شارۆچکەکان TOWNS
242,899 host persons
41,235 IDPs
3,312 refugees

کۆی گشتی TOTAL
1,345,840 host persons
257,424 IDPs
77,637 refugees

لە ماوەی ٥ ساڵی ڕابردوودا، کۆی ٣٣٥٠٠٠ تاکە کەس، لە ناوچە شارنشینەکانی پارێزگای هەولێردا بەدوای پەنابەرێتیدا گەڕاون.
ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەرەکان لە ئێستادا ٢٥% ی کۆی گشتیی دانیشتووانی ناوچە شارنشینەکانی پارێزگای هەولێر پێکدەهێنن

کۆبوونەوەی ئاوارە ناوخۆییەکان بەپێی پارێزگا ڕەسەنەکانیان

لە حاڵی ئاوارەییاندا، خیزانە ئاوارەکان مەیلی ئەوە دەکەن بە پێی شوێنە ڕەسەنەکانیان کۆببنەوە، ئەمەش عادەتەن بۆ ئەوەیە کە لە خزمەکانیانەوە نزیك بن، یاخود بۆ ئەوەی تا ئەوپەڕی لە ناوچە ڕەسەنەکانی خۆیانەوە نزیك بمێننەوە. ئەو پارێزگایانەی کە ئاوارەکانی ناوخۆییەکانی ناو هەولێریان لێوە ئاوارە بوون بەشێوەیەکی سەرەکیی ئەمانەن: ئەنبار (٤٤%)، نەینەوا (٣٧%) و سەلاحەددین (١٣%).


زۆرینەی هەرە زۆری ئاوارە ناوخۆییەکانی سەنتەری قەزای هەولێر خەڵکی ئەنبارن و پاشان خیزانەکانی سەلاحەددین دێن، لەکاتێکدا گەڕەکی عەنکاوە بەشێوەیەکی سەرەکیی زیاتر پێشوازیی لە ئاوارە ناوخۆییەکانی سەر بە کۆمەڵگا مەسیحییەکانی پارێزگای نەینەوا کردووە. ناحییەکانی دەوروبەری هەولێر، وەك خەبات و بەحەرکە، بەهۆی نزیکییانەوە لەو پارێزگایەوە، تەنیا پێشوازییان لە ئاوارە ناوخۆییەکانی پاریزگای نەینەوا کردووە. ناحییەکانی دیکەی دەوروبەری هەولێریش، وەك کەسنەزان، دارەتوو و بنەسڵاوە، تێکەڵەیەك لە ئاوارەی ناوخۆییان لە پارێزگاکانی ئەنبار و نەینەوا و سەلاحەددینەوە تێدایە. لە کۆتاییدا، ٩ لە ١٠ ی خێزانەکانی شەقڵاوە، هەریر و سۆران، خەڵکی ئەنبارن، لەکاتێکدا لە کۆیە دانیشتوانێکی زیاتر هەمەچەشن بەدی دەکرێت.

هەروەها، شیکارییەك کە بەپێی باکگراوندی نەتەوەیی ئەنجامدراوە، هەمەچەشنیەکی گەورە لەنێوان ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی کە لە نەینەواوە ئاوارە بوون، دەردەخات، بەوەی کە ٥٦% ی کەسەکان وەك کورد و ٢٢%یان مەسیحی (بە کلدانی و سریانیەکان) یشەوە و ١٦%یان عەرەب و ٦% یشیان وەك کەمە نەتەوەکانی دیکە خۆیان ناساندووە. ئەو ئاوارە ناوخۆییانەش کە لە پارێزگاکانی دیکەوە هاتوون زۆربەیان عەرەبن.

کاتی ئاوارەبوون

زۆرینەی پەنابەرە سوورییەکان (ڕێژەی ٧٠%) یان کە لە ئێستادا لە پارێزگای هەولێردا نیشتەجێن لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠١٠ بۆ ٢٠١٣ دا ئاوارەبوون، لەکاتێکدا ٢٠% یان لە ٢٠١٤ و ١٠% یشیان لە ٢٠١٥دا ئاوارەبوون. هەرچی سەبارەت بە ئاوارە ناوخۆییەکانیشە، ٧% یان لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ئەم ناکۆکیی و شەڕەی کە ئێستا لە عێراقدا لە ئارادایە لە کۆتاییەکانی ٢٠١٣ دا و کاتێک ئاستی ئەو ناکۆکییانە هەڵکشا، ئاوارەبوون (زۆربەشیان هی ئەنبارن)، لەکاتێکدا زۆرینەی خێزانەکان لە ساڵی ٢٠١٤ دا ئاوارەبوون (کە ڕێژەکەیان دەگاتە ٧٢%، لەو ڕێژەیەش نیوەیان خەڵکی نەینەوان و باقییەکەی دیکەشیان خەڵکی ئەنبار و سەلاحەددینن).

شێوەی 3. دابەشبوونی گرووپەکانی دانیشتووان بەپێ ی تەمەن (%)



2. پێکهاتەی خێزان

تەمەن و ڕەگەز

لەکاتێکدا لە ڕووی ڕەگەزەوە جیاوازیی بەرچاو لە نێوان گرووپەکانی دانیشتواندا (بە هەردوو جۆری خانەخوێ و ئاوارە) وە نیە (هەردووکیان ٥١% یان پیاو و ٤٩% یان ئافرەتن)، لە ڕووی دابەشبوونی تەمەنەوە جیاوازیی دیاریان لە نێواندا هەیە (شێوەی ٣). بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگای خانەخوێدا، دانیشتوانە ئاوارە ناوخۆییەکە تا ئاستێکی بەرچاو گەنجترن، بەوەی کە نیوەیان لە خوار تەمەنی ١٩ ساڵین. هەرچی سەبارەت بە دانیشتوانە پەنابەرەکەیشە، ڕێژەی ٤٠% یان لە تەمەنەکانی نێوان ٢٠ بۆ ٣٩ ساڵیدان، بە ئامادەیی کەمینەیەکی زۆر کەمی تاکەکان تیایاندا کە لەو تەمەنانە گەورەترن. کەواتە زۆرینەی پەنابەرەکان دانیشتوانێک پێکدەهێنن کە گەنجن و لە هەرەتی تەمەنی کارکردنیاندان[5] .

ئەم پۆلێنکردنەی دانیشتووانە پەنابەرەکە بەتایبەت وەك دانیشتوانێکی گەنج بە سەیرکردنێکی تێکڕای تەمەنی سەرۆک خێزانەکان زیاتر بەهێز دەبێت. بە بەراورد لەگەڵ تێکڕای تەمەنی ٤٥ ساڵیی بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان و تێکڕای تەمەنی ٤٦ ساڵیی بۆ کۆمەڵگای خانەخوێ، پەنابەرەکان بە تێکڕای تەمەنی ٣٤ ساڵیی، گەنجترین سەرۆک خێزانەکانیان هەن.

قەبارەی خێزانەکان بەپێی دۆخی ئاوارەییەکەیان

خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکان لە ڕووی قەبارەوە بە تێکڕای ٦ ئەندام بۆ هەر خێزانێك، گەورەترینن. کۆمەڵگای خانەخوێ (بە تێکڕای ٥ ئەندام بۆ هەر خیزانێك) خێزانی قەبارە بچووکتری هەیە. بەڵام، قەبارەی خێزانەکانی پەنابەرەکان بەپێی شوێنە جوگرافییەکان دەگۆڕێ (شێوەی ٤). خیزانە پەنابەرەکانی سەنتەری قەزای هەولێر بە تێکڕایی لە ٦.٣ ئەندام پێکهاتوون. ئەمەش لەگەڵ تێکڕای ٥ ئەندام بۆ هەر خێزانێک لەو خێزانانەی کە لە ناوچەکانی دەوروبەری هەولێر و شارۆچکەکاندا دەژین، پێچەوانە دێتەوە.

5 داتا و زانیاریی وردتر لە بڕگەی (A)ی پاشکۆی داتاکەدا خراوەتەڕوو

شێوەی 4. تێکڕای قەبارەی خێزان بەپێ ی توێژ و گرووپی دانیشتووان

توێژی جوگرافی	پەنابەر		ناوەڕی ناوەخۆیی		خانەخوێ
سەنتەری قەزای هەولێر		3.6		5.7	4.7
دەوروبەری قەزای هەولێر		5.0		6.2	5.1
شارۆچکەکان		5.2		5.8	5.0

به بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگای خانەخوێدا، دانیشتووانە ئاوارە ناوخۆییەکە تا ئاستێکی بەرچاو گەنجترن، بەوەی کە نیوەیان لە خوار تەمەنی ١٩ ساڵیدان. زۆرینەی پەنابەرەکان دانیشتوانێک پێکدەهێنن کە گەنجن و لە هەرەتی تەمەنی کارکردنیاندان.

ژمارەیەکی گەورەی خێزانە پەنابەرەکانی سەنتەری قەزای هەولێر لە کەسانی سەڵت (جا یان یەك کەس یان چەند کەسێکی کەم) یاخود لە تەنیا دوو کەس پێکدێن: ڕێژەی ١٩%ی خێزانە پەنابەرەکان تەنیا یەك کەس و ١٧% یان دوو کەس و ١٨% شیان تەنیا سێ کەس لەخۆ دەگرن. ئەم حاڵەتەش نە لە هیچ ناوچەیەکی دیکە و نە لەنێو هیچ یەك لە گرووپەکانی دیکەی دانیشتواندا بەدی ناکرێت.

قەبارەی بچووك و تەمەنی گەنجی خێزانە پەنابەرەکانی سەنتەری قەزای هەولێر دەرخەری ئەوەیە کە کۆچکردن بەرەو هەولێر پاڵنەری ئابووریی لە پشتەوە بووە. دوای چەندان ساڵ ژیان لەناو ئاوارەییدا، وا پێدەچێ کە ژمارەیەکی بەرچاو لە تاکەکان و هاوسەرە گەنجەکان بە ئامانجی گەڕان بەدوای هەلی فراوانتری ئابووریدا ڕوویان لەو شارە کردبێت. ئەم دەرەنجامە بە هەمان شێوە بەو ڕاستییەش زیاتر پشتڕاست دەکرێتەوە کە نزیکەی ڕێژەی ٥٠% ی خێزانە پەنابەرەکانی سەنتەری قەزای هەولێر گوتبوویان کە ئەوان کاتێك کە هاتنە ئەو شوێنەی ئێستا تیایدا نیشتەجێن هەموو ئەندامانی خیزانەکانیان لەگەڵدا نەبوو، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەندامەکانی دیکەی ئەو خێزانانە لە شوێنی دیکەدا دەمێننەوە. ئەم حاڵەتە بۆ خێزانە پەنابەرەکانی ناوچەکانی دەوروبەری هەولێر و شارۆچکەکان تەنیا ١٠% و بۆ خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکانی هەموو ناوچەکانیش تەنیا ٣% یە.

٤. ناوچە شارستانییەکان و پێکەوە گونجان

تاوتوێ و پوختەی ئەنجامە سەرەکییەکان

کما هەروەك لەبەندی پێشودا تێبینی کرا، تێرژان و هاتنی دانیشتوانە ئاوارەکان بۆ ناو پارێزگای هەولێر بووە هۆی زیادبوونێکی خێرا و بەرچاوی ژمارەی دانیشتوان لەزۆربەی ناوچەکان، لەهەندێ حاڵەتدا ژمارەی دانیشتوان نزیکەی بۆ دوو ئەوەندە زیادی کردووە هەروەك لە بەحرکە، خەبات یان شەقڵاوە ڕوویداوە. بەشێوەیەکی گشتی ئەو ناوچانە بەرزترین ژمارەی خەڵکی تازەهاتوویان بەخۆوە بینیوە و بۆیە گەورەترین گۆڕانکاریی جموجۆڵی کۆمەڵایەتی و شارستانی لە دەوروبەری شاری هەولێر و چەند شارۆچکەیەك ڕوویداوە.هەرچەندە ئەم ڕووداوانە پەرگیرنین بەڵام بوونەتە هۆی گۆڕانکاریەکی بەرفراوان و بەردەوامی دیمەن و سیمای شارستانیی پارێزگای هەولێر.

دەکرێ بەتێڕوانین و وردبوونەوە لە داتا و زانیارییەکانی ئێمە تیشك بخرێتە سەر ئەوەی کە زیاتر لەنیوەی ئەو کۆمەڵگا خانەخوێیەی کە لەناوچە شارنشینەکان دەژین لە ماوەی 6 ساڵی ڕابردوودا ڕوویان کردۆتە ئەو شوێنەی ئێستایان. دەرکەوتە و دەرەنجامی ئەمەش ئەوەیە کە شیرازەی کۆمەڵایەتی لەم ناوچانە لەگۆڕانێکی زۆر دایە لەگەڵ هەبوونی پەرەسەندنێکی بەردەوامی نەك هەرتەنها دەوروبەرە سروشتییەکەی ئەم ناوچانە بەڵکو هی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکەش. ئەمەش ئەو شوێنەیە کە ئەم دانیشتوانە ئاوارانە هاتوونەتە نێوی و ئەم هاتن و تێرژانەشیان نابێتە کۆسپ لەبەردەم پەیوەندییە تۆکمە و ڕەگ داکوتاوەکەی گەڕەك بەڵکو دەبێتە هۆی فەراهەمبوونی ژینگەیەکی شارستانی زۆر لەبار و پڕ لە نەرمی نواندن.

تێگەیشتن بۆ ئەمە گرنگە لەکاتی بەهەند وەرگرتنی ئەو ڕاستییەی کەوا زۆری ڕێژەی ئاوارە ناوخۆییەکان و بە ڕێژەیەکی کەمتریش پەنابەرەکان هاتوونەتە نێو ئەو ناوچانەی کە بەم دواییانە لەپارێزگای هەولێر بنیاتراون. ئەم ناوچانە دوو خاسیەتی سەرەکی پێشکەش دەکەن، بە پشت بەستن بە داتا و زانیارییەکانمان، دانیشتوانە ئاوارەکان جگە لە پەناگەیەکی سەلامەت، بۆ کرێیەکی نرخ گونجاو و شوێنێکی بەتاڵ دەگەڕێن. کۆمەڵگا خانەخوێکان بەشێوەیەکی بەرچاو ئەم هۆکارانەیان لەبەرچاوگرتووە لەکاتی چوونیان بۆ ناوچە تازەکان بەتایبەتی دوای ساڵی 2014، ئەو کاتەی کە قەیرانی ئابووریی کوردستان زۆر بەقووڵی هەستی پێ دەکرا. ئەوەی کە بایەخی کەمترە بەڵام هێشتا گرنگە بەتایبەت بۆ ئاوارەکان، بریتیە لە مەیل و ویستی گواستنەوەیان بۆ ئەو ناوچانەی کە دەرفەتی دامەزراندنی باشتریان هەیە.
هەموو ئەوانەی کە باسکران پاڵپەستۆیەکی بەهێزیان لەسەر دەوروبەر و ژینگەی بنیاتنراو بەتایبەتی لە دەوروبەری شاری هەولێر دروست کردووە چونکە شوێنی نیشتەجێبوونی بەردەست لەئاست ئەو زیادبوونە خێرایەی دانیشتوان نەبوو، و هەروەها خانوو و زەوی و زاری تازە بەخێرایی گەشەیان پێنەدرا بەهۆی نەبوونی دارایی تەواو لە وەبەرهێنانیاندا. لە ئەنجامدا قەرەباڵغییەکی زۆر باڵی بەسەر یەکە بەردەستەکانی نیشتەجێبووندا کێشا و ئەمەش بابەتێکی جدییە بۆ تاوتوێکردن چونکە جۆرێتی هەلومەرجەکانی ژیان لەم چوارچێوەیەدا بەشێوەیەکی بەرچاو ڕوو لە پووکانەوەیە، و هۆیەکانی لاوازی و شکستباریی ڕوو لەدەرکەوتنە.

بارگرانی لەسەر خزمەتگوزاریی گشتی یەکێکی تر لە کێشە سەرەکییەکان، لەبەرئەوەی ئەو ناوچانەی کە دانیشتوانە ئاوارەکان تێیدا نیشتەجێبوون هەرزانتربوون لەشوێنی یەکەم چونکە ڕێژەیەکی کەمتر لەهۆیەکانی حەوانەوە و خۆشگوزەرانییان هەبوو. بەهۆی ئەو بەرەوپێشچوونە شارستانییە خێرایەی گەڕەکەکان، حکومەت لەتوانای دانەبووە ژمارەیەکی پێویست لە قوتابخانە و نەخۆشخانە و خزمەتگوزارییەکانی دیکەی شارەوانی بۆ ئەو ناوچانە دابین بکات کە ئەمەش جۆرێتی هەلومەرجی ژیان و گوزەرانکردنی زیاتر بەرەو پووکانەوە بردووە.

ئەم بەرەو خراپ چوون و دانە دواوەیە وای لەهەندێك لەخێزانەکانی نێو هەموو گرووپەکانی ئەم دانیشتوانانە کردووە کە پلان دابنێن بۆ ئەوەی دووبارە شوێنەکەیان بگۆڕن بۆ شوێنێکی باشتری نیشتەجێبوون بەنرخێکی کەمتر، ئەمەش لەکاتێك دایە کە لاوازی و شکستباریی ڕووی لە زیادبوونە،

شایەنی وتنە گەڕان بەدوای شوێنێکی نیشتەجێبوون بە تێچونێکی هەرزانتر هۆکاری سەرەکی ڕاگواستنی زیاترە هەرچەندە ئەگەر ئەم ڕاگواستنە دەرکردنیش بێت.

ڕێژەی دەرکردن لەمیانەی 12 مانگی پێش ڕووپێوییەکەی ئێمە بەم شێوەیەیە: ڕێژەی دەرکردن بۆ خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکان 12%، بۆ پەنابەرەکان 8% و بۆ کۆمەڵگای خانەخوێ 3% بووە- زۆرینەیان بەهۆی نەبوونی توانایان بۆ دانی کرێ کە لەئەنجامدا ئەم نەتوانینە بووەتەهۆی ئەوەی بەشێکی زۆری ئەو خێزانانە بۆ ناوچەی هەرزانتر و خراپتر لەڕووی خزمەتگوزارییەوە بڕۆن.

لە کاتێکدا کە پێشبڕکێ بۆ شوێنە چۆڵەکانی شار و سەرچاوەکانی نێویان ڕوو لەزیاد بوونە، ئەو بێ متمانەیی و گرژییانەی کە پێشتر هەبوون لەنێوان کۆمەڵگای خانەخوێ و خەڵکی ئاوارە، بەتایبەتی خەڵکە ئاوارە ناوخۆییە عەرەبەکان، هێشتا ڕوو لە زیادبوونە. خۆشبەختانە، لەکاتی ئێستادا نە هیچ دژایەتییەکی ئاشکرا لەلایەن کۆمەڵگەی خانەخوێ بۆ وەرگرتنی دانیشتوانە ئاوارەکان بوونی هەیە نە هیچ کەسیش لەنێو ئەم گرووپانەدا گوتوویەتی کە هەستی بە ناسەڵامەتیی ئەمنیی لەژیانی ڕۆژانەیدا کردبێ. نەبوونی تێکەڵاوی لەنێوان ئەم گرووپانە و تێنەگەیشتن لەپێداویستیەکانی یەکتر و ئەو تەنگ و چەڵەمانەی کە هەر یەکە لەو گرووپانە هەیانە وایکردووە کۆمەڵگا خانەخوێکان و کۆمەڵگا ئاوارەکان بەجۆرێك بەرامبەر بەیەکتر بووەستنەوە کە ئێمە وا هەست بکەین هیچ یەکێك لەمانە وا هەست ناکەن کە بەیەکسانی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ و هەمان مافیان لە پێکەوەژیانی ڕۆژانەیاندا پێ بدرێ.

ئەو جموجۆڵە نەرێنیانە زۆر بەڕوونی کار دەکەنە سەر بیرکردنەوەی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایانە و وایان لێ دەکەن کە دەستبەرداری ئەو شوێنانە بن کاتێك کە داوایان لێدەکرێ ئەو کێشانە چارەسەر بکەن کە ڕووبەڕوی گەڕەکەکانیان دەبێتەوە. بۆ نموونە لەنێو هەموو ئەندامانی کۆمەڵگای خانەخوێدا بەشداربووانی گفتوگۆکانی گرووپە دیاریکراوەکان ڕازیبوون لەسەر ئەوەی کە جیاکردنەوەی کۆمەڵگا ئاوارەکان بەتایبەت عەرەبەکان بۆ چەند شوێنێکی جیا لەدەرەوەی ناوچە شارنشینەکان باشترین دەرەنجامی ویستراوە بۆ نەهێشتنی بارگرانی پەیوەندیدار بە تێچوونی ئابووری و مرۆیی. دەروازەکانی دیکە، ئەوانەی کە پشتیان بە مافەکان بەستووە، کە هەماهەنگی و وتووێژی نێوان کۆمەڵگاکانیش لەخۆدەگرێت، پێویستە بەشێوەیەك دیزاین بکرێن کە ئامانج تیایاندا بەرەنگاربوونەوەی ئەو دژواریی و دوژمندارییە بێت.

1. دراوسێ کۆن و تازەکان: نیشتەجێبوون لەناو شار و شارۆچکەکاندا

ئەو کۆمەڵگا خانەخوێیەی کە تازە هاتووەتە ناوچە شارنشینەکان

لەماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا، ناوچە شارنشینەکانی پارێزگای هەولێر گۆڕانکاری و نوێخوازییەکی ئێجگار گەورەیان بەخۆوە بینیوە، هەر لە فراوانبوونی شار و شارۆچکەکانەوە تا دەگاتە دروستکردنی ناوچەی تازە و گەیشتنی خێزانی تازە. فراوانبوونی خێرای دانیشتوان و گەشانەوەی ئابووری کوردستان یارمەتیدەری ئەو گۆڕانکارییانە بوون. هەندێك ناوچە لەناو چەق و دەوروبەری هەولێر بەتەواوەتی تازەن و لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا خەریکی گەشەکردنن. دەسەڵات وەبەرهێنانی گرنگی ئەنجام داوە بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییە گشتیەکانی وەك پەروەردە و تەندروستی و کارەبا لەو ناوچانە زیادبکات هەرچەندە نەتوانراوە هەمیشە توانای خزمەتگوزارییەکان لەئاست خواستی زیادبوودا بن بەتایبەتی لە ناوچەرگەی قەیرانی ئابووری و ئاوارەبوونی کوردستان. بەشداربووانی گرووپی دیاریکراوی کۆمەڵگای خانەخوێ تێبینی ئەمز گۆڕانکارییانەیان لەنێو ناوچە تازەکانی نیشتەجێبوونیشدا کردووە.


” جیاوازییەکی زۆر ڕوون لەنێوان پێش قەیرانەکە و دوای قەیرانەکە هەبووە. پێشتر گەشەکردن هەبوو ئێمە بەرەوپێشچوونمان لە بارزگانی گەڕەکەکانی خۆمانەوە ئەبینی کە بەڕاستی لەبەرەوپێشچووندا بوو.“ خاوەن دوکان، گەڕەکی سەروەران کۆمەڵگای خانەخوێ.

”سوپاسگوزارین بۆ بەرەوپێشچوونەکانی ئەم دواییە، ئێستا ئێمە ڕێگا و قوتابخانەمان هەیە، هەرچەندە سەنتەری کولتووریمان نیە.“ ئافرەتێك، گەڕەکی سەروەران، کۆمەڵگای خانەخوێ.

”پێشتر گەڕەکەکەمان وا قەرەباڵغ نەبوو. بە بیرم دێ کاتێك کە خێزانەکەمان هات بۆ ئێرە کۆمەڵێك خانووی بەتاڵ لێرە هەبوون، ئێمە هەموو کەسێکی نێو گەڕەکەکەمان دەناسی. بەڵام ئێستا خەڵکەکە ناناسین کە ئەمەش هەستێکی باش نیە. ” قوتابیەك لەڕەگەزی مێ، گەڕەکی سەروەران، کۆمەڵگای خانەخوێ.

”پێشتر لەو گەڕەکەدا زەوی زۆر گرانبوو بەڵام ئێستا هەرزانتر بووە. چەندین خانوو دروست دەکران بەڵام ئەو پڕۆسەیە ئێستا زۆر خاو بۆتەوە. ” قوتابیەك لە ڕەگەزی نێر، گەڕەکی سەربەستی، گۆمەڵگای خانەخوێ.

شێوەی 5. ساڵی هاتنی خێزانەکانی کۆمەڵگای خانەخوێی ناو ئەم ڕووپێوییە بۆ ئەم گەڕەکەی ئێستا بەپێ ی تۆڕ



تێبینی: قەبارەی خاڵەکانی ناو شێوەکە ژمارەی ئەو خێزانانەی کە ڕووپێوییان بۆ کراوە و لەو ساڵەدا لەم گەڕەکەی ئێستایاندا نیشتەجێبوون، نیشان دەدات: ڕێژە سەدییەکانی ناو ناوچە شین ە کە هاوڕێژەی ئەو خێزانانەن کە لە ماوەی نێوان 2010 بۆ 2015 نیشتەجێبوون.

نزیکەی دوو لەسەر سێ ی خێزانە ئاوارە ناوەخۆییەکان و نیوەی خێزانە پەنابەرە سووریيەکان چوون بۆ ئەو ناوچانەی کە تازە بنیاتنراون، کە شوێنی نیشتەجێبوونی زیاتریان تێدا بەردەستبوو.

"تەمەنی" ئەم شوێنانە وەك ناوچەی نیشتەجێبوون بڕیار لەسەر شێوەی ئەو تۆرە کۆمەڵایەتیانە دەدات کە لەنێوانیاندا هەیە. لەم حاڵەتەدا وادەردەکەوێت کە جموجۆڵێك (دایناميکێك)ی جیرتر بۆ گۆڕان شێوەی بە دامەزراندنی ئێستایان داوە. بۆ نموونە نزیکەی 40% کۆمەڵگای خانەخوێی ناوچە شارنشینەکان لە نێو گەڕەکە تازە بنیاتنراوەکاندا دەژین کە ناوچەکانی نیشتەجێبوونی ئاوەدانکردنەوەی ئەم دواییانەن (لەنێوان 2009 بۆ 2013). زۆربەی گەڕەکە تازەکان لەنێو چەقی شاری هەولێرن یانیش لەناوچەکانی دەوروبەری وەك بەحرکە و کەسنەزانن، سەبارەت بە شارۆچکەکان، ئەوان کەمترین فراوانبوون یان نوێکارییان بەخۆیانەوە بینیوە. پەیوەندیدار بە زۆربەی شوێن و گەڕەکە تازەکان ڕاستیەك هەیە کە زۆربەی خێزانەکانی کۆمەڵگای خانەخوێی ئەو ناوچانە بەشێوەیەکی ڕێژەیی تازەن بۆ گەڕەکەکانی ئێستایان (شێوەی 5). لەناو نموونە وەرگیراو (سامپڵ)ەکەی ئێمەدا زیاتر لە نیوەی خێزانەکانی چەقی هەولێر لە ماوەی ٥ ساڵی ڕابردوودا لەم شوێنانەی ئێستایان نیشتەجێبوون لەکاتێکدا تەنها کەمینەیەك لەپێش ساڵی 2000 لەو ناوچانەدا نیشتەجێبوون.

هاتنی خێزانە سووری و ئاوارە ناوخۆییەکان

هەرچەندە پەنابەرە سووریەکان زیاتر لە 4 ساڵە و زۆربەی ئاوارە نێوخۆییەکانیش بەڵایەنی کەم 2 ساڵە ئاوارەبوون، بەڵام گەیشتنیان بۆ ئەم شوێنانەی ئێستایان لە ناوچە شارنشینەکانی پارێزگای هەولێر زۆر تازەیە. لە 53% ی پەنابەرە سووریيەکان و 52% ئاوارە نێوخۆییەکان لە ساڵی 2015 هاتوونەتە ئەو شوێنانەی ئێستایان، ئەگینا لەوکاتەوەی کە دەربەدەرکراون تا ساڵی 2015 لەشوێنی تر نیشتەجێبوون. پێویستە ئەوە تێبینی بکرێ کە هەرچەندە ئەو پەنابەرانەی ئێستا لەنێو شارۆچکەکان دەژین گوتوویانە کە بۆ ماوەیەکی زیاتر لەشوێنەکانی خۆیان ماونەتەوە.

نزیکەی دوو لەسەر سێی خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکان و نیوەی خێزانە سووریيەکان بۆ گەڕەکە تازە پەرەپێدراوەکان هاتوون لە ناوچە تازە بنیاتنراوەکان. ئەو ئامادەییە گەورەیەی دانیشتوانە ئاوارەکان لێرەدا دەکرێ بە هەبوونی ڕێژەیەکی گەورەتری یەکەی نیشتەجێبوون پەیوەست بکرێ، هەروەها دەکرێ بەوەوە پەیوەست بکرێ کە نیشتەجێبوون لەو شوێنانە ئاسانتر بەبەراورد لەگەڵ ئەو گەڕەکانەی کە لە ناوچە تازەکان دامەزراوتر و شیرازەی کۆمەڵایەتییان گۆڕاوترە (خشتەی ٢).

نزیکیی لە خزمەکان و هەبوونی توانایەکی ماددیی باشتر ناوبراوترین هۆکارەکانی هەڵبژاردنی گەڕەکێکن بەسەر یەکێکی دیکە لەڵایەن هەموو گرووپەکانەوە.

خشتەی ٢. هاوڕێژەی ئەو دانیشتووانە شارنشینانەی کە لە ناوچە کۆن یان تازە بنیاتنراوەکاندا دەژین

	جۆرەکانی ناوچە شارنشینەکان	لە ناوچەی تازە بنیاتنراودا دەژین	لەو ناوجانە دەژین کە کۆنن	کۆی گشتی
کۆمەڵگای خانەخوێ	سەنتەری قەزای هەولێر	46%	54%	100%
	دەوروبەری قەزای هەولێر	21%	79%	100%
	شارۆچکەکان	19%	81%	100%
ئاوارە ناوەخۆییەکان	سەنتەری قەزای هەولێر	67%	33%	100%
	دەوروبەری قەزای هەولێر	70%	30%	100%
	شارۆچکەکان	12%	88%	100%
پەنابەرەکان	سەنتەری قەزای هەولێر	50%	50%	100%
	دەوروبەری قەزای هەولێر	55%	45%	100%
	شارۆچکەکان	3%	97%	100%

هۆکارە ڕاکێشەرەکان بۆ چوون بەرەو ناوچە شارنشینەکان

بەهۆی ئەوەی زۆرینەی خێزانەکان، بەبێ لەبەرچاوگرتنی گرووپی دانیشتوان، تازەن بۆ ئەو گەڕەکانەی کە لەئێستادا تێیدا دەژین جێیی خۆیەتی لەو هۆکارانە تێبگەین کە پاڵی بەو خێزانانەوە ناوە بۆ ئەوەی ڕووبکەنە ئەو شوێنانە، ئەم تێگەیشتنەش بەوە دێتە دی کە لەم ڕووەوە لە خاڵە هاوبەشەکان و جیاوازەکانی نێوان گرووپەکان بکۆڵینەوە[6].

نزیکیی لە خزمەکان و هەبوونی توانایەکی ماددی باشتر ناوبراوترین هۆکارەکانی هەڵبژاردنی گەڕەکێکن بەسەر یەکێکی دیکە لەڵایەن هەموو گرووپەکانەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، کۆمەڵگای خانەخوێ لە هەڵبژاردنی گەڕەکدا وەک سەرەکیترین هۆکار حەز دەکا پێشینەیی (ئەولەوییەت) بە نزیکی لەخزمەکان بدات، بەڵام بۆ پەنابەر و ئاوارەکانی ناوخۆ سەرەکیترین هەڵبژاردە بریتیە لە گەڕەکێك کە تێچوونی ژیانی تێدا هەرزان و گونجاو بێت – بە تایبەتی بۆ ئەوانەی کە لەنێو شارۆچکەکان و دەوروبەری هەولێر دەژین، بەو مەرجەی ئەو ناوچانە لەڕووی کرێوە هەرزانترن لەگەڵ ئەوەشدا باشن لەڕووی خزمەتگوزارییەوە. بەشێوەیەکی سەرەکی، خێزانە پەنابەرەکان وەک هۆکارێکی پەیوەندیدار بە هەڵبژاردنی ناوچەی نیشتەجێبوونیان جەخت لەسەر هەڵی دامەزراندن دەکەنەوە بەتایبەتی لە سەنتەری قەزای هەولێر.

6 داتا و زانیاریی وردتر لە بارەی هۆکارە کێشکەرەکانەوە لە بڕگەی (H)ی پاشکۆی داتاکەدا بەردەستە.

2. هەلومەرجەکانی نیشتەجێبوون و ژیان

بارودۆخی نیشتەجێبوون

لە 97% ی ئەو دانیشتوانەی کە لە ناوچە شارنشینەکانی پارێزگای هەولێردا نیشتەجێن، بەبێ جیاوازییەکی زۆر لەنێوان توێژە جوگرافییەکان لە خانووی تاکەکەسی یانیش لە شوقە ژیان بەسەر دەبەن. ئەو 3% کە ماوەتەوە یان لە هوتێل یانیش لە شوێنە نافەرمییەکانی حەوانەوە ژیان بەسەر دەبەن. ئەم گرووپە بچووکە لاوەکییە بەشێوەیەکی سەرەکی لە ئاوارەی ناوخۆ و بە ڕێژەیەکی کەمتریش لە پەنابەر پێك دێت. سەرجەم خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکان لەسەرتاسەری توێژە جوگرافییەکان بریتین لە 7% کە لە هوتێل یان لەشوێنی نافەرمی دەژین لەکاتێکدا ژمارەی خێزانە پەنابەرەکان بریتیە لە 12% کە بەشێوەیەکی سەرەکی لە چەقی شاری هەولێردا دابەشبوون (شێوەی 5). نزیکەی نیوەیان بۆ ماوەی زیاتر لەساڵێکە لەم هەلومەرجانەدا دەژین (هوتێل یان شوێنی حەوانەوەی نافەرمی).

خشتەی ٣. هۆکاری بنەڕەتی بۆ هەڵبژاردنی ئەم گەڕەکەی ئێستا بەپێ ی گرووپی دانیشتووان و توێژەکان

	جۆرەکانی ناوچە شارنشینەکان	خزمان، دۆست و هاوڕێیانیش لێرەن	باشتر دەر وەقەتەپاندنی خەرجییەکان	ئەم شوێنە ئاسایشی زیاترە	ئەم مالە گەورەتر و باشترە	دامەزراندنی باشتر	هۆکاری دیکە	کۆی گشتی
کۆمەڵگای خانەخوێ	سەنتەری قەزای هەولێر	45%	16%	6%	16%	4%	13%	100%
	دەوروبەری قەزای هەولێر	47%	25%	9%	8%	4%	7%	100%
	شارۆچکەکان	40%	27%	6%	21%	3%	3%	100%
ئاوارە ناوەخۆییەکان	سەنتەری قەزای هەولێر	20%	36%	27%	7%	3%	7%	100%
	دەوروبەری قەزای هەولێر	21%	40%	16%	10%	3%	10%	100%
	شارۆچکەکان	7%	40%	17%	19%	4%	13%	100%
پەنابەرەکان	سەنتەری قەزای هەولێر	18%	33%	6%	7%	26%	10%	100%
	دەوروبەری قەزای هەولێر	17%	46%	10%	9%	13%	5%	100%
	شارۆچکەکان	7%	62%	6%	9%	15%	1%	100%

تێبینی: بۆ کۆمەڵگای خانەخوێ، تەنیا ئەو خێزانانەی کە دوای ساڵی 2009 هاتوونەتە ئەم شوێنەی ئێستایان هەژمارکراون.

دەربارەی ئەو خەڵکانەی کە لەناو ماڵ یان شوقەکاندا دەژین، لە 74% ی خێزانەکانی کۆمەڵگای خانەخوێ خاوەنی ئەو شوێنانەی حەوانەوەن کە تێیدا دەژین، لە 19% لەخانوو و شووقەی کرێدا دەژین وە ئەوەی کە دەمێنێتەوە یەکەی نیشتەجێبوونی بێ بەرامبەری پێدراوە[7]. لەوەتەی ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەرەکان دووچاری چەند مەرج و سنوورێك بوونەتەوە لەخاوەندارێتی مواڵك و ماڵ، بەخانووشەوە ئەوا بۆیە زۆرینەیان (87% خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکان و 92% خێزانە پەنابەرەکان) کرێ دەدەن (واتا لەخانووی بەکرێن). بەکرێگرتنیش زیاتر لە دەوروبەری هەولێر بەر بڵاوە (43% ی هەموو خێزانەکان لەسەرتاسەری گرووپەکان) وەك لەوەی لە شارۆچکەکان یان لەناو سەنتەری قەزای هەولێر بێت.

لەکاتێکدا کە هەبوونی گرێبەستێکی کرێی نووسراو ڕێگر دەبێت لەبەرامبەر دەرکردن و جیاکاری و شێوەکانی دیکەی لاوازیی نیشتەجێبوون، 28% ی کرێچییەکانی سەنتەری هەولێر و 13% ی کرێچییەکانی دەوروبەری هەولێر و 50% ی کرێچییەکانی ناو شارۆچکەکان گرێبەستی کرێی نووسراویان نیە ئەوەش بەشێوەیەکی گشتی لەناو گرووپەکانی دانیشتواندا بەدی دەکرێ بەبێ هەبوونی جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان ئەو گرووپانەدا. شایەنی باسە، ئەوەش دەبێتە هۆی دروستبوونی هۆبەیەکی گەورەی بێ شکستباری و لاوازی، لەنێو شارۆچکەکان دا 86% ی خێزانە پەنابەرەکان گرێبەستیان نیە.

7 دەبێ تێبینی ئەوە بکرێت کە تەنانەت ئەو خێزانانەی کە خانووی خۆیشیان هەیە دەبێ لەبەرامبەر زەویەکە یاخو خانووەکەدا بە قیست پارە بدەن. لە زۆرێک لە حاڵەتەکاندا، خێزانەکان یان لەگەڵ خزمەکانیاندا تووشی قەرز دەبن یاخود مامەڵە پێشکەش دەکەن تا لە پارە تەرخانکراوەکانی حکوومەت هەندێک وەربگرن.


هاوبەشپێکردنی جێی بەتاڵی ماڵ و یەکەی نیشتەجێبوون

هاوبەشیکردن لە نیشتەجێبوون لەگەڵ خێزانی دیکە پێدەچێت پەیڕەوێکی باو بێت لەنێو دانیشتوانە ئاوارەبووەکاندا، لە 48% ی خێزانە پەنابەرەکان و 57% ی خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکان لە خانوو یان شووقەی هاوبەشدا دەژین. لەناو خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکاندا قەبارەی خێزان زیاتر ڕوو لەبەرزبوونەوەیە وەك لە گرووپەکانی دیکەی دانیشتواندا کە ئەمەش جێی بەتاڵی تاکە کەس بچووك دەکاتەوە. حاڵەتی خانووی هاوبەش لەناو کۆمەڵگای خانەخوێدا بەڕێژەیەکی بەرچاو کەمترە، کە بریتیە لە ٢٢%[8].

> هاوبەشپێکردنی شوێنی نیشتەجێبوون لەگەڵ خێزانی دیکەدا پێدەچێ زیاتر لە دەوروبەری هەولێردا ڕووبدات کە تیایدا بۆ نموونە، لە نێوان هەر 3 خێزانێکی ئاوارەی ناوخۆییدا 2 خێزانیان خانوو یان شوقەیان لەگەڵ خێزانی دیکەدا هاوبەشپێکردووە.

8 داتا و زانیاریی وردتر لە بڕگەی (D)ی پاشکۆی داتاکەدا لەم بارەیەوە بەردەستە

شێوەی 6. بارودۆخی نیشتەجێبوون لە شار و شارۆچکەکاندا بەپێ ی توێژەکان و گرووپی دانیشتووان



لەڕووی جوگرافییەوە، هاوبەشیکردنی یەکەی نیشتەجێبوون زیاتر لە دەوروبەری هەولێر ڕوودەدات بۆ نموونە لەو شوێنانە (لەدەوروبەری هەولێردا) لە نێوان هەر 3 خێزانێکی ئاوارەی ناوخۆدا 2 خێزانیان خانوو یان شووقەیان لەگەڵ خێزانی دیکەدا بەشداریکردووە - ڕێژەی هاوبەشیکردن تیایاندا بەڕێژەیەکی زۆر لەسەروی ناوەندە. لە دەوروبەری هەولێردا هەبوونی خێزانی ئاوارەی گەورە زۆر بەربڵاوە، چ ئاوارە ناوخۆییەکان یان پەنابەرەکان شوێنی نیشتەجێبوونیان دابەش کردووە و ژوورێك یان دوو ژوور بۆ نووستن بەکاردێنن. ئەمەش ئاماژەیە بۆ حاڵەتێك لەو شوێنانە کە لەدەرەنجامی ئاوارەبوونەوە ژێرخانی نیشتەجێبوون لەئێستادا لەژێر پاڵەپەستۆیەکی زۆر قورسدایە چونکە ئەو قەرەباڵغییە زۆرەی کە باسکراوە تەنها بەهۆی کەمی توانای دارایییەوە دروست نەبووە بەڵکو بەهۆی کەمی یەکەی نیشتەجێبوونیشەوە دروست بووە.

3. ماڵ گواستنەوە بۆ ناوەوە و دەرەوەی ناوچە شارستانییەکان: هۆکارەکانی فشار لە ناوچە شارستانییەکانەوە

چوون بۆ دەرەوەی شوێنی نیشتەجێبوون


هەتا ئێستا ئەو داتایانەی کە پێشکەشکراون لەوە دەکۆڵنەوە کە چۆن خێزانەکان لەناوچە شارنشینەکانی پارێزگای هەولێر نیشتەجێبوون و لەو پاڵەپەستۆیەش دەکۆڵنەوە کە تووشی بارودۆخی نیشتەجێبوون هاتووە بە لەبەرچاوگرتنی قەیرانەکانی ئاوارەیی. تێگەیشتن لە دەرەنجامەکانی ئەو جۆرە بارودۆخەی نیشتەجێبوونیش گرنگە. ئەو داتایەی کە لەبەردەستدایە ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە کە خێزانەکان بۆ چەند ناوچەیەکی دیاریکراوی نێو شوێنە شارنشینە چۆڵەکان یان بەتەواوی بۆ دەرەوەی ناوچە شارنشینەکان گۆشکراون، ئەمەش زۆرجار بەهۆی کەمی توانای دارایی و خراپبوونی لایەنەکانی گوزەران و ژیان لەو ناوچەیەدا بووە.

دەربارەی گواستنەوەی پلان بۆ دانراویش، تەنها بەشێکی کەمی خێزانەکان پلانی جێگیریان بۆ گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوونیان لەمیانەی 6 مانگی داهاتوودا هەبووە. ئەو بەشەش کە نیازی گواستنەوەی پلان بۆ داندراوییان هەیە ڕێژەکەیان بەم جۆرەیە: 6% ی لە چەقی هەولێرن، 6% ی لە دەوروبەری هەولێرن و 5% ی لە شارۆچکەکانن. کاتێك سەیری جیاوازی نێوان گرووپەکانی دانیشتوان دەکەین دەبینین کە لە 9% ی هەر یەکە لە خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەرەکان (کە شێوەیەکی سەرەکی لە دەوروبەری هەولێرن) و تەنها لە 4% ی کۆمەڵگای خانەخۆێ نیازیان هەبووە بگوازنەوە بۆ دەرەوە. لە 75% ی خێزانەکان پلانی جێگیریان هەیە بۆ گواستنەوە لەنێو پارێزگای هەولێر و ئەوەی کە دەمێنێتەوە نیازی گواستنەوەیان هەبووە بۆ دەرەوەی شار بەڵام لەنێو هەرێمی کوردستاندا. تەنها گرووپی پەنابەرەکان ئامانجی جیاوازیان هەیە، لە 50% ی ئەو خێزانانەی کە ئەیانەوێت بگوازنەوە دەخوازن بگەنە ئەوروپا. بەزانینی سەرجەم ئەو ژمارە بچووکانە، دەرهێنان و هەڵێنجانی دەرەنجامێکی پوخت لە وەڵامەکانی ڕوپێوییەکە لەبارەی هۆکارەکانی گواستنەوەی پلان بۆدانراو کارێکی زەحمەتە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەرەوپێشوونێکی ڕوون لە هۆکارە ڕاپۆرتکراوەکانی گواستنەوە لەڵایەن پەنابەرەکان و ئاوارە ناوخۆییەکاندا دەبینرێت: نیوەی خێزانەکان بەدوای کرێی کەمتر دەگەڕێن. لە لایەکی ترەوە خێزانەکانی کۆمەڵگای خانەخۆێ بەدوای یەکەی نیشتەجێبوونی باشتردا دەگەڕێن.

کرێ و خەرجییەکانی ژیان وەك هۆکاری گواستنەوەی ناوخۆیی

هەبوونی توانای مادی بۆ تێچوونەکانی ژیان، بەکرێشەوە، بابەتێکی دووبارەیە لەنێو شیکاریەکەدا بەتایبەتی چونکە ئەم بابەتە پەیوەندیدارە بە پەنابەر و ئاوارە ناوخۆییەکانەوە، بەڕەچاوکردنی ئەوەی کە پەنابەر و ئاوارە ناوخۆییەکان بەشێکی گەورەتری کرێنشینەکان پێك دێنن لەناوچە

شێوەی 7. پەرەسەندنی وەرزیی ڕێژەی هاڵاوسانی کرێ ی خانوو لە پارێزگای هەولێردا (2013 - 2015).



سەرچاوە: نووسینگەی ئامارەکانی هەرێمی کوردستان، پاشکۆی نرخکانی بەکارهێنەر (2013،2014،2015).


شارنشینەکاندا. نرخی کرێ بەشێوەیەکی نەگۆڕ لەبەرزبوونەوەدابووە لە 3 ساڵی ڕابردوودا بەجۆرێك کە تێکڕای هەڵاوسانی کرێ بۆ 19% بەرزبۆتەوە، ئەمەش بەر لە هاتن و تێڕژانی ئاوارە ناوخۆییەکانە لە مانگی حوزەیرانی 2014 (شێوەی 7) دا. هەرچەندە کرێ لە ساڵی 2015 دا جێگیربووە بەڵام بەرزبوونەوە ڕوویداوە کاتێك کە قەیرانی ئابووری و ئاوارەبوون لە هەرێمی کوردستاندا کاریان کردۆتەسەر دەرفەتەکانی گوزەران بەشێوەیەکی هەستپێکراوی نەرێنی. لە ئەنجامی بەشبەشبوونی گوزەراندا، هەندێك لە خێزانە پەنابەر و ئاوارە ناوخۆییەکان لەوانەیە نەتوانن بەخێرایی تێچوونەکانی ژیانی ئاوارەیی ڕایی بکەن وە لەوانەیە ناچاربن بەوەی دووبارە بگوازنەوە یان بگەڕێنەوە بۆ ئەو شوێنەی کە هەلومەرجەکانی سەڵامەت نین، بەڵام هەندێك لە خێزانە خانەخوێیەکان لەوانەیە بەرەو ناوچەی هەرزانتر بچن بەهۆی بەرزبوونەوەیەکی زۆر لەنرخی کرێدا.

ڕێژەیەکی بەرچاوی خێزانەکانی پەنابەران و ئاوارەی ناوخۆ (لەنێوان 70% و 80% بەپێی چینەکان) ڕایدەگەیەنن کە کێشەیان هەیە لەپێدانی کرێ، لەکاتێکدا لە 50% ی خێزانەکانی کۆمەڵگای خانەخوێ ئەو کێشەیان هەیە.

پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی تێکهەڵکێشراو هەیە لەنێوان بەرزی تێکڕای کرێ و بەرزی ڕێژەی ئەو خێزانانەی کە کێشەیان هەیە لە پێدانی کرێ - ئەمەش بەڕوونی لەنێو شەقڵاوە و کەسنەزان و بنەسڵاوە و دارەتوو و بەحرکە ڕوون دەبێتەوە، خێزانەکانی ئەو ناوچانە زیاتر تووشی زەحمەتی دەبن لەپێدانی کرێدا. نەبوونی توانای مادەی بۆ بەکرێ گرتنی یەکەی نیشتەجێبوون دەکرێ لەڕێی ڕێژەی سەرجەم ئەو تێچوونەی کە خێزان مانگانە تەرخانی دەکا بۆ کرێ هەڵبسەنگێندرێت (شێوەی 8).

ئەم داتایە تەنیا ئەو خێزانانە لەبەرچاو دەگرێت کە خۆیان گوتوویانە کرێچین (بۆیە خاوەن خانووەکان و خێزانە میوانەکانی لێ دەرکراوە). لەنێوان هەموو توێژەکاندا، خێزانەکانی چەقی شاری هەولێر زۆرترین ڕێژەی تێچوونیان بۆ کرێ تەرخان کردووە کە بریتیە لە 33%، لەدوای ئەوانیش خێزانەکانی دەوروبەری هەولێر دێن کە ڕێژەی تێچوونی بۆ کرێ تەرخانکراو تیایاندا بریتیە لە 29% و لەدوای ئەوانیش خێزانی نێو شارۆچکەکان دێن کە ڕێژەی تێچوونی بۆ کرێ تەرخانکراو تیایاندا بریتیە لە 25%.

شێوەی 8. تێکڕای هاوڕێژەی خەرجییەکانی کرێ ی خانوو لە بەرامبەر خەرجییە مانگانەکانی خێزان و شوێنیان، بۆ ئەو خیزانانەی کە کرێچین



Subdistrict	Percent Spent on Rent
Rizgari	19%
Harir	20%
Diyana (incl. Soran)	20%
Khabat	22%
Koya	26%
Baharka	29%
Shaqlawa	30%
Daratu	31%
Bnslawa	32%
Erbil Centre (incl. Ainkawa)	33%
Kasnazan	33%

Percent of monthly household expenditures spent on rent

- 19 - 22%
- 22.01 - 26%
- 26.01 - 29%
- 29.01 - 33%
- Subdistricts

Data source: administrative boundaries provided by the Erbil Statistical Directorate (ESD)
Projection: WGS 1984 UTM Zone 38N

کەواتە چەقی شاری هەولێر و ناوچەکانی دەوروبەری نزیك لە چەقی شار وەك کەسنەزان و بنەسڵاوە ئەو شوێنانەن کە پاڵەپەستۆی نیشتەجێبوونی زیادبوو تیایاندا هەستی پێدەکرێ، ئەگەر وای دابنێین کە ڕێژەی بەرزی داهاتی بۆ کرێ تەرخانکراو ئاماژەیە بۆ ڕێژەی بەرزی ئاڵنگاری (تحدی) نیشتەجێبوون. باوترین ڕێوشوێن کە گیرابێتەبەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی توانای ماددی هەورەك پێشتر بینرا بریتیە لە هاوبەشیکردنی خانوو یان شوێنی نیشتەجێبوون لەگەڵ خێزانی دیکەدا.

خێزانەکانی چەقی شاری هەولێر زۆرترین ڕێژەی تێچوونیان بۆ کرێ تەرخان کردووە کە بریتیە لە 33%، لەدوای ئەوانیش خێزانەکانی دەوروبەری هەولێر دێن کە ڕێژەی تێچوونی بۆ کرێ تەرخانکراو تیایاندا بریتیە لە 29% و لەدوای ئەوانیش خێزانی نێو شارۆچکەکان دێن کە ڕێژەی تێچوونی بۆ کرێ تەرخانکراو تیایاندا بریتیە لە 25%


ماڵ چۆڵکردن

ڕێژەی ماڵ پێ چۆڵکردن کە لە ماوەی 12 مانگی پێش ئەم ڕووپێوییە ڕاپۆرتکراوە بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزە (وینەی 9)، بە ڕەچاوکردنی تێچوونە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان کەوا دەریدەخەن، هەرچەند زانیاریی توانای ماددی نیشتەجێبوون کە لەسەرەوە ئاماژەپێکراوە بەتەواوی جێی سەرسوڕمان نیە. تا 12% ی خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکان ڕایدەگەیەنن کەوا ماڵیان پێ چۆڵکراوە ، بە ڕێژەیەکی بەرزتر لە ناوەندی هەولێر و زۆرێك لە شوێنەکانی دەوروبەری شاری هەولێر بیندراوە. بە تێکڕای 8% لە خێزانە پەنابەرەکان تووشی دەرکردن هاتوون، نیوەی لە ناوەراستی هەولێر (کە زۆری پەنابەران تێیدا دەژین) نیشتەجێن و نزیکەی چارەکێک لە شارۆچکەکاندا نیشتەجێن[9] . ڕێژەی ناوەندی بۆ کۆمەڵگای خانەخۆێ لە 3% دایە لەگەڵ ڕێژەیەکی بەرچاوی دەرکردن کە ڕاپۆرتکراوە لە شارۆچکەکاندا.

ڕێژەی بەرزتری دەرکردن ڕاستەخۆ پەیوەندی بە خێزانەکانەوە هەیە بەهۆی نەبوونی گرێبەستی نووسراوی تایبەت بەکرێ وە لە جیاتی ئەمە پشتبەستن بە

9 پرسیارنامەی ڕوپێوییەکە پرسیاری ئەوەی نەکرد کە ئایا خێزانەکە لەکۆێ دەرکران، لەبەر ئەوە گوتجاو نیە بۆ گوتنی ئایا ئەو خێزانانەی تووشی دەرکردن هاتوونە لە شارۆچکەکان یاخود لە شوێنی دیکە دەرکراون.

شێوەی 9. هاوڕێژە و کۆی گشتیی ژمارەی ئەو خێزانانەی دەرکراوان بەپێ ی شوێن



Subdistrict	Percent	Number
Bnslawa	2%	255
Rizgari	2.6%	182
Khabat	3.1%	308
Erbil Centre (incl. Ainkawa)	3.6%	6'851
Baharka	4.2%	771
Daratu	4.4%	884
Diyana (incl. Soran)	5.7%	1'358
Shaqlawa	6.3%	643
Harir	8.8%	541
Koya	12.7%	2'032
Kasnazan	13%	2'063

Percent of households per subdistrict that experienced eviction in the 6 months prior to the study

- 2 - 5%
- 5.1 - 8%
- 8.1 - 10%
- 10.1 - 13%
- Subdistricts


Data source: administrative boundaries provided by the Erbil Statistical Directorate (ESD)
Projection: WGS 1984 UTM Zone 38N

ڕێژەی ماڵ پێ چۆڵکردن بۆ ماوەی ١٢ مانگی پێش ئەم ڕووپێوییە باسکراون تا ئاستێکی بەرچاو بەرز. ئەو ڕێژە بەرزانەی دەرکردنیش ڕاستەوخۆ پەیوەندییان هەیە بە نەبوونی گرێبەستی نووسراوی کرێوەیە .

ڕێکەوتنی زارەکی کە زۆر سەختترە بخرێتە ناو بواری کارپێکردنەوە. بە ڕەچاوکردنی ئەوە، شاروچکەکان ئەو شوێنانەن کە زۆرترین پێشبینی مەترسی دەرکردنی لێدەکرێت چونکە لەو شوێنانەدا زۆر بە دەگمەن گرێبەستی نووسراوی تایبەت بەکرێ کارپێدەکریت. هۆکاری سەرەکی دەرکردن هەروەك ڕاپۆرتکراوە لە گشت توێژە جۆگرافیەکان و گرووپەکانی دانیشتواندا بریتیە لە نەبوونی توانای پێدانی کرێی خانوو. ئەمە حاڵەتی 92% ی خێزانە دەرکراوەکانی ناوەندی هەولێرە و حاڵەتی 45% ی خێزانە دەرکراوەکانی دەوروبەری هەولێرە و حاڵەتی 53% ی خێزانە دەرکراوەکانی شاروچکەکانە. دووەم هۆکاری دەرکردن بریتیە لەوەی کە خاوەن زەوی و زارەکان نیازی پەرەسەندنی پرۆژەکانیان هەیە. ڕێژەیەکی کەم لە خێزانە دەرکراوەکان ئاماژەیان بە تەنگژە یان گوشار کردووە وەك هۆکاری لەدەستدانی خانووەکانیان[10].

10 داتا و زانیاریی وردتر لەسەر تەندروستی لە بڕگەی (D)ی پاشکۆی داتاکەدا دەستدەکەوێت.

شێوەی 10. ڕێژەی فەرمانبەران لە چالاکییەکانی تەندروستی و پەروەردەدا بۆ هەر 1000 دانیشتوانێك.



Subdistrict	Ratio
Khabat	12.7
Diyana (incl. Soran)	17.5
Rizgari	21.1
Bnslawa	21.6
Daratu	24
Kasnazan	27.8
Baharka	28.4
Harir	42.2
Shaqlawa	63.2
Erbil Centre (incl. Ainkawa)	63.7
Koya	103.9

Ratio of staff working in health and education per 1,000 inhabitants

12 - 30
31 - 49
50 - 67
68 - 85
86 - 104
Subdistricts

Data source: administrative boundaries provided by the Erbil Statistical Directorate (ESD)
Projection: WGS 1984 UTM Zone 38N

کۆچی لەمەودوا بەرەو دەرەوەی وڵات

سەرباری ئاڵنگاری (تەحەدا)کانی بەرەنگاربوونەوەی کرێی خانوو، هۆکارێکی تری کۆچکردن لە هەرێمی کوردستان بریتیە لە دەستگەیشتن بە دەرفەتەکانی ژیان. کەموکوڕیە ڕاستەقینە و درکپێکراوەکانی دەستگەیشتن بە دەرفەتەکانی ژیان بۆتە هۆکاری کۆچکردن بۆ دەرەوەی وڵات. لە ساڵی 2015 دا ئەوروپا هەزاران پەنابەری، بەشێوەیەکی سەرەکی لە سووریا و عێراق، وەرگرتووە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، کۆچکردن بە شێوەیەکی نارەسمی ڕووەدات بە پەرینەوە لە سنووردکان بە ڕێگای بەلەم و بە پێ. بەشێکی زۆر لەم گرووپە کە پێکهاتووە لە پەنابەرەکان و ئاوارەناوخۆییەکان، هەروەک ئەندامانی کۆمەڵکای خانەخۆی بۆ ماوەیەکی کاتی لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێبون. ئارەزووی کۆچکردن لەنێو ئەندامانی کۆمەڵگای خانەخۆی لەڵایەن توێژینەوەیەکی نوێی سەڵمێنداراوە 71% گەنج لە شاری هەولێر دەریانخستووە کە ئەوان ئەگەر بۆیان بڕەخسێ نیازی کۆچکردنیان هەیە[11] . گفتوگۆکانی گرووپە دیاریکراوەکان لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگای خانەخۆی بەهەمان شێوە ئەوەیان سەڵماندووە

”من وەک شوفێری تەکسی کارەکەم بۆ ئەوەی ڕاشکاوبم لەگەڵتان، من هەروەها یارمەتی خەڵکی دەدەم بۆ ئەوەی بیانبەم بۆ ئەوروپا لەڕێی پەیوەندیەکانم. هەرکەسێک کە دێت بۆ لام و داوای یارمەتیم لێدەکات بۆ ئەوەی بچێت بۆ ئەوروپا، ئەوا من هەوڵدەدەم بڕوای پێ بهێنم بۆ ئەوەی نەچێت، بەڵام ئەگەر ئەمە سوودی نەبوو سەرۆک خێزانی لێ ئاگادار دەکەمەوە بەڵام هەندێک جار ئەمەش سوودی نابێت و لەکۆتایدا بڕیاری ڕۆیشتن دەدا.“ پیاوێکی پێگەیشتوو، گەڕەکی حەسارۆک، کۆمەڵگای خانەخوێ.

” من خۆم دەمەوێ کۆچ بکەم بۆ ئەوروپا لەبەرئەوەی هیچ داهاتوویەک لێرە نابینم. حەزدەکەم گەردوونناسی بخوێنم بەڵام لێرە ئەو بەشە لە زانکۆا نیە. لەجیاتی ئەوە، لێرە تەنها جەنگ و قەیرانی دارایی بوونی هەیە. “ قوتابیەکی ڕەگەزی نێر، گەڕەکی سەربەستی کۆمەڵگای خانەخوێ.

”جەنگ لێرە هەیە و بەردەوام پەنابەر ڕوو لێرە دەکەن و دەستدەگرن بەسەر کارەکاندا، چاوەڕێی چ کارێک لە لاوەکان دەکەیت؟ دەیانەوێت ژیانێکی باشتریان هەبێت لە ئەوروپا” پیاوێکی بەتەمەن، گەڕەکی سەروەران، کۆمەڵگای خانەخوێ.

لەهەمان کاتدا بەشداربووانی گرووپی جێی سەرنجی کۆمەڵگای خانەوخوێ وا پێدەچێت ڕازی بووبن لەسەرئەوەی کە تەوژمی جێهێشتنی کوردستان بەرەو پووکانەوە ڕۆشتووە، بەڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئەو کەسانەی نیازی جێهێشتنیان هەبوو لە ساڵەکانی 2014 و 2015 دا ئەو کارەیان ئەنجامداوە.

لەجیاتی ئەوە، خەڵکی دەست بە پارە و داراییەکانیان دەگرن بۆ ڕوبەڕووبوونەوەی ژیان لێرەدا نەک خەرجکردنی ئەو پارەیە لە ڕێی گەشتکردن بۆ دەرەوەی وڵات، هەرچەندە زۆربەی خەڵکی دانیان بەوەداناوە کە ئەم بارودۆخە لەوانەیە دووبارە گۆڕانی بەسەردابێت لەکاتی نزیکبوونەوەی وەرزی بەهار و باشتربوونی هەلومەرجەکانی کەش و هەوا بۆ هەوڵدانەوە بۆ ڕۆیشتن بۆ دەرەوەی وڵات. کاتێک کە چیرۆکەکانی سەرکەوتنی خێزانەکان لە ئەوروپا بڵاوبووەوە،

11 پەیمانگای چاکسازی بۆ پەرەپێدان (2015). هەڵسەنگاندنێک دەربارەی کۆچی گەنجان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

بەشداربووان بەشێوەیەکی سەرەکی باسی ئەو زەحمەتیانەیان دەکرد کە دووچاری هەندێک لە هاوڕێکانیان هاتبوو لە ئەوروپا و لەکاتی بڕیاردان بۆ گەڕانەوە. گرووپەکان بەزۆری تێڕوانینیی نەرێنی ئەو خەڵکانەیان باس دەکرد کە بۆ دەرفەتی باشتر ڕوو لە دەرەوەی وڵات دەکەن، ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد کە ئەوانەی ئێرەیان جێهێشتووە بەقەد نەوەکانی پێشتر بەهێز و توانادار نەبوونە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکان.

”بەم دواییانە یەکێک لەخزمەکانمان ڕۆیشت بۆ ئەوروپا، جۆرە ژیانێکی وای لەوێ بینیی کە چاوەڕێی دەکرد و بڕیاری دا بگەڕێتوە “ پیاوێکی پێگەیشتوو، گەڕەکی سەروەران، کۆمەڵگای خانەخوێ.

” زۆربەی خەڵکی ئاواتەخوازن بچن بۆ ئەوروپا. بەڵام ئەمە وەک جۆرێک لە هەڵاتنی لێهاتووە “ پیاوێکی پێگەیشتوو، گەڕەکی سەروەران، کۆمەڵگای خانەخوێ.

”ئێمە زۆر بەدحاڵیووینمان هەیە لەبارەی ئەوروپاوە. “ قوتابیەک لەڕەگەزی مێ، گەڕەکی سەروەران، کۆمەڵگای خانەخوێ.

پوختەی ژیانامەی ئەو کۆچبەرانەی کە لەڵایەن ئەندامانی کۆمەڵگای خانەخوێوە باسکراوە بریتیە لە پوختەی ژیانامەی پیاوی سەڵت و لاو. وا پێدەچێت ئەم پوختەی ژیانامەیەی کە لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە بۆ پەنابەرە سووریەکانیش ڕاستبێت وەک لە گفتوگۆکانی گرووپی جێی سەرنج باسکراوە کە لەڵایەن UNHCR ەوە ئەنجامدراوە لەگەڵ گرووپەی دانیشتوان لە ساڵی 2015 لە دەوروبەری هەولێردا. لەوەش زیاتر، ئەندامانی دانیشتوانی پەنابەرەکان هۆکاری خستنە مەترسی ژیانی خۆیان گەڕاندەوە بۆ خراپی بارودۆخی ژیانیان، تێچووی بەرزی گوزەرانکردن لە ناوچە شارنشینەکان و نەبوونی هەلی خوێندن و بارودۆخی دژواری دارایی.

4. توانای خزمەتگوزارییە گشتییەکان و ئاستی دەستپێگەییشتنیان لەلایەن هاوڵاتییانەوە

خزمەتگوزارییەکانی پەروەردە و خوێندن لە ناوچە شارنشینەکاندا

پەروەردەی قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگای قوتابخانە گشتییەکانەوە دابیندەکرێن کە بێ بەرامبەرە بۆ دانیشتوانی هەرێمی کوردستان. بەر لەم قەیرانەی ئیستا، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵێکی تەواوی خستەگەڕ بۆ دەستنیشانکردنی ئەو کۆسپ و تەگەرانەی کە لە دابینکردنی خزمەتگوزاری پەروەردەدا هەن. هەرچەندە ڕێژەی ئەو خەڵکەی لە قوتابخانە ناونووسکراون جێگیربووە لە دوا حەوت ساڵی ڕابردوودا لە ناوچە شارنشینەکانی هەولێردا [12]، بەڵام تێکڕای گشتی دانیشتوان بە خەڵکی گەنجیشەوە، و هەروەها داواکاری بۆ خزمەتگوزارییەکانی پەروەردە، بەتایبەتی

12 لەسەر بنەمای ڕوێتوێی ئابووریی کۆمەڵایەتی خێزانەکان لە عێراق (بانکی جیهانی، CSO & KRSO، 2007 و 2012) و ئەم هەڵسەنگاندنە لەنێوان 28% بۆ 33% ی کۆی گشتیی دانیشتوانە خانەخوێکە دەچنە قوتابخانە، بێ جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ساڵەکان. بە دیاریکراوی، لەنێوان 5% بۆ 7% ی دانیشتوانیش دەچنە قوتابخانەی ئامادەیی

لە ئاستی قوتابخانەی ئامادەیدا لە زیادبوونداید[13].
جگە لەمە، کەرتی پەروەردە بە پرۆسەیەکی گونجانی خێرادا تێپەڕیوە لەگەڵ هاتنی لێشاوی خەڵکی ئاوارە بۆ ناوچە شارنشینیەکان بەتایبەتی کەوا بەشێکی زۆری ئەو ئاوارانەی ئیستا هاتوونە لە تەمەنی چوون بۆ قوتابخانەدان. ئاڵنگاریی زیاتر بریتیە لەوەی کە زۆربەی خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکان بەتایبەت لە دەوروبەری شاری هەولێر نیشتەجێبوون کە بەگشتی ڕێژەی قوتابخانەی کەمترە وە هەروەها لە هەندێك ناحیەی وەکو بەحرکە و کەسنەزان و رزگاری ڕێژەی قوتابخانەی ئامادەیی زۆر کەمترە.

زانیاریەکانی ڕوپێویش کەمی بەهرە و توانای پەروەردە لەو ناوچانەدا پشتڕاست دەکەنەوە: لەکاتێکدا ژمارەی ئەو تاکانەی لە سێکتەری پەروەردە کاردەکەن لە ناوەڕاستی شاری هەولێر و شارۆچکەکان بریتیە لە 50 کەس بۆ هەر 1000 دانیشتوانێك، ڕێژەکە لە دەروروبەری هەولێردا تەنها بریتیە لە 15 کەس بۆ هەر 1000 دانیشتوانێك. لە شوێنە دیاریکراوەکانی وەك، خەبات وە بەتایبەتی رزگاری کەمترین ڕێژەی فەرمانبەری پەروەردە نیشان دەدات (شێوەی 10 – تێبینی ئەوە بکە شێوەکە کۆمەڵەی فەرمانبەرانی پەروەردە و تەندروستی کۆکردۆتەوە) بەپێی دواین هەڵسەنگاندنەکانی دیکەی دابینکردنی پەروەردە قەبارەی پۆلەکان لە قوتابخانەکانی ناوچە شارنشینیەکانی هەولێر لە نێوان 28 بۆ 35 قوتابی بووە بۆ هەر پۆلێك لەیەك کاتدا بەگوێرەی گەڕەکەکە [14].

باوترین ستراتیجی لەنێو قوتابخانەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم ڕێژە زۆرە بریتیە لە هەبوونی چەند شەفتێك، بۆ سێ شەفت لە ڕۆژێکدا بۆئەوەی جێگای هەموو قوتابیەکان ببێتەوە و بەرنامەی کوردی و عەرەبی پەیڕەوبکرێت. ئەم کۆسپ و تەگەرانەی لە دابینکردنی پەروەردەدا لە ناوچە شارنشینیەکان هەیە هەماهەنگە لەگەڵ ئەو ڕاستیەی کەوا مامۆستایانی قوتابخانە گشتیەکان بۆ ماوەی دوو ساڵە مووچەی ئاسایی خۆیان وەرنەگرتووە کە کاریگەری لەسەر کوالیتی پەروەردە دەبێت.

خزمەتگوزاریی تەندروستی لە ناوچە شارنشینەکاندا

تەندروستی وەکو مافێکی بنچینەیی مرۆڤ پێناسە دەکرێت لە هەرێمی کوردستان و دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ هەموو گرووپێکی دانیشتوان بێ بەرامبەرە. لەدوا دە ساڵی ڕابردوودا، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو خەرجی تەندروستی زیاد کردووە بەهۆی گەشەکردنی دانیشتوان و زیادبوونی داواکاری. نوێترین زانیاری لەسەر توانا و کوالێتی خزمەتگوزاری بۆ تەندروستی گشتی بەردەست نیە، بەڵام بە گوێرەی هەڵسەنگاندنێکی تازە لەلایەن بانکی جیهانییەوە[15] ، خەرجی تەندروستی بۆ هەر تاکێك بە شێوەیەکی بەرچاو کەمبۆتەوە، ئەویش بەهۆی ئەو بودجە کەمەی کە بەهۆی قەیرانی دارایییەوە لەبەردەست دایە و بەتایبەت کاریکردۆتە سەر پێدانی مووچەی کارمەندانی تەندروستی بە شێوەیەکی ڕێک، دابینکردنی دەرمانی پێویست و فراوانکردنی هەندێک لە خزمەتگوزاریی تەندروستییەکان.

13 RAND (٢٠١٤)، ئەولەویەتە ستراتیژییەکان بۆ پەرەپێدانی دەستگەیشتن بە پەروەردەیەکی باش لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا

14 REACH Initiative 2015 a. هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکانی کەرتە جیاوازەکانی ئەو پەنابەرە سووریانەی لەناو کۆمەڵگا خانەخوێکاندا نیشتەجێن. مارت ٢٠١٥.

15 بانکی جیهانی (2015). هەرێمی وردستانی عێراق. هەڵسەنگاندنی کاریگەریی ئابووری و کۆمەڵایەتی ناکۆکییەکانی سووریا و قەیرانی داعش.

بانکی جیهانی پێشبینی دەکات کە ئەمە ئەگەری هەیە کاریگەری نەرێنی لەسەر ئەدای سیستەمی گشتی بەجێ بهێڵێت.
داتا و زانیارییەکانی ڕووپێوی کە بۆ ئەم ڕاپۆرتە کۆکراونەتەوە تێبینی بۆچونێکی ئەرێنی لەسەر ئەزموونی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی گشتی لە هەموو ناوچە شارنشینیەکانی هەولێردا دەکەن. نزیکەی 71% ی خێزانەکان لە ناوەراستی هەولێرن، 58% لە دەوروبەری هەولێرن وە 65% لە شارۆچکەکانن ڕێژەی دەستگەیشتن بە تەندروستی گشتی بە ئاستی باش یاخود زۆر باش دیاریکراوە . ڕێگای دەستگەیشتنی قایلکەر و گونجاو دووەمین بەدەنگەوەهاتن بوو، لە کاتێکدا کەمی یاخود نەبونی ڕێگای دەستگەیشتن بە ئەو خزمەتگوزاریانە لەئاستێکی بچووکدایە. هەڵسەنگاندنی نزمی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاریی تەندروستییە گشتییەکان بەشێوەیەکی سەرەکی لە ناوچەکانی دەوروبەری هەولێر باسی لێوە کراوە بە ڕێژەی 23% ی خێزانەکان (بەتایبەتی لە بەحرکە و کەسنەزان) کە باس لە سنووردارییی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاریەکان دەکەن.
دوو هۆکاری سەرەکی بۆ سنووردارییی ڕێگای دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاری دابینکراو لەو ناوچانەدا دەگەڕێتەوە بۆ کەمی هۆکارەکانی ئاسانکاری نزیك ئەم ناوچانە و پێویست نەبوونی بەو خزمەتگوزارییانەی کەوا دابەشکراون.
خێزانەکانی نێو شارۆچکەکان گوتویانە کە خراپی جۆری خزمەتگوزاری و کەمی هۆکارە ئاسانکارییەکانی دەوروبەر و هاوشێوەی ئەم خزمەتگوزارییانە هۆکاری سنوردارکردنی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاری تەندروستین. بە پێچەوانەوە، نزم هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە سەنتەری قەزای هەولێردا تەرکیزی خستۆتە سەر توانای کڕین و پێدانی پارەی زیاتر بۆ دەرمان بەهۆی توانای سنووردار و کەمی سەرچاوەی ئاسانکاری تەندروستی. ئەمە بابەتێکە لە (گفتوگۆکانی گرووپی دیاریکراو) لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگای خانەخوێدا دووبارەبۆتەوە[16].

"بەگشتی لە ڕووی داودەرمانەوە، جیاکاریی لە نەخۆشخانەکاندا هەیە. ئەگەر تۆ لە کاتی شەفتی بەیانیاندا بچیت، ئەوا دەتنێرن بۆ کاتی شەفتی ئێواران بۆ وەرگرتنی داودەرمان و تۆ دەبێت پارە بدەیت". قوتابییەك لە ڕەگەزی مێ، گەڕەکی سەربەستی، کۆمەڵگای خانەخوێ

"لەتەنها شەفتی بەیانیان هەیە لە خزمەتگوزاریی تەندروستی لە گەڕەکەکەمان. بەیانیان، ناتوانیت هیچ دەرمانێك یاخود پشکنینێکی پزیشکی وەربگریت، لەکۆتایی ڕۆژەکەدا، ئێمە دەبێت بچینە خزمەتگوزاریە تایبەتەکان" . ئافرەتێکی پێگەیشتوو، گەڕەکی حەسارۆك، کۆمەڵگای خانەخوێ

دابینکردنی ئاو و کارەبا لە ناوچە شارنشینەکاندا

لەکاتێکدا لە هەرێمی کوردستاندا زۆربەی خزمەتگوزاریە گشتییەکان بێ بەرامبەر دابینکراون، بەڵام دانیشتوان کرێی خزمەتگوزاری ئاو و کارەبا دەدەن. داتا و زانیاری سەرچاوەی کارەبا بۆ ساڵی 2014 وای نیشان دەدات کە ئەو بڕەپارەیەی بۆ ئەم مەبەستە بەشێوەی پسوولە دراوە بریتیە لە نزیکەی 10% ی تێچوونی گشتی کارپێکردن کە لەلایەن حکومەتەوە وەرگیراوە (بێ سەرمایەگوزاری وەبەرهێنان)، لەکاتێکدا ڕێژەی کۆکردنەوە نزیکەی 75%[17] . ئەو

16 داتا و زانیاریی وردتر لەسەر تەندروستی لە بڕگەی (E) ی پاشکۆی داتاکەدا دەستەدەکەوێت.

17 MERI (2016)، لە باشترین و خراپترین کاتەکاندا: بەئامانجگرتنی لاوازیيە پێکهاتەییەکانی ئابووریی هەرێمی کوردستان، مانگی یەکی 2016.



دایکێکی ئاوارەی ناوەخۆیی و منداڵەکەی لە باڵکۆنی سەنتەری ئەمەل-ەوە کە بینایەکی تەواونەکراوی هەولێرە سەیری هەولێر دەکەن. مانگی دیسێمبەری 2015. UNHCR. کلوي کۆڤ

زانیارییەی لە ڕووپێوی بۆ ئەم ڕاپۆرتە کۆکراوەتەوە هێما بۆ ئەوە دەکات 90%ی خێزانەکان کرێی کارەبا دەدەن، لەکاتێکدا تەنها 30% خێزانەکان کرێی پارەی ئاو دەدەن. هەردوو سەرچاوەی ئاو و کارەبا دووچاری تەنگژە و کورتهێنان هاتن بەهۆی ئەو بەرزبوونەوە لەناکاوەی داواکاری لەلایەك و بەدیارکەوتنی لێشاوی خەڵکی ئاوارە و کەمی بودجە بۆ تەرخانکردنی خەرجی کارپێکرن بەهۆی قەیرانی ئابووری لەلایەکی دیکەوە. ئەم داتا و زانیارییەی خوارەوە لەسەر پشتبەستن بە دابینکردن لە سەرچاوە دووەمینەکانەوە سەرچاوە دەگرن[18].

لە ڕووی دابینکردنی کارەباوە،هەرچەندە کارەبا بەشێوەی 24 کاتژمێری نییە بەڵام پەیوەندییەکی جیهانی هەیە بە تۆری کارەبای نیشتیمانی بە درێژایی هەموو ناوچە شارنشینەکان. ئەو خێزانە ئاوارانەی کە لە شوێنە ناڕەسمییەکان دەژین (کە 3%ی خێزانەکانی ناوچە شارنشینەکانن)، لەوانەیە دەرفەتی دەستگەیشتنیان بە ئەو سەرچاوەیە نەبێت. لە سەنتەری قەزای هەولێردا، 46% ی خەڵکەکە ڕۆژانە زیاتر لە 10 کاتژمێر کارەبای نیشتیمانییان هەیە، لەکاتێکدا ئەوانی دیکە کەمتریان هەیە. لە دەوروبەری شاری هەولێردا، ئەم ڕێژەیە بەرزدەبێتەوە بۆ 53% هەروەها لە شارۆچکەکاندا دەگاتە 55%. هیچ زانیارییەك لەسەر هەبوونی سەرچاوە جێگرەوەکانی کارەبا، وەکو موولیدەکان، بوونی نیە[19] . ئالنگاری (تەحەدا) کەمتر باسکراوە لەسەر سەرچاوەی ئاو بە بەراورد لەگەڵ دابینکردنی کارەبا. نزیکەی 90% ی خێزانەکان پشت بە سەرچاوەی تاکی شارەوانی دەبەستن وەکو سەرچاوەی سەرەکی ئاوی خواردنەوە، لەکاتێك ئەوانی دیکە ئاوی پاڵاوتن بەکاردەهێنن هەروەها 5%ی خێزانەکان ڕۆژێك یاخود دوو ڕۆژ بەبێ ئاو دەبن لە هەفتەیەکدا. ئەم ڕێژەیە لە هەموو تۆژەکاندا وەکو یەکە.

5. پێکەوەگونجاویی کۆمەڵایەتیی و مامەڵە و کارلێککردن لەنێوان کۆمەڵگاکاندا

بۆچوونی کۆمەڵگای خانەخوێ بەرامبەر ئاوارەکان

تێگەیشتن لە یەکبوونی کۆمەڵایەتی لەنێو ئەم سیاقە بریتیە لە تێڕوانینی پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی وەکو ئاستی پێکەوەژیان لە نێوان کۆمەڵگاکان و قبوولکردنی جیاوازییە کۆمەڵایەتی و کەلتوری و نەتەوەییەکان و پلەی یەکسانی لە دەستگەیشتن بە سەرچاوەکانی گوزەران و سەرچاوەکانی تری کۆمەڵگا و هەستکردن بە ئەمنیەت و سەڵامەتی. تێڕوانینی پێکەوەژیان لە نێوان دانیشتواندا بەشێوەیەکی سەرەکی لەڕێی گفتوگۆکانی گرووپی دیاریکراوەوە لەگەڵ ئەندامانی کومەڵەی خانەخوێ سەرچاوە دەگرێ. بەشداربووان هاتنی ئاوارەکان وەك گۆڕانکاری سەرەکی گەڕەکەکەیان دەناسێنن، لێشاوی هاتنی خێزانە ئاوارەکان وابەستە دەکەن بە زیادبوونی ئەو ناسەقاگیری و گرژیەی کە هەستی پێ دەکرێ. پەنابەرانی سووری کەمتر ئامادەیان بۆکراوە، لەوانەیە لەبەر کەمی ڕێژەیان و نزیکی کەلتوریان بێت لە کەلتوری کۆمەڵگای خانەخوێ.

”ژمارەیەکی کەم لە ئاوارە ناوخۆییەکان هەن لەم گەرەکە چوونکە لێرە جێگای نیشتەجێبوون و خانوو زۆر گرانە. هەندیك لە ئاوارەکان زەوییە چۆڵەکان بەکاردەهێنن و خێمە هەڵدەدەن تاوەکو لەناودا بژین. ئێمە هەستێکی ناخۆشمان لەبارەی ئەوانەوە هەیە” قوتابی کوڕ، گەڕەکی سەربەستی، کۆمەڵگای خانەخوێ.

”کوردەکان ئێرە جێدەهێڵن و عەرەبەکان دووکان و مۆڵەکان داگیردەکەن. ئێمە لە عەرەبەکان دەترسین. ئەگەر تۆ بیست دووکان بژمێریت، نیوەی داگیرکراوە لەلایەن عەرەبەکان”. ئافرەتێکی پێگەیشتو، گەڕەکی سەروەران، کۆمەڵگای خانەخوێ.

” گەیشتنی ئەم ئاوارانە کاریگەری لەسەر ڕەفتار و کەلتورمان کردووە چونکە هەرچۆنێك بێت ئیمە خەڵکی جیاوازین“ . قوتابی کوڕ، گەڕەکی سەروەران، کۆمەڵگای خانەخوێ.

لە هەمان کاتدا، ئەم بۆچوونانە لەلایەن هەندێك کەسەوە جیاوازە سەبارەت بە هاتنی خەڵکی نوێ و ئاوارە ناوخۆییەکان هەروەها کۆمەڵگای خانەخوێ پێدەچێت ئەم ڕاستیە قبوولبکات کەوا دەبێت خۆیان ڕابهێنن لەگەڵ ئەو واقیعە تازەیەی هاتۆتە پێش بەهۆی ئەو ململانێیەی کە هەموو بەشەکانیتری عیراقی گرتۆتەوە. هەندێك لە بەشداربووانی گرووپی جێی سەرنج تەنانەت ئاماژەیان بە هەندێك کاریگەری ئەرێنی کرد ئاوارە ناوخۆییەکان هەیانە بۆ کۆمەڵگای ناوخۆیی کە هاتنیان بۆتە هۆی ئاشناکردنی پارە بۆناو ئابووری ناوخۆیی هەروەها داهاتی ئیش و کاری ناخۆیی لە ئاستێکی باش دەهێڵێتەوە. هەندێکیان ئاماژەیان بەوەکرد کەوا گەڕانەوەی ئاوارە ناوخۆییەکان بۆ شوێنی خۆیان کاریگەری نەرێنی دەبێت بەوەی کڕیار کەمدەبێتەوە بۆ بازاڕی ناوخۆیی. هەرچۆنێك بیت ئەو بیر و ڕایانە کەمینەبوون و زۆربەی کات لەلایەن ئەو بەشداربوانە هەژمارەدەکرێت کە ئەم بانگەشەیە ڕەتدەکەنەوە.

”بەلایەنی کەمەوە هاتنی عەرەبەکان کاریگەرییەکی ئەرێنی هەیە لەسەر جموجۆڵی بازار کە بۆتەهۆی هەبوونی کڕیاری زیاتر. گەڕانەوەیان خراپە و کاریگەری خراپی دەبێت چوونکە کەمی کڕیار دەبێتە هۆی زیادبوونی بێکاری و دروستبوونی کێشەی تر. “ دووکاندار، گەڕەکی سەروەران، کۆمەڵگای خانەخوێ.

> وا پێدەچێت دەرفەتی تێکەڵاوبوون لەنێوان گرووپەکانی دانیشتوان سنووردارێبێت بە بەراورد لەگەڵ ئەو گواستنەوە و بارە نەخوازراوە ، بۆ نموونە لە بازار، لە قوتابخانە یان لە بنکە تەندروسیتەکاندا.

وبیدو پێدەچێت دەرفەتی تێکەڵاوبوون لەنێوان گرووپەکانی دانیشتوان سنووردارێبێت بە بەراورد لەگەڵ ئەو گواستنەوە و بارە نەخوازراوە ، بۆ نموونە لە بازار، لە قوتابخانە، لە بنکە تەندروسیتەکاندا. زۆرێك لە بەشداربوانی گرووپی جێی سەرنج ئاماژەیان بەوە کرد کەوا بەربەستی زمان لەنێوان خەڵکی ناوخۆیی و ئاوارە ناوخۆییەکان هۆکارێکی هاوبەشە بۆ نەبوونی تێکەڵاوی. بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی ناوخۆیی ناتوانن بە زمانی عەرەبی قسەبکەن. لە قوتابخانەکاندا، بەرنامەی خوێندن یان وانەکانی پۆلی ئاوارە ناوخۆییەکان و خەڵکە ناوخۆییەکان وەك یەك نین. تێکەڵاوبوون لە نێوان و لەدەرەوەی پۆل قەتیس ماوە. ئەوەی حاڵەتی توندوتیژی تۆمارکرابێت زیاتر پەیوەندی بە جیاوازی کەلتور هەبووە لەسەر هەڵسوکەوتی گونجاوی کۆمەڵایەتی. لەکۆتایدا، زانیاری ڕوپێوی بەهەمان

Initiative REACH 2015 a 18

19 کاریگەریی ناجێگیریی دابینکردنی کارەبا لەسەر هەلومەرجەکانی ژیان لە کاتەکانی بۆ نموونە وەك زستاندا، ڕێژەیە، چونکە نزیکەی تەواوی خێزانەکان وەك سەرچاوەی گەرمی پشت بە کێرۆسین دەبەستن

شێوە ئاماژە بە هەندێك تێكەڵاوبوونی منداڵانی گەنج لە گرووپە جیا جیاكاندا دەكات. بو نمونە، تەنها 13% خێزانەكانی كۆمەڵەی خانەخوێ لە دەورەوبەری شاری هەولێر(ئەوشوێنانەی زۆریك لە ئاوارە ناوخۆییەكانی تێیدا دەژین) منداڵەكانیان یاری پۆژانە لەگەڵ منداڵانی گرووپەكانی تر دەكەن. لەنێو خێزانە ئاوارە ناوخۆییەكانی هەمان ناوچەدا ئاماژە بۆ رێژەیەك لە گۆشەگیری و دوورەپەرێزی دەكرێ. هەرچەند رێژەكە بەرز دەبێتەوە بۆ 43% بەڵام ئەمە هێشتا بەشێوەیەكی رێژەییانە نزمە.

"ڕۆژێك لەگەڵ باوكم چووم بۆ دووكانێك و پرسیارمكرد بەڵام خاوەن دوكانەكە داوای كرد بە عەرەبی قسە بكەین چوونكە ئەو زمانی كوردی باش تێنەدەگەیشت. من بەڕاستی دڵتەنگم بە وەی كە هەست بەبێگانەیی خۆم بكەم لە ناو گەرەكەی خۆمدا . " قوتابی كچ، گەڕەكی سەروەران، كۆمەڵگای خانەخوێ.

"كێشە و دەمەقاڵی هەیە لە نێوان منداڵانی ئاوارە ناوخۆییەكان و منداڵانی ناوخۆیی ئەوانەی لەهەمان قوتابخانەدا دەخوێنن. كورە عەرەبەكان زۆر هەستیاران بەرامبەر بە كورە كوردەكانی ناوخۆیی كە ڕێگە بە سەیركردن یان قسەكردن لەگەڵ كچە عەرەبەكان بەهیچ شێوەیەك نادەن. ئەمە هەڵوێستێكی زۆر مەترسیدارە كە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دەمەقاڵێی بەردەوام و شەڕكردن لەگەڵ یەكتری زۆربەی جار. " مامۆستایەكی ئافرەت، گەڕەكی حەسارۆك، كۆمەڵگای خانەخوێ.

" ڕێژەیەكی كەم لە ئاوارە ناوخۆییەكان هەن لە گەرەكەكەی ئێمە. ئەوان زۆر كۆمەڵایەتی نین و تەنانەت نایەنە دەرەوە لە ماڵ مەگەر شتێكیان پێویستبێت و بیكڕن و ئیمە بیانبینین، پەیوەندیمان لەگەڵیان زۆر باشە و ڕێزیان لێدەگرین".
ئافرەتێكی پێگەیشتو، گەڕەكی حەسارۆك، كۆمەڵگای خانەخوێ.

دابەشبوون لە نێوان كۆمەڵگاكاندا

كۆمەڵێك هۆكار هەن كە دەبنە هۆی بێ متمانەیی لە نێوان كۆمەڵگاكان. هەندێك لەم هۆكارانە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو كێشە قوڵە چارەسەرنەكراوە مێژووییانەی نێوان كورد و عەرەب لە عێراقدا و پەیوەندی بەو گۆڕانكاریە هەنگاو بە هەنگاوە دیمۆگرافیانەی دانیشتوانەوە هەیە كە لەوانەیە كاریگەری هەمیشەیی لەسەر ناسنامەی كوردستان دروستبكەن. هۆكارەكانی تر كە پەیوەندییان بە ژیانی ڕۆژانەوە هەیە ئاسانترن بۆ چارەسەركردن.

بەشداربووانی گرووپی جێی سەرنج ئاوارە ناوخۆییەكان وا وەسف دەكەن كە نایانەوێت خۆیان لەگەڵ ڕەوشە تازەكانی وەك هەڵسوكەوتی قەبوڵكراوی گشتی و فێربوون یاخود قسەكردن بە زمانی كوردی ڕابهێنن. بەشداربووان ئاماژەیان بە نایەكسانی لە مووچە و یارمەتیشدا كرد وەك سەرچاوەیەكی تری گرژی.
فەرمانبەرە ئاوارە ناوخۆییەكان هێشتا مووچەی خۆیان وەردەگرن لە حكومەتی ناوەندی عێراق لەكاتێكدا زۆرینەی خەڵكی ناوخۆیی مووچەیان وەرنەگرتووە لەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە بەهۆی كەمبوونەوەی بووجەی گشتی و بڕینی بەشە بوودجەی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەلایەن حكومەتی عێراقەوە. ئەم مووچە وەرگرتنەی ئاوارە ناوخۆییەكان هاوشانە لەگەڵ ئەو پاڵپشتیە مرۆییەی كە بە شێوەیەكی سەرەكی تەنها دەدرێت بەو ئاوارانە كە ئەمەش هۆكارێكە لە نەبوونی تێگەیشتن و هەستكردن بە پێداویستی و ناڕەحەتیەكانی یەكتری.

" دوای ئەم هەموواڵە شەركردن بۆ ولاتەكەم ئیستا من دەبێت بە زمانی عەرەبی قسەبكەم كاتێك دەچم بۆ دوكانێك. ئەوان دوكانەكانیان داگیركرد و ڕێزمان لێناگرن تەنانەت هەوڵی فێربوونی زمانی كوردی یاخود تێگەیشتن لە كەلتوری ئێمە نادەن. " پێشمەرگەیەك، گەڕەكی سەروەران، كۆمەڵگای خانەخوێ.

" بۆچی دەبێت ئێمە زمانی عەرەبی بخوێنین لەكاتێكدا قوتابخانە عەرەبیەكان زمانی كوردی ناخووێنن ؟ " قوتابی كچ، گەڕەكی سەروەران، كۆمەڵگای خانەخوێ.

"هەندێك پەنابەری سووری هەن لە گەرەكەكەمان. تۆ دەیانبینیت زۆر هەژارن و زۆر بە زەحمەتی نان پەیدادەكەن جیاواز لەگەڵ عەرەبەكان كە هەموو مانگێك مووچەی خۆیان وەردەگرن. " پیاوێكی پێگەیشتو، گەڕەكی حەسارۆك، كۆمەڵگای خانەخوێ.

هەستكردن بە ئاسایش لە ژیانی ڕۆژانەدا

لەگەڵ ئەو هەموو گۆڕانكاریانەی كە بەسەر گەڕەكەكان داهاتووە، هەستكردن بە سەڵامەتی لە ناو كۆمەڵگاكاندا، لە هەموو گرووپەكانی دانیشتواندا، زۆر بەرز ماوەتەوە. بۆنمونە، تەنها 2% ی خێزانەكان هەستیان بە نا ئاسایشی یان مەترسی كردووە لە گەرەكەكەیاندا لەكاتێكدا 25% خێزانەكان هەستیان بە ئاسایش و سەلامەتی كردووە و لە 73% هەستیان بە سەلامەتییەكی زۆر كردووە. هەروەها لە ڕاستیدا هیچ خێزانیك ئەوەی نەخستەڕوو كە ئەندامێكی خێزانیان تووشی تووندوتیژی جەستەیی هاتبێت[20] .
لەگەڵ ئەو ئاستە بەرزەی ئاسایش و سەلامەتی، زۆرێك لە بەشداربوونی گرووپی جێی سەرنج لە كۆمەڵگای خانەخوێ ئەوەیان خستەڕوو كەوا زیادبوونی لاوازی و شلۆقی ئابووری وا لە "هەندێك خەڵك دەكات تاوانكاری بەرامبەر كەسانی تر ئەنجام بدەن" گومانكردن بەرامبەر بە دانیشتوانە ئاوارەكان بەهەمان شێوە كاریگەری لەسەر بۆچوونی بەشداربوونی گرووپی جێی سەرنج دروستكردوە لەڕووی ئاسایشی و پاراستنی خۆیان. لە ڕاستیدا زۆرێك لە خەڵكی داوای ڕۆڵی بەهێزتری ئاسایشیانكرد (هێزی ئاسایشی ناوخۆ) بۆ پاراستنی دانیشتوان لە مەترسی دەرەكی بۆ سەر سەلامەتی ڕۆژانەیان كەوا بەشداربووان وای دەبینن كە ئەو مەترسیانە ڕوو لەزیادبوونە.

"هەرچەندە گەڕەكەكە زۆر ئارامە، بەڵام ئیمە حەزدەكەین ڕۆڵی بەرزتری ئاسایش ببینین." ئافرەتێكی پێگەیشتوو، گەڕەكی سەروەران، كۆمەڵگای خانەخوێ.

"من هەست بە سەلامەتی و ئاسایش دەكەم بەڵام ئەوەی ڕاستیبێت من لە جاران زیاتر وریاترم هەروەها پێوانەكانی سەلامەتی زیاتر بەهەند وەردەگرم

20 هەڵسەنگاندنی بابەتی وەكو سەلامەتی و تووند و تیژی و پێكەوەژیان لە نێوان گرووپەكانی دانیشتووانداو بە پشت بەستن تەنها بە دەرەنجامەكانی ڕووپێوی خێزانەكان كاریگی زەحمەتە، بەهۆی سنووردارێی گەڕان بەدوای تیرواتینەكان لە ڕێگای پرسیارنامەوە. ئەو كەسانەی كە وەڵام دەدەنەوە لەوانەیە هەموو كات نەیانەوێ ئەو جۆرە ئەزموونە یان هەستە بڵاوبكەنەوە، بۆیە نابێت سنوردارێی لە نوێنەرایەتكردنی وەڵامەكان لەسەر ئەم بابەتانە لەبیربكرێت

لەبەر ئەم بارودۆخە ئابووریيەی کە کاریگەری لەسەر خەڵکی ئەم گەرەکە دروست دەکات. من پێشتر ئۆتۆمبێلم لە پێش خانووەکەم پارەدگرت بەڵام ئیستا دووجار بیردەکەمەوە پێش ئەوەی پارببگرم." خاوەن دوکانێك، گەڕەکی سەروەران، کۆمەڵگای خانەخوێ.

"تۆ سەیری دەوروبەرمان بکە، ئەم هەموو عەرەبە، هەفتەی پارەدوو ئاسایش هەندێك عەرەبی دەستگیرکرد کە وەك کۆچبەرهاتبوون بەڵام پلانی ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆرستیان هەبوو بوو. هەندێك جار پرووداوی تریش پرووەدەن، بەڵام سوپاس بۆ پۆلیس و ئاسایش کە ئاگاداری ئەم دۆخەن". قوتابیەکی کچ، گەڕەکی سەروەران، کۆمەڵگای خانەخوێ.

تێرۆانینی کۆمەڵگا ئاوارەکان

ئەو بۆچوون و تێرۆنینانەی کە لەسەرەوە وەرگیراون بە دڵنیاییەوە باس لەوەدەکەن چۆن دانیشتوانە ئاوارەکان هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرێت کە بەهەمان شێوە کاریگەری لەسەر ژیانی ڕۆژانەیان هەیە. دانیشتوانە ئاوارەکان بەهەمان شێوە نێگەرانی دەردەبڕن لەسەر پێکەوەگونجانی کۆمەڵایەتی و ئاگادارن کە ئەوان لە ئاستی گومان و نامتمانەدا دەبینرێن لەنێو کۆمەڵگا تازەکاندا.

ئەو پەنابەرە سووریانەی دەرەوەی کامپ کە بەشداری لە گفتوگۆکانی گرووپە دیاریکراوەکانی تایبەت بە UNHCRی ساڵی 2015 یان کرد باسیان لەوەکرد کە چۆن پێشبڕکێی کار هەڵوێستێکی نەرێنی بەرامبەر بەوان دروست دەکات لەهەرێمی کوردستاندا، کە لەئەنجامدا بووەتە هۆی ئەوەی کە بەشێوەیەکی خراپتر مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و نرخێکی کەمتریان لە بازاری کاردا لە لایەن خاوەنکارەکانیانەوە پێبدرێت.

ئاوارە ناوخۆییەکانی دەرەوەی کامپەکان لە UNHCR گرووپی جێی سەرەنجی ساڵی 2015 بەهەمان شێوە نیگەرانییان لەسەر بار و دۆخیان لە هەرێمی کوردستان و قبوڵکردنیان لە لایەن کۆمەڵگای خانەخوێوە دەربڕی. ڕایانگەیاند کەوا حەزدەکەن بەشداریيەکی زیاتری لایەنە پەیوەندیدارەکان و پەیمانگا ناوخۆییەکان و ڕابەرەکانی کۆمەڵگاکان ببینن بۆ بەدیهێنانی پێکەوەژیانێکی باشتر لە نێوان کۆمەڵگاکاندا. بەشداربووان داوای هەستیاری و بایەخی دانیشتوانی ناوخۆیی و بەتایبەتی هێزە ئەمنییەکان دەکەن لەسەر ئەو کێشانەی کە بەگشتی ئاوارە ناوخۆییەکان ڕووبەڕوویان دەبنەوە و هەروەها وەکو هۆکارێکی بێ متمانەیی ئاماژەیان بە کەمی کۆڕبەند و چاوپێکەوتنەکان کرد بۆ تێکەڵاوبوون و کارلێکردن لە نێوان هەردوو گرووپەکەدا.

بەشداربوانی گرووپی دیاریکراوی ئاوارە ناوخۆییەکان تێبینیی ئەوەیانکرد کە پەیوەندی و تێکەڵاوبوونی شپرزە لە نێوان کۆمەڵگاکاندا کۆسپ دەخاتە سەر کارەکانی ژیانی ڕۆژانەیان و توانای گوزەرانکردنیان بەشێوەیەکی سەربەخۆ. گرووپی ئاوارە ناوخۆییەکان لە کۆیە ئاماژەیان بەو کێشانە کرد کەوا لەکاتی ڕۆیشتن لە نێوان خاڵی پشکنینەکان تووشیان دەبێت، بۆ نموونە نووسراوی گەشتکردنیان پێویستە و زۆربەی جار لایەنی پەیوەندیدار بێ هەڵویستن لەبەرامبەر بەخشینی ئەو نووسراوانە. ئەمە کاریگەری لەسەر هەموو کۆمەڵگا دەبێت نەوەك تەنها لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە (نەبوونی ئازادی جوڵانەوە) بەڵکو لە ڕووی ئابووریيەوە (کێشەی زیاتر بە ڕووی زامنکردنی گوزەرانکردن) و بەهەمان شێوە لە ڕووی جەستەییەوە (دەستنگەیشتن بە چارەسەرە تەندروستیەکان لە ناوچەکەیان).

پێویستە ڕێبازی زیاتری پشت بەستوو بە مافەکان ڕەچاوبکرێن چونکە لەکۆتاییدا ئەو ڕێبازانە بریتین لە بزوێنەری سەرەکی ستراتیژە بەردەوام و سەرکەوتووەکانی بەشارستانیکردن کە پێویستە پێکەوەژیانێکی ئاشتییانە لەخۆ بگرێت

6. مافی ژیانی ناو شار و گرێبەستی کۆمەڵایەتی

نامۆبوون و پێشبڕکێ

هاوشانبوونی قەیرانی ئاوارەبوون و قەیرانی ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا بۆتە هۆی بەکارخستنی داینامیکێکی نەرێنی لە بواری بەرێوەبەردنی گشتی و بەکارهێنانی سەرچاوە گشتییەکان. ئەندامانی کۆمەڵگای خانەخوێ لەنێو گفتوگۆکانی گرووپی جێی سەرنج هەستی ئەو نامۆبوونەیان لەشاری خۆیان خستەڕوو کە پەیوەستە بە ئەزموونەکانی ململانێیی نێوان خۆیان و ئەو دانیشتوانە ئاوارانەی کە تازە ڕوویان لەو ناوچانە کردووە، ئەو ململانێیەش لەسەر ئەو خزمەتگوزاری و شوێنە شارنشیینانەیە کە لەو ناوچانەدا دابینکراون.

گرووپی بەشداربوانی جێی سەرەنج باسی ئەو ڕوداوانەیانکرد کە تیایاندا هاتنی خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکان سەرچاوە گشتییەکانیان سنوردارکردوە لەکاتێکدا دەبوایە ئەو سەرچاوانە بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ کۆمەڵگای خانەخوێ تەیار و ئامادەبووان. ئەم گفتوگۆیانە زۆربەی جار ئەوە ڕوونەدەکەنەوە کەوا ئاوارە ناوخۆییەکان خۆشگوزەرانترن لە خەڵکە ناخۆییەکان، لەکاتێکدا تێگەیشتن و دڵسۆزیەکی تەواو بەرامبەر ڕەوشی کۆمەڵگای خانەخۆی پیشانادەن.

"قوتابخانەی تایبەت هەیە بۆ عەرەبەکان، چونکە ئەوان نایانەوێ بە کوردی بخوێنن بەڵام ئێمە ناچارین بینایەی قوتابخانەکەمان بەش بکەین لەگەڵیان کە دەبێتە هۆی دروستبوونی بەرەنگاری و ململانێ. " مامۆستا، گەڕەکی حەسارۆك، کۆمەڵگای خانەخوێ.

"فەرماندەیەکی پێشمەرگەی پێشووی ناسراو هەیە و نەخۆشی شێرپەنجەی هەیە. ئەو نەیتوانی چارەسەر وەرگرێت چونکە لە نەخۆشخانە لە نۆرەدا وەستابوو لەکاتێکدا ئاوارەی ناوخۆی عەرەب هەبوون لە پێش ناوی ئەو چارەسەرییان وەرگرت بەڵام ئەو وەری نەگرت." دوکاندار، گەڕەکی سەروەران، کۆمەڵگای خانەخوێ.

”ئەوان ئەوپارەیە لە کوێ دەهێنن؟ تەنانەت لە دەوڵەمەندترین ناوچەکاندا ئاوارەی ناوخۆیی هەن. ئەوان ئاوی بوتڵ دەکڕن لە کاتێکدا ئێمە لە ئاوی بۆری دەخۆینەوە.“ ئافرەتێکی پێگەیشتوو، گەڕەکی سەروەران، کۆمەڵگای خانەخوێ.

ئەم نیگەرانییانە درز و پەرتەوازەیی قووڵتر لەو ڕێککەوتنامە کۆمەڵایەتیە نیشان دەدەن کە تاوەکو ئیستا کۆمەڵگای بەیەکگرتویی هێشتۆتەوە. دامەزراندنی ئەم ڕێککەوتنامە کۆمەڵایەتییە بریتیبوو لەوەی هەموو دانیشتوانەکانی کوردستان گەرەنتی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاریی تەندروستی و پەروەردە و پاراستن و گوزەرانی هەبێت. ئەمە دەستکەوتێکە لە حاڵەتی ئیستای ئابووری هەرێمی کوردستاندا پارێزگاری لێکردنی کارێکی زەحمەتە.

ئەندامانی کۆمەڵگای خانەخوێ پێیانوایە ’بیانیەکان‘ مافی زیاتریان هەیە لە وەی ئەوان هەیانە، بەڵام ئەوەی لە ڕاستیدا ڕووەدات بریتیە لەوەی داواکاری زۆر زیاتر هەیە بۆ خزمەتگوزاری هەروەها توانایی دابینکردنیش سنووردارە بەهۆی سنووداری بووجەوە: سنووداربوونی بوودجە بەبێ گوێدان بە قەیرانەکانی ئاوارەبوون هەر ڕوویدەدا.

” ئەوان دێن بۆ ئێرە و مووچەی خۆیان وەردەگرن و ژیانی خۆیان دەبەنەسەر. ئەوان شەری داعش ناکەن، لە لایەکی دیکەوە گەنجەکانی ئێمە دەڕۆن بۆ هەندەران چونکە هیچ دەرفەتێك شك نابەن تاوەکو ئیش بکەن. “ پیاوێکی پێگەیشتوو، گەڕەکی حەسارۆك، کۆمەڵگای خانەخوێ.

”پێویستە یاسایەك هەبێت بۆ ڕێکخستنی هاتنیان و مانەوەیان. هەروەها ئەوان پێویستە بەرپرسیارێتیشیان هەبێت نەوەك تەنها ماف. “ قوتابییەکی کچ، گەڕەکی سەروەران، کۆمەڵگای خانەخوێ.

” ئەم بابەتە پێویستە لەگەڵ دانیشتواندا باسبکرێت بە گشتی و داوای ڕەزامەندییان لێبکرێت ئاخۆ ئەوان ئەم هەموو خەڵکە ئاوارەناوخۆییە قبوڵدەکەن .“ پیاویکی پێگەیشتوو، گەڕەکی سەروەران، کۆمەڵگای خانەخوێ.

جیاکردنەوەی دانیشتوان بەپێی ڕێبازێکی کە لەسەر بنەمای مافەکان دامەزراو

تێڕوانین و بۆچینی ”داگیرکردنی“ شار لە لایەن ئاوارە ناوخۆییەکانەوە کاریگەری لە سەر جۆرەکانی ئەو چارەسەرییانەش هەیە کەوا کۆمەڵگای خانەخوێ ڕەچاویان دەکات بۆ دووبارە بەدەستهێنانەوەی مافەکانیان بۆ شارەکە. ئەندامانی کۆمەڵگای خانەخوێ ئەوانەی بەشداریدەکەن لە گفتوگۆکانی گرووپی جێی سەرنج داوایان لێکرا بۆئەوەی بیر لە باشترین ڕێگا بکەنەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانەکانی ئاوارەیی لەناو گەڕەکەکانی خۆیاندا لە ئەگەری مانەوەی ئاوارە ناوخۆییەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

لەنێو هەموو گفتوگۆکانی گرووپە دیاریکراوەکاندا، چارەسەری سەرەکی پێشنیازکراو چەند ڕێگەیەکی جیاواز پێکهات لە جیاکردنەوەی ئاوارە ناوخۆییەکان لە کۆمەڵگای خانەخوێدا.

پێشنیازەکان بریتیبوون لە دانانی ئاوارە ناوخۆییەکان لە چەند ناوچەیەکی دیاریکراودا یاخود لە کامپەکانی دەرەوەی شار بۆ فەراهەمکردنی مافەکانیان و پاراستنیان بە شێوەیەکی باشتر.

ڕێگاکانی تر بریتیبوون لە هێنانە کایەوەی چەند بەرکەوتەیەك (الحصه) لەسەر ژمارەی ئەو کار و بازرگانیانەی کە ئاوارەکان دەتوانن خاوەندارێتی بکەن و لەسەر جۆری ئەو چالاکیە ئابورییانەی کەوا دەتوانن بەشداربن تێیدا. ئەم پێشنیازانە کران بەمەبەستی ئەوە کران کە خزمەتگوزاری و کاری بۆ کۆمەڵگای خانەخوێ فەراهەم بکرێ، ئەم پێشنیازانە مەترسی گۆڕانی سەرژمێری لەدانیشتوان و ناسنامەش لەهەرێمی کوردستاندا لەخۆدەگرن.

”ئەگەر ئەوان جیابونەتەوە لە کۆمەڵگای خانەخۆی و لە کامپێك نیشتەجێدەبن، ئەوە ئەمە یارمەتیدەر دەبێت بۆیان بە هەبوونی دەرفەتی کار لە ناو کامپەکە هەروەها خزمەتگوزاری بەشێوەیەکی ئاسانتر دەتواندرێت دابینبکرێت بۆیان.“ قوتابییەکی کچ، گەڕەکی سەربەستی، کومەڵگای خانەخوێ.

”باشترە ئەگەر ئەوان بچنە دەرەوەی شار. لەوانەیە بتوانن کۆببنەوە لە شوێنێکی دیاریکراودا. گەرەکێکی جیا باشترەبێت بۆ عەرەبەکان“. ئافرەتێك، گەڕەکی سەروەران، کومەڵگای خانەخوێ

”گەرانەوەیان باشترین چارەسەرە بۆ هەموولایەك. بەڵام ئەگەر هیچ هەڵبژاردنێکی تر نەبێت، ئەوا پێویستە شوێنێکی تایبەت بەخۆیان هەبێت، هەروەها بەشی بازرگانی و چالاکیتریش دەبێت کەوا ئاوارەکان پێویست ناکات ببەن زیاد لە ڕێژەیەکی دیاری کراو، کەواتە ئێمە دەرفەت دابین دەکەین بۆ کوردە دانەمزراوەکان (بێ کارەکان)“. پیاوێکی پێگەیشتوو، گەڕەکی سەروەران، کومەڵگای خانەخوێ.

ئایا دەبێت ئەم پێشنیازانە ڕووبەڕوو بکرێنەوە لەگەڵ کرداری جیاکردنەوەکە؟ چەند گونجاوە وادابنێین کە زۆرینەی دانیشتوانە ئاوارە ناوخۆییەکان لە ناوچە شارنشینیەکاندا نیشتەجێدەبن و کار دەکەن؟ دووبارە گێرانەوە و بەدەستهێنانەوەی ’مافەکان بۆ شارەکە‘ زامنی ئەوە دەکات کە نابێت و ناکرێت گرووپێك بەرایی پێ بدرێت بەسەر گرووپێکی تردا.

کەمکردنەوەی مافی هەندێك لەکاتێکدا داوا لە هەموو دانیشتوان دەکرێت بۆ گرتنەئەستۆی بەرپرسیارەتیی بڕیارێکی لەو جۆرە کەوا جیاوازە بە بەراورد لەگەڵ کرۆکی ماف بۆ جێگای چۆڵی شارنشینەکان. ئەو بارودۆخە شپرزەیەی ئیستا و بۆچوونە زاڵانەی نێوان کۆمەڵگای خانەخوێ بەرە بەرە بورای ئەو ڕێگە و ڕێبازانە بچووك دەکاتەوە کە دەبێت ڕەچاوبکرێن.

لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ڕێبازی پشت بەستوو بە مافەکان زیاتر ڕەچاوبکرێت چونکە لەکۆتاییدا ئەو ڕێبازانە بریتین لە بزوێنەری سەرەکی ستراتیجیەتە بەردەوام و سەرکەوتووەکانی بەشارستانیکردن کە پێویستە پێکەوەژیانێکی ئاشتیانە لەخۆ بگرێت

٥. دامەزراندن و خستنەسەرکار لە شار و شارۆچکەکاندا

تاوتوێ و پوختەی ئەنجامە سەرەکییەکان

یەکێك لە نیگەرانیە هەرە فشارئامێزەکان لە بارودۆخێکی ئاوەها قەیراناوییدا کە چۆن هاتنی ئەو ژمارە گەورەیەی خەڵك بۆ ناو هێزی کار کاریگەریی دەکاتە سەر بازاڕی کار. تێگەیشتنی ئەمە گرنگە، چونکە دامەزران بۆ هەموو خەڵکی شار و شارۆچکەکان کلیلی ژیانێکی سەربەخۆیە، و هەروەها بە دیاریکراویی بۆ ئەو گرووپانەی کە ناتوانن بگەن بە تۆرە سەلامەتییە گشتییەکان شتێکی زۆر پێویستە. لە پارێزگای هەولێردا، دەبینین کە هەڵەکانی دامەزراندن تا ڕادەیەکی باش توانیویانە بە ڕووی ئەو شۆکەدا بوەستنەوە کە تووشیان هاتووە و تا ئەم چرکەیەش نەگەیشتوونەتە ئاستە مەترسیدارەکان. دانیشتوانی کۆمەڵگای خانەخوێ پارێزگاریی لە ڕێژە هاوشێوەکانی دامەزراندن کردووە کە بەر لە قەیرانەکە هەیبوو. بۆ پەنابەرە سوورییەکانیش، دامەزراندن زۆر بەرزە، بەو ڕادەیەی کە بۆ دانیشتوانە ڕەگەز نێرەکەیان دەگاتە نزیکەی ٨٠%.

بەڵام بە بەراورد ئەوانەدا، دانیشتوانە ئاوارە ناوخۆییەکان ڕێژەییانە ڕێژەی دامەزراندنی نزمتر و ژمارەیەکی زیاتر خەڵکیان هەیە کە بەدوای کاردا دەگەڕێن، بەڵام ئەم بارودۆخەی ئاوارە ناوخۆییەکان بە شێوەیەکی گشتیی قەرەبووکراوەتەوە، ئەویش بەوەی کە لەلایەن حکوومەتی عێراقی فیدراڵەوە ئاسانکارییان بۆ کراوە دەستیان بە گواستنەوە گشتییەکانی ئەو کار و پیشانەی کە پێشتر لە شوێنە ڕەسەنەکانی خۆیاندا هەیانبووە، بگات.

لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم ئەنجامە ڕێژەییە ئەرێنییانە دەمامکی ئەو پرسە زیاتر پڕ لە کێشانەی کە لە بازاڕی کارەوە سەرهەڵدەدەن و پەیوەندییان بە شکستباریی و لاوازیی چاوەڕوانکراو و نایەکسانیەوە هەیە، دەدەن. یەکەم پرسیش پرسی نافەرمییەتیی بازاڕی کار و نیگەرانیەکانە سەبارەت بە هەلومەرجی کارکردن. سەبارەت بەوەی کە پەیوەندی بە نافەرمییەتی دامەزراندنەوە هەیە، هەندێك لە کەرتەکان زیاتر لە کەرتەکانی دیکە مەیلی ئەو جۆرە دامەزراندنە دەکەن. بۆ نموونە، لە کەرتەکانی بیناتان و هەروەها فرۆشتنی بە کۆ و بە تاکدا، تەنیا لە ٣٠%ی کرێکارەکان بە پێی گرێبەستی یاسایی دامەزرێنراون و زۆرینەی هەرە زۆریان لە بری مووچە کرێ و هەقدەستیان پێ دەدرێت، کە ئەمەش دامەزراندنی زیاتر نافەرمی و پچڕپچڕ دەردەخات. وا پێ دەچێت کە بەتایبەتی پەنابەرە سوورییەکان لەبەرامبەر ئەو جۆرە ڕێکخستنەدا لاواز بن چونکە بەبێ گرێبەست لە کەرتە جیاوازەکاندا دادەمەزرێنرێن و پشتیش تەنیا بە کرێ و هەقدەستی ڕۆژانە دەبەستن – بەتایبەتی لە شارۆچکەکاندا، نزیکەی تەواوی دەمەزراندنەکان نافەرمین و هیچ گرێبەستێکیان نیە. ئەم نیشاندەرانە – نافەرمییەتی و پشتبەستن بە کرێ و هەقدەستی ڕۆژانە، هەردووکیان پێکەوە، لایەنێکی گرنگی چاودێریکردنی ئەو ناوچانەی کەرتی تایبەت دەناسێنن کە توانای زیاتریان لە گرتنەخۆی کرێکاراندا هەیە.

ئێمە لە ڕووی دامەزراندنەوە، هیچ بەڵگەیەکی ڕاستەوخۆی جیاکاریمان لە بەرامبەر ئاوارە ناوخۆییەکان یاخود پەنابەرەکاندا نەدۆزییەوە، بەڵام ئەو بارودۆخەی کە زۆر جار ئەوانەی تێدەکەوێ و بووەتە هۆی ئەوەی دەستیان تەنیا بە چەند جۆرێکی دیاریکراوی دامەزراندن و کار بگات ئەوە دەردەخات کە ئەوان لە ڕووی ئەو داهاتەوە کە بەدەستی دەهێنن، سزادەدرێن. بێکاریی بە شێوەیەکی یەکسان لە شار و شارۆچکەکاندا دابەش نەبووە. سەرەڕای لەخۆگرتنی زۆربەی دانیشتوانە پەنابەرە سوورییەکان و ژمارەیەکی بەرچاوی ئاوارە ناوخۆییەکان، کەچی سەنتەری قەزای هەولێر توانیویەتی ژمارەیەکی زیاتری هەلی کار بڕەخسێنێت.

بەدەر لە سەنتەری قەزای هەولێر، ئەو ناوچانەی کە لێشاوی گەورەی خەڵکە تازە ئاوارەبووەکانیان وەرگرتووە هەر هەمان ئەو ناوچانەن کە بەشێکی زیاتری خەڵکەکەیان نەیانتوانیوە لە مانگی بەر لەم ڕووپێوییەدا کارێك بۆ خۆیان بدۆزنەوە. ئەم ناوچانە، وەك: شەقڵاوە، بەحەرکە، دارەتوو و خەبات، وەك دوو کەرتی سەرەکیی دامەزراندن و خستنەسەرکار، تەنیا کەرتی بیناتان و کەرتی خزمەتگوزارییە بچووکە ڕاستەوخۆکانیان هەیە، بەڵام ئەم دوو کەرتەشیان لە ڕووی حاڵەتی گرێبەستەکانیانەوە بە هەلومەرجە نافەرمییەکانەوە بەستراونەتەوە. ئەم دوو کەرتەش بەهەمان شێوە لە حاڵەتێکی نائومێدیی گەورەدان، هەرچەندە ئەگەری بووژانەوەیان ڕێی تێدەچێ، بەمەرجێك ئەو قەیرانی نیشتەجێبوونەی کە لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا بگۆڕدرێ بۆ وەبەرهێنانی زیاتر و دووبارە کاراکردنەوەی هەلە ئابووورییەکان.

هەرچی سەبارەت بە دامەزراندن و خستنەسەرکاری ئافرەتانە، ئەو بەشەی ئافرەتان کە خەریکن کاردەکەن بەشێکی زۆر بچووکە و لە دەرەوەی کار و پیشە حکومییەکانیشدا هەلی کەم بۆ کارکردنی ئافرەتان هەیە. بەشی گەورەی ئەمەش لە بنەما و باوەڕە عادەتیی و کلتوورییەکانی سەرجەم کۆمەڵگاکان سەبارەت بە ڕۆڵێ ئافرەتانەوە سەرچاوەدەگرێت. زۆربەی ئەو ئافرەتانەی لە ئێستادا لە تەمەنی کارکردندان، ئاوارە بن یان نا، نەخوێندەوارن، ئەمەش لە بازاڕی کار دەیانکاتە دەرەوە. ئافرەتە گەنجەکان خەریکن هەنگاو بە هەنگاو دەستیان بە ئاستەکانی خوێندنی باڵا دەگات و بەمەش لە داهاتوودا بەدوای چوونە ناوەوەی بازاڕی کاردا دەگەڕێن. چوونی ئەوان بۆ ناو بازاڕی کار بۆ گەشەکردنی ئابووریی ناوچەکە گرنگ دەبێت، بەڵام ئەگەر بێت و خۆی مۆدێرن نەکات و بە هەمەچەشنکردنی کار و پیشەکانی شتێکی وا نەکات کە ئافرەتانیش دەستیان پێی بگات، ئەوا چوونی ئافرەتان تەحەدایەک لەبەردەم ئەو بازاڕەدا دروست دەکات.

لەکۆتاییدا، هەلومەرجەکانی بازاڕی کار لە داهاتوویەکی نزیکدا بەرەو خراپتر پەرەدەستێنن ئەگەر کۆمەڵگای خانەخوێ کە لە ئێستادا لە کەرتی حکومیدا دامەززراون، دەست بە گەڕان بەدوای خۆشگوزارەنیی لە کەرتی تایبەتدا بکەن – کە ئەگەر پێدانی مووچە حکومییەکان لە حاڵەتی پچڕپچڕیی و نزمیی خۆی بەردەوام بێت، ئەمە ئەگەرێکی چاوەڕوانکراوە. بۆیە ئەگەر کەرتی تایبەت بەهێز نەکرێ و هەلی کار و دامەزراندن لە هەندێك لە کەرتە سەرەکییەکاندا زیاتر نەڕەخسێندرێن، ڕەنگە ئەوسا بەرزبوونەوەی ژمارەی ئەو کەسانەی کە ناسەرکەوتووانە بەدوای کاردا دەگەڕێن، هەروەها دابەزینی بڕی کرێ و هەقدەستەکان و تووشهاتنی خێزانەکان بە شکستباریی و لاوازیی، ببینین.

1. باری کاری دانیشتوان


ڕاڤەکردنی چەمکەکان

باری کاری دانیشتوان لەڕێگەی سێ نیشاندەرەوە ڕاڤەدەکرێت. یەکەم، لەڕێگەی ڕێژەی لە سەدای تاکەکانەوە کە لەنێوان تەمەنی ١٥ بۆ ٦٤ ساڵیدان و مانگێک پێش ڕووپێوییەکە دامەزراون، جا چ خۆیان خاوەنکار یان کارمەند بن، کارکردنەکەشیان بەشێوەی هەمیشەیی یان کاتی بووبێت. دووەم، لەڕێگەی ڕێژەی لەسەدای ئەو تاکانەی کە لە نێوان ١٥ بۆ ٦٤ساڵیدان و کاریان نەکردووە و لەهەمان کاتیشدا بە بەردەوامیی بەدوای کاردا گەڕاون، جا چ بۆ یەکەم جار یان دوای لەدەستدانی کاری پێشووتریان بێت. سێیەم، لەڕێگەی ڕێژەی لەسەدای ئەو تاکانەی کە دەمێننەوە و تەمەنیان لەنێوان ١٥ یا ٦٤ساڵیدایە و لەدەرەوەی هێزی کاردان، بەو مانایەی کە بەردەوام قوتابیین، یان پەککەوتەن و توانای کارکردنیان نیە، یان کابانی ماڵن، یان زوو خانەنشین بوون، یان حەزیان بە کارکردن نیە. ئەو خەڵکانەش کە "لە ڕووی ئابورییەوە ناچالاکن" بە خەڵکی دانەمەزراو هەژمارناکرێن. هەموو ئەو سێ گرووپانەش تێکڕای لەسەدا سەد پێکدەهێنن.

چەمکە باوەکانی ڕێژەی کارکردن و کارنەکردن لەسەر دۆخی هەرێمی کوردستان و لە شوێنێکی پڕ لە ئاوارەی وەکو ئەوەی ئێستا جێبەجێناکرێت. پێناسەی کارکردن ئەونەیەکە لەمە: دامەزراندنی فول دەوام و نیوە دەوامی نافەرمیی لەم کۆنتێکستەدا باوە، بەو مانایەی کە تاکەکان لەوانەیە بە بەردەوامیی کاریان نەکردبێت، بەڵام بەشێوەیەکی پچڕپچڕ و لە شوێنی جیاجیادا بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک کاریانکردووە. لە ڕێکاری ڕووپێویی ئەم ڕاپۆرتەدا، ئەم جۆرە تاکە وەکو دامەزراو هەژمارکراوە، تەنانەت ئەگەر لەماوەی ئەو مانگەدا تەنیا یەک هەفتە کاری کردبێت و کاتەکانی دیکەی مانگەکەی بە گەڕان بەدوای کاردا بەڕێکردبێت. لەبەر ئەمەیە کە دامەزراندنی نیوە دەوامیی لە چوارچێوەی داتاکەدا بوونی نیە.

لە لایەکی دیکەوە، خاوەنکاری خۆ بوون بارێکی ناڕوونە کە بارودۆخی نەخوازراوی بێکاریی دەشارێتەوە. ئەمەش وادەکات کە بە ئاسانی سنورەکانی بێکاریی دەستنیشاننەکرێن، بەتایبەتی کە هیچ تۆڕێکی سەلامەتیی بوونیان نەبووە بۆ یەکێک کە بە فەرمی وەکو کەسێکی بێکار لە قەڵەمدرا، هەروەکو لە وڵاتانی دیکەدا دەبینرێت.
لە کۆتاییدا، هەندێکی دیکە لە پێوەرەکان بۆ داتای باری کاری دانیشتوانە ئاوارە ناوخۆییەکان جێبەجێدەکرێن، ئەمەش بەهۆی ناڕوونیی لە باری ئێستای

شێوەی 11. باری کاری تاکەکای نێوان تەمەنی ١٥ بۆ ٦٤ ساڵی، بەپێ ی ڕەگەز و گرووپی دانیشتووان و تۆڕ و تەمەن گرووپاکان



تێبینی: "دانیشتوانی دامەزراو" هەم ئەو تاکانە دەگرێتەوە کە بە فول دەوام دامەزراون و هەم ئەوانەش کە بە نیوەدەوام خەریکن کار دەکەن.

کارکردن و دامەزراندن لە پارێزگای هەولێردا، لەبەر ئەوەی زۆرێک لەو ئاوارانە دەستیان بەو کار و مووچانەیانەوە گرتووە کە لە شوێنی ڕەسەنی خۆیاندا هەیانبووە[21].

دەرەنجامی سەرەکیی دەربارەی باری کار ڕێژەی بەرزی دامەزراندنە لەنێو پیاوە ئاوارە سوریەکاندا بە بوونی تەنیا ژمارەیەکی کەمیان لە دەرەوەی هێزی کاردا

بەهۆی ئەو هۆکارانەی سەرەوە، شیکارکردنی باری کاری دانیشتوان بۆ ئەم سێ نیشاندەرە دابەشدەکرێت: "دامەزراو"، "بەدوای کارداگەڕاو" و "لە دەرەوەی هێزی کار" (شیوەی ١١). ڕەگەز ڕۆڵێکی گرنگ لەم شیکارییەدا دەگێڕێت، چونکە ڕێژەی لە سەدای ئافرەتانی بێکار زۆر لە هی پیاوان بەرزترە. بۆیە دۆخی کارکردن لەم بوارەدا هەڵنەستاوە بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی ڕەگەز.

زانیاری دەربارەی باری کارکردن

تێکڕای ڕێژەی دامەزراندن و خستنەسەرکار لەناو دانیشتوانە شارنشینەکەی پارێزگای هەولێردا، بە پیاو و ئافرەتیانەوە، دەگاتە ٤١%. ئەم ڕێژەیە ئەگەر ووردبکرێتەوە دەکاتە ٦٧% بۆ پیاوان و ١٥% بۆ ئافرەتان.

دەرەنجامی سەرەکی کە لە گروپی دانیشتوانەوە دەردەکەوێت ئەوەیە کە ڕێژەیەکی بەرزی دامەزراندن لەنێو پیاوە ئاوارە سوریەکاندا هەیە کە دەگاتە ڕێژەی (٨٠%) و تەنیا ژمارەیەکی کەمیان بێکارن. ئەم ڕێژە سەدییە نزمەی خەڵکی کە لە دەرەوەی هێزی کاردان، ئەوە دەردەخات کە ژمارەیەکی زۆر کەمی تاکەکان بە فوول دەوامەوە دەچنە قوتابخانەو خەریکی پەروەردە و فێربوونن. لە لایەکی دیکەوە، کۆمەڵگەی خانەخۆێ و ئاوارەکان هەمان ڕێژەی بەشداری هێزی کاریان هەیە، بەڵام لەو ڕێژەیە، ژمارەیەکی زۆرتری ئاوارەکان بەدوای کاردا دەگەڕێن. ئەوەی تایبەتە بە کارکردنی ئافرەتان، بوونی ئەو ژمارە ڕێژەییە زیاترەی ئافرەتانی کۆمەڵگەی خانەخۆێ لەنێو هێزی کاردا کە دەگاتە ڕێژەی (١٦%)، پەیوەندی بە دامەزراندنی ئەوانەوە لە کەرتی حکومیدا هەیە، ئەو کەرتەی کە گرووپەکانی دیکەی دانیشتوان دەستیان پێیناگات. ڕێژەکانی پیاوان و ئافرەتان پێکەوە وەربگرین، ڕێژەی دامەزراندنی پەنابەرەکان بە (٤٨%) وەک بەرزترین دەمێنێتەوە، دوای ئەوان بە ڕێژەی (٤٣%) ئەندامانی کۆمەڵگای خانەخۆێ دێن و دواتریش ئاوارە ناوخۆییەکان بە ڕێژەی (٣٣%)[22].

لە شیکارکرنی باری کارکردن لە ڕێگەی دابەشبوونی جوگرافییەوە، تاکە جیاوازیی بەرچاو ئەوەیە کە ئاماژە بۆ ڕێژەی سەدیی ئەو کەسانەی بەدوای کارێکدا دەگەڕێن دەکات، ئەمەش لە سنوری هەولێر و قەزا و ناحیەکانی بەرزتر دێتە بەرچاو. کارکردنی ئافرەتان لە سەنتەری هەولێر و شارۆچکەکان چڕبوونەتەوە بەهۆی بوونی کارە حکومییەکان بە پێچەوانەی ناوچەکانی دەوروبەری سەنتەری شار.

لە شیکارکردنی باری کارکردن لە ڕێگەی تەمەنی گرووپەکانەوە، نزمترین ئاستی دامەزراندن لەنێو گەنجان بەدیدەکرێت (تێکڕای ٣٢ %) بە هۆکاری ئەوەی زۆربەیان بەردەوام قوتابین. ئاوارە سووریەکان تاکە هەڵاوێرد (استثناء)ن لەم گرووپەدا کە زیاترە لە ٧٧% یان لەنێوان تەمەنی ١٥ بۆ ٢٤ ساڵین و دامەزراون. بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش، لە ڕێگەی لەبەرچاوگرتنی بنەمای تەمەنەوە، جیاوازیی زۆر بەدی ناکرێت کاتێک ئەو کەسانەی بە دوای کاردا دەگەڕین لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە دەکرێت. ڕەنگە ئەمەش ئەوە نیشانبدات کە بێکاریی گەنجان بەدیاریکراویی نیگەرانیەکی زۆر گەورە نیە. هەرچەندە بێکاریی گەنجان بەگوێرەی گرووپی دانیشتوان دەگۆڕێت، هەروەکو ڕێژەی پیاوە گەنجە ئاوارەکان و پەنابەرەکان لە کۆمەڵگای خانەخۆێ نزمترە (١٥.٢ % و ١٤.٥ % بەرانبەر ٤.٧ %).

لەکۆتاییدا، داتاکانی ئەم ڕووپێوییە دابەشکردنێکمان سەبارەت بە جۆری دامەزراندنی ئەو تاکانەی کاردەکەن دەخاتە بەردەست. ڕێژەی ٧٣% یان کارمەندن و مووچەیان هەیە، بە جیاوازییەکی کەم لەنێوان گرووپەکانی دانیشتواندا. ئەوانی دیکە، زۆربەیان خاوەنی کاری خۆیانن. تەنها کەمینەیەکی بچووک خاوەنکارن و بازرگانیی دەکەن (تەنها لەنێو دانیشتوانە خانەخوێکەدا تێبینی دەکرێت). بە بەراورد لەگەڵ گرووپەکانی دیکەدا، بەدیاریکراویی پەنابەرەکان ئارەزووی ئەوە دەکەن کە بۆ خۆیان سەربەخۆیانە کاربکەن.

21 یەکێک لە ئاوارەکان کە لە ڕووپێوییەکەدا پرسیاری لە دۆخی کارکردنەکەی خۆی لێکرا، وەڵامی ئەوە بوو کە ئەو لە شوێنی ڕەسەنی خۆی کاردەکات، نەوەک لە پارێزگای هەولێر. ئەو کەسە پێناو بێت یان ئافرەت، کارەکەی پارێزراوە، بەتایبەتی ئەگەر فەرمانبەری میری بێت. بۆنموونە، مامۆستایەک لە ئەنبار دەڵێت کە ئەو دامەزراوە و مووچەش وەدەگرێت، کەچی بەهۆی ئاوڕبوونێیەوە چیتر کارناکات. لەڕووی تەکنیکییەوە، ئەو کەسە لە پارێزگای هەولێر کارناکات، هەرچەندە ئاوەڕەکانی دیکە لەوانەیە لە واقیعدا وەکو ئەوانەی پارێزگای هەولێر کاربکەن. ئەم جیاوازییە ناتوانرێت لەڕێگەی ئەو داتایانەی کە بۆ ئەم ڕووپێوییە لەبەردەستدان، دیاربیکرێت.

22 داتا و زانیاریی وردتر دەربارەی کار لە بڕگەی (C) ی پاشکۆی داتاکەدا هەیە

خشتەی 4. ڕێژەی کرێکاران لەناو چەند چالاکییەکی هەڵبژێردراوی کەرت تایبەتدا بۆ هەر ١٠٠٠ دانیشتوانێك

جۆرەکانی ناوچە شارنشینەکان	بنیاتنان	فرۆشتن بە کۆ و بە تاك	دابینکردنی خانووبەرە	چاککردنەوەی خانوو و کارەبا	هاتوچۆ	پیشەسازی و دروستکردن
سەنتەری قەزای هەولێر	18.6	24.9	8.9	28.9	17.0	8.9
دەوروبەری قەزای هەولێر	33.0	14.1	5.0	23.0	23.6	6.7
شارۆچکەکان	9.8	14.4	4.4	14.3	7.6	10.0

2. نموونەکانی دابەشبوونی ئیش و کار بەپێی جوگرافیا

هەڵەکانی کارکردن و گوزەران بەهاوسەنگی لە پارێزگای هەولێردا دابەشنەکراون، هەندێك لە ناوچەکان لە ناوچەی دیکە زیاترە هەندێك جۆری کار بەرەو لای خۆیان کەمەندکێش دەکەن. سەنتەری هەولێر نزیکەی نیوەی دانیشتوانی کارکردوو دەگرێتەخۆ کە زۆرینەیان لە کەرتی گشتیدان. ناوچەکانی دەوروبەری قەزای هەولێر کەمتر دامەزراندنی حکومی هەیە و خەڵك لە کۆمەڵێک کەرتی هەمەجۆردا زیاتر پشت بە کەرتی تایبەت دەبەستن، هەرچەندە کارەکان بەشی هەرەزۆریان لە کەرتی ئاوەدانکردنەوە و کەرتی خزمەتگوزارییە بچووکەکاندا چڕبوونەتەوە. بۆ نموونە، ناوچەکانی دەوروبەری قەزای هەولێر کرێکاری ئاوەدانکردنەوەیان بەرزترە لە تێکڕای (خشتەی ٤) هەیە ئەگەرچی بە گشتی لە سەنتەردا نیوەی کارەکانی ئەم کەرتە پێکدەهێنن. چاڵاکییەکانی دیکەی کەرتی خزمەتگوزاریی وەکو شت فرۆشتن بە تاك و بە کۆ و نیشتەجێبوون لە سەنتەری پارێزگای هەولێردا بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکە زیاتر گەشەی سەندووە. زانیاریی بەردەستیش ئەوە نیشاندەدات کە بەرهەمهێنان لە هەرێمدا کەرتێکی گەشەسەندوو نیە.


کاتێک سەرنجی جۆرەکانی کار دەدەین، سنوری هەولێر بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکە ڕێژەی پیشەی نیمچەکارامەیی تێیدا زیاترە (٧٣ کرێکار بە پیشە نیمچەکارامەییەکان بۆ هەریەکە لە ١٠٠٠ی دانیشتوان، بە کەمی نیوەیان خەڵکی کۆمەڵگای خانەخوێن). سەنتەری هەولێر بەپێچەوانەوە ڕێژەی بەرزی پیشەی کارامە بەرزەکانی تێدا بەدی دەکرێت کە زۆربەیان لە کەرتی گشتین (١٦٠ کرێکار بۆ هەریەکە لە ١٠٠٠ی دانیشتوان، ١٣٥یان ئەندامی کۆمەڵگای خانەخوێن).

> سەنتەری هەولێر نزیکەی نیوەی دانیشتوانی کارکردوو دەگرێتەخۆ. ناوچەکانی دەوروبەری قەزای هەولێر کەمتر دامەزراندنی حکومییان هەیە و خەڵك زیاتر پشت بە کارکردن لە کەرتی تایبەتدا دەبەستن، هەرچەندە کارەکانی ئەو کەرتە بەشی هەرەزۆریان لە کەرتی ئاوەدانکردنەوە و کەرتی خزمەتگوزارییە بچووکەکاندا چڕبوونەتەوە

لە کۆتایی دا، سەیرکردنێکی وردتری توێژی ئەو تاکانەی بە پێی جوگرافیا دابەشبوون و لە ئێستادا بەدوای کاردا دەگەڕێن زانیاری لەسەر ئەو شوێنەی کە بازاڕی کاری تێدا چربۆتەوە دابینەدکات (شێوەی ١٢).

هەروەکو پێشبینی دەکرێت، سەنتەری هەولێر هێشتا ئەو شوێنەیە کە دەتوانێت هەلی دامەزراندن بڕەخسێنێت کە لەڕێگەی تێکڕای کەمی ئەو تاکانەی بەدوای کاردا دەگەڕێن خراوەتەڕوو. ئابوری ناوخۆ توانیویەتی زۆربەی کەسە هاتووەکان لەخۆبگرێت بە گەیشتنی زۆربەی سوریەکان و بەشێکی بەرچاویش لە پەنابەرە نێوخۆییەکان بۆ سەنتەری شار. قەزاکانی دیکەی وەکو شەقڵاوە، بەحرکە، دارەتوو و خەبات بەهۆی ڕێژەیەکی بەرزی بێکاری ڕووبەڕووی بارودۆخێکی تەواو پێچەوانە بوونەتەوە. ئەمانە ئەو ناوچانەن کە ژمارەی دانیشتوانیان بۆتە دووهێندە بەهۆی هاتنی ئاوەڕەکان. ئەمە نیشانەی گرفتێکی دژوارە لە خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخەکە و فەراهەمکردنی بەکاربردن بەتایبەتی لە شارۆچکەکاندا کە کەرتی تایبەت کەمترین پێشڤەچوونی بەخۆوە دیوە.

شێوەی 12. ڕێژەی ئەو تاکانەی بەدوای کاردا دەگەڕێن بۆ هەر ١٠٠٠ دانیشتووانێك، بەپێ ی ناحییە و توێژەکان



3. مەرجەکانی کار و نافەرمییەتی

دوو بنچینەی سەرەکی هەن کە تێگەیشتن لە مەرجەکانی کار و نافەرمێتی کارکردنی دانیشتوانی شار دەخاتەڕوو: هەبوونی نوسراوێکی گرێبەستی کارکردن و پشتبەستن بە کرێ کە بەشێوەیەکی سروشتی پەیوەستە بە کارێکی پچڕپچڕ لەبڕی دامەزراندنی هەمیشەیی.


سەبارەت بە مەرجە یاساییەکانی دامەزراندن، دەرەنجامەکانی ڕووپێوییەکە ئەوە نیشاندەدەن کە بەشێوەیەکی سەرەکی لە کەرتی گشتیدا ٧٨%ی دانیشتوانی دامەزراو نوسراوێکی گرێبەستی دامەزراندنیان هەیە. گرێبەستی نووسراو لەلایەن ئاوارە ناوخۆکان بەڕێژەی (٧١%) و ئەندامانی کۆمەڵگای خانەخوێ بەڕێژەی (٨٣%) ئەنجام دەدرێت. تەنها ٣٦% ی پەنابەرە دامەزراوەکان گرێبەستیان هەیە، بەتایبەت ئەوانەی کە لە شارۆچکەکانن، بەشێوەیەکی کرداری گشت دامەزرانەکان نافەرمین، واتە بێ گرێبەستن. ئەو جیاوازیانەی نێوان گرووپەکان پەیوەستن بە جۆرەکانی ئەو پیشەیەی کە هەیانە. دامەزراندنی کەرتی گشتی دڵنیایی گرێبەستێك فەراهەم دەکات و زۆرینەی کۆمەڵگای خانەخوێیش بەم شێوەیە کاردەکەن هەروەکو بەشێکی بەرچاوی ئاوارە ناوخۆکان (لەڕێگای دامەزراندنی گشتی فیدراڵیەوە). کەرتەکانی دیکەی چالاکی، کە ڕێژەی کارکردنیان لەنێو کۆمەڵگای ئاوارەکاندا تێدا بەرزە و لەو شوێنەی هەلی کاریان زیاتر بۆ دەڕەخسێت، بەربڵاون و نافەرمین، ئەمانیش وەکو ئاوەدانکردنەوە و فرۆشتن بەکۆمەڵ و تاك. لەو کەرتانە، تەنها لە ٣٠% ی کرێکارەکان گرێبەستی یاساییان هەیە هاوکات کەرتە تایبەتیەکانی دیکە تاڕادەیەك ئاستی فەرمیبوون تیایاندا بەرزە (ڕێژەکە دەگاتە نزیکەی سەروی ٥٠%).

لەلایەکی دیکەوە، پشتبەستن بە کرێ لەنێو ئاوارە سوریەکاندا بەربڵاوە چونکە ٧٠% یان پشت بە کرێ دەبەستن نەک مووچە. ئەم دۆخە تاڕادەیەك بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان و کۆمەڵگای خانەخوێ باشترە کە تەنها یەك لە سێی ئەو تاکە دامەزراوانە پشت بە کرێ دەبەستن. هەروەک تێبینی دەکرێت، ئەو کەرتانەی کرێ دەدەن بەشێوەیەکی سەرەکی بریتین لە ئاوەدانکردنەوە و کەمتریش بریتین لە هی فرۆشتن بەتاك و کۆ.

بەشێکی زۆری ئەوانەی بەدوای کاردا دەگەڕێن
ئاستی خوێندنیان بەرزە و،
هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی یان تەکنیکین

ئەم نیشاندەرانە، مەرجە نافەرمییەکانی کار و پشتبەستن بەکرێ، دەرخەری لایەنێکی نادروستی ناوچەکانی کەرتی تایبەتن کە ژمارەیەکی زۆر کرێکار دەگرنەخۆ.

شێوەی 13. پۆلێنکردنی ئەو تاکانەی کە لەئێستادا لە پارێزگای هەولێردا بەدوای کاردا دەگەڕێن



بۆ نمونە: لە ٢٠١٣ەوە موچەی مانگانە لەم کەرتانەدا بەشێوەیەکی بەربڵاو گۆڕانکاری تێداکراوە کە بەڕێژەی زیاتر لە ٣٠%ی کەمکراوەتەوە بەراورد لەگەڵ کرێی بەر لەقەیران، ئەمەش بەهۆی پێشبڕکێی کارەوە بووە[23] . زانیارییەکان ئەوە نیشان دەدەن کە نەبوونی گرێبەست هۆکارێکی گورزوەشێنە لە ڕووی بەدەستهێنانی داهاتەوە. سەرەڕای ئەوەش، لە کەرتی ئاوەدانکردنەوە، هەندێ کرێکار لە هەڵسەنگاندنەکانی دیکەدا گەواهی ئەوە دەدەن[24] کە نەدانی کرێی کرێکار لەلایەن هەندێ لە خاوەنکارەکانەوە لە دوای تەواوکردنی کارەکانیان ڕوو لە زیادبوونە و هاوکات ناچاردەکرێن بەردەوامبن لە کارەکانیان و چاوەڕوانی وەرگرتنی تەواوی کرێکانیان بکەن.

4. سەرمایەی کۆمەڵایەتی، سەرمایەی مرۆیی و هۆکارەکانی دیکە بۆ دامەزراندن و خستنەسەرکار

بێکارەکان کێن؟

دابەشکردنی دانیشتوانانی بێکار لەڕێگەی هۆکاری دیمۆگرافی وەکو تەمەن و ڕەگەز و هەروەها هۆکارەکانی پێکهاتەیی وەکو پەروەردە و ئەزموون یارمەتیدەرن لە دیاریکردنی چەند ڕێگایەکی پێویست بە مەبەستی زیادکردنی دامەزراندنی دانیشتوان لە پارێزگای هەولێردا (شێوەی ١٣).

یەکەم، زانیارییەکان ئەوە نیشاندەدەن کە زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی بێکار پێکدێت لە ئاوارە ناوخۆییەکانی سەنتەر و سنوری ناوچەکانی دەوروبەری هەولێر، هاوکات لە شارۆچکەکاندا بێکارەکان بریتین لەوانەی کۆمەڵگای خانەخۆێ. ڕەنگە زۆرینەی ئاوارە ناوخۆییەکان لەنێو کۆی دانیشتوانی بێکاردا پەیوەست بن بە هاتنی ئەم دواییەیان بەرەوە پارێزگای هەولێر و مامەڵەی تێچوونەکان لەکاتی هاتنەژوورەوە و جوڵەیان لە بازاڕی کاردا.

23 UNDP & DRC (٢٠١٤) ، نەخشەسازی بازاری ئیمێرجنسی و شیکارێی بنیاتنان و سیستمی بازاری کاری کەرتی خزمەتگوزاری: توێژینەوەیەک لە سەر هەڵەکانی کارکردن بۆ ئاوارە ناوەخۆییەکان و پەنابەرە سوریەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

24 MERI (٢٠١٥) ، بەرەو بەرگەگرتن: گوڕینی کامپی پەنابەرە سووریەکان بۆ کۆمەڵگەی پشتبەخۆبەستوو، حوزەیرانی ٢٠١٥.

هۆکاری دووەم، دابەشکردنی تەمەن، ئەوە نیشاندەدات کەوا گرووپی سەرەکی تەمەنی تاکە بێکارەکان لەنێوان ١٥ بۆ ٢٥ ساڵانە و ٤٠% بۆ ٤٥%ی دانیشتوانی بێکار پێکدەهێنن. لێرەدا، پێکهاتە گرنگەکەی بریتیە لە ئاستی ئەزموونی پێشووتر کە دەکرێت ببێتە هۆکارێکی بڕیاردەر لە کاتی پێشبڕکێی بەدەستهێنانی کار. زۆرینەی دانیشتوانە گەنجەکان کە بەدوای کاردا دەگەڕێن ئەزموونی پێشینەییان نیە و بژاردەکانی وەکو ڕاهێنانە پیشەییەکان و فێربوون لە پارێزگای هەولێردا کەمن. زانیارییەکان ئەوە دەخەنەڕوو کەوا ڕاهێنانە پیشەییەکان هەلی کارکردنی تاکەکان زیاتر دەکەن.

لەکۆتاییدا، پێویستە سەرنجی ئەوە بدەین کەوا بەشێکی زۆری ئەوانەی بەدوای کاردا دەگەڕێن بریتین لە خاوەن بڕوانامەی تەکنیکی یان زانکۆیی. ئەو ڕاستییەی کە ژمارەیەکی زۆر لە دەرچوانی زانکۆ و بەشە تەکنیکییەکان بێکارن ئەوە دەردەخات کە کەموکوڕی پێکهاتەیی لەو هەلی کارانە هەیە کە دەخرێنە ڕوو. ئەو تاکانەی کەوا ئاستی خوێندنیان نزمە، ئارەزووی کاری سەربەخۆ دەکەن و خاوەنی چەند جۆرە بەهرەیەکی دیاریکراون. بژاردەکانی کاری سەربەخۆ لەم بوارەدا بەڕادەیەکی زۆر لەم بارەدا پێشبڕکێدارە هەروەک زۆربەی دانیشتوانە ئاوارەکان، بەتایبەت پەنابەرەکان، پێویستە ڕێگای تایبەتی خۆیان بۆ بەدەستهێنانی کاری سەربەخۆ بدۆزنەوە ئەمەش بەهۆی ئەو بەربەستانەی کەوا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە بۆ بەدەستهێنانی جۆرەکانی دیکەی کار.

سەرمایەی مرۆیی

لە میانی تیشك خستنەسەر دانیشتوانی دامەزراو، هەندێ جیاوازی لەنێوان جۆرەکانی پیشەدا بەدیدەکرێت کە تاکەکان دەتوانن بەدەستی بێنن (کارامەیی نزم یان نیمچەکارامەیی یان کارامەیی بەرز). دامەزراندن لە هەر یەکێك لەم پیشانە دەوەستێتە سەر ئاستی خوێندن و زانیاری تاکەکە (سەرمایەی مرۆیی)[25]. ئەمەش بۆ هەر گرووپێك لێکۆڵینەوەی لەسەرکراوە بەمەبەستی دیاریکردنی بەربەستەکانی بەردەم دەستگەیشتن بە جۆرە دیاریکراوەکانی پیشە کارامەییەکان (خشتەی ٥).

25 داتا و زانیاریی وردتر سەبارەت بە ئاستەکانی خوێندنی دانیشتووان و جۆری پیشە و کارەکانیان لە بڕگەی (B) و (C) ی پاشکۆی داتاکە یەك بەدوای یەک هەیە.

خشتەی 5. جۆری ئەو پیشەیەی دانیشتووانە ڕەگەز نێرە دامەزراوەکان هەیانە بەپێ ی گرووپەکانی دانیشتووان و ئاستی خوێندنیان

	ئاستی خوێندن	بەهرەی نزم	بەهرەی مامناوەند	بەهرەی بەرز	کۆی
کۆمەڵگای خانەخوێ	هیچ یان نزمتر لە قۆناغی ٩	39%	27%	34%	100%
	قۆناغی ٩ (خوێندنی بنەڕەتی)	18%	31%	51%	100%
	قۆناغی ١٢ (قوتابخانەی ئامادەیی)	2%	23%	75%	100%
	زانکۆ، خوێندنە تەکنیکییەکان یان ئاستی بەرزتر	1%	23%	76%	100%
ئاوارە ناوەخۆییەکان	هیچ یان نزمتر لە قۆناغی ٩	28%	46%	26%	100%
	قۆناغی ٩ (خوێندنی بنەڕەتی)	34%	22%	44%	100%
	قۆناغی ١٢ (قوتابخانەی ئامادەیی)	30%	28%	42%	100%
	زانکۆ، خوێندنە تەکنیکییەکان یان ئاستی بەرزتر	1%	28%	71%	100%
پەنابەرەکان	هیچ یان نزمتر لە قۆناغی ٩	29%	46%	25%	100%
	قۆناغی ٩ (خوێندنی بنەڕەتی)	27%	36%	38%	100%
	قۆناغی ١٢ (قوتابخانەی ئامادەیی)	23%	30%	47%	100%
	زانکۆ، خوێندنە تەکنیکییەکان یان ئاستی بەرزتر	9%	32%	59%	100%

بەشێکی بەرچاوی ئاوارە ناوەخۆیی وپەنابەرەکان کە بڕوانامەی خوێندنی ئامادەییان هەیە زیاتر ئارەزووی کارکردن لە پیشەی کارامە نزمدا دەکەن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ نیشانەکانی بوونی بەربەست لەبەردەم ئەم گرووپانەدا بۆ گەیشتن بەو پۆستانەی کارامەیی و لێهاتوویی مامناوەند یان بەرزیان پێویستە

زانیارییەکان ئەو پەیوەندییە نیشاندەدەن کە ئەو تاکانەی ئاستی خوێندنیان نزمە زیاتر ئارەزووی کارکردن لە پیشەی کارامە نزم دەکەن (کارپێکەر و پیشە سەرەتاییەکان) یان پیشە نیمچەکارامەییەکان (کارگێڕیی، خزمەتگوزاریی یان کاری دەستیی). ئاستەکانی خوێندنی بااڵ ڕێگاخۆشکەرن بۆ بەدەستهێنانی کارێکی باشتر (بەڕێوەبردن، پیشەگەریی و تەکنیکی). هەرچەندە لەو کاتەی ئەم مۆدێلە بەتەواوی لەگەڵ دۆخی کۆمەڵگای خانەخوێ یەکدەگرێتەوە، زانیارییەکان لەسەر گرووپەکانی دیکەی دانیشتوان بەربەستەکانی بەردەم بەدەستهێنانی پیشەی نیمچەکارامەیی و پیشە کارامەییە بەرزەکان دەردەخەن. بەشێکی بەرچاو لە پەنابەر و ئاوارە ناوخۆییەکان کە هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیین، لە پیشەیەکی کارامە نزم کاردەکەن (٢٣% و ٣٠%)، کەچی ئەم ڕێژەیە لە کۆمەڵگای خانەخوێ بریتیە لە ٢%. سەرەڕای ئەمەش، دامەزراندنی پەنابەرەکان، کە هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیین، لە پیشەیەکی کارامە بەرز بریتیە لە ٥٩ % کە واپێدەچێت بکەوێتە دوای گرووپەکانی دیکە.

سەرمایە و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

بەگوێرەی ئەنجامی ڕووپێویی بەردەست، دوو شێوازی سەرەکی هەن بۆ بەدەستهێنانی هەڵی کار، ئەمانیش بریتین لە 'بەڕێگای یەکەکانی دامەزراندن' یاخود 'بەڕێگای هاوڕێ و خزم و کەس'. بەشێوەیەکی تایبەت، پەنابەرەکان پشت بە پەیوەندی کەسیی دەبەستن (٦٢ %یان ئەم شێوازەیان بەسەرەکی داناوە بۆ دۆزینەوەی کار)، لەکاتێکدا پەیوەندیکردن بە یەکەکانی دامەزراندن بەمەبەستی دۆزینەوەی کار شێوازێکی دەگمەنە (٩% یان ئەم شێوازیان هەڵبژاردووە). ئەمەش پەیوەندی تۆندیان بە کۆمەڵگاکەیانەوە دەخاتەڕوو. گەنجانیش، لەبڕی پەیوەندیکردن بە نووسینگەی بێکاریی، زیاتر ئارەزووی بەدواگەڕانی کار دەکەن لە ڕێگای هاوڕێ و خزم و کەسیان. زۆر گرنگە تێبینی ئەم ناڕێکییە بکرێت بۆ ئەوەی بزانرێت هێڵکاریەکانی دۆزینەوەی کار و سەکۆ هاوشێوەکان بەشێوەیەکی گونجاو ئامانجی پێویستیەکانی گەنجان ناپێکن.

بەشداریکردنی ئافرەتان لە هێزی کاردا

هەروەکو پێشووتر ئاماژەی بۆ کرا، کارکردنی ئافرەتان لە ئاستێکی نزم دایە، هەروەک ڕێژەی ١٥%ی ئافرەتان لە تێکڕای سەرجەم گرووپەکان دامەزراون، ١% یان بەدوای کاردا دەگەڕێن و ٨٤% یان ناچالاکن. ئاماری بەردەست ئەوە نیشاندەدات کەوا نیوەی ئافرەتانی دامەزراو لە کەرتی پەروەردەدا کاردەکەن و ئەوانی دیکە زۆرینەیان لە کەرتی گشتیدان و لە کارگێڕی گشتیدا کاردەکەن. دامەزراندن لە کۆمپانیا تایبەتیەکان دەگمەنە. بە ئامانجی تێگەیشتن لە هۆکارەکانی ئەو کەم بەشداریکردنەی ئافرەتان لە هێزی کاردا، دەرەنجامە سەرەتاییەکانی ئەم ئاماڕە لە گرووپی تاوتوێکردن لەگەڵ کۆمەڵگای خانەخوێ خراونەتەڕوو.

بەشداربووە (نێر ومێ)ەکانی کۆمەڵگای خانەخوێ ئەوە نیشاندەدەن کەوا ڕێژەی نەخوێندەواریی ئافرەتانی پێگەیشتوو هۆکارێکی بنەڕەتیە لە دروستبوونی بەربەست لەبەردەم دۆزینەوەی هەلی کار.

بەشداربووانی سەرەکی گرووپی مێینەکان ئاماژەیان بۆ دژایەتیکردنی بەهێزی پیاوان بۆ چوونی ئافرەتان بۆ قوتابخانە و کارکردن کرد. باس لەوەش کرا کە ئەو ئافرەتانەی دەیانەوێت کاربکەن، لەوانەیە ڕووبەڕووی ڕەخنە ببنەوە لەلایەن هەندێ لە گرووپە کۆمەڵایەتی و ئابووریيەکانەوە.

"لە ڕابردوودا، خێزانەکان ئافرەتەکانیان نەدەنارد قوتابخانە و سەرەنجام نەخوێندەوار دەرچوون. چۆن ئێستا دەتوانن کاربکەن!" پیاوێکی پێگەیشتوو لە کۆمەڵگای خانەخوێی سەروەران.

"باب و براکانمان نایانەوێت ئافرەتان کاربکەن، ئێمە هەردەم ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبینەوە" ئافرەتێکی پێگەیشتوو لە کۆمەڵگای خانەخوێی سەروەران.

"هەرچەندە ئافرەتان لە کۆمەڵگاکەی مندا توانای کارکردنیان هەیە، کەچی ئەمە بەربڵاو نیە چونکە سالانێك بەر لە ئێستا هەلی تەواوکردنی خوێندنیان بۆ نەڕەخساندوون. ئەم فەرهەنگەش زیاتر بووە بە دیاردە کەوا پێویستە پیاو کاربکات و ببێتە سەرچاوەی داهات." هەرزەکارێکی مێینە، لە سەروەران.

دەرەنجامەکانی ڕووپێوییەکە پشتگیری لەم ڕوونکردنەوەیەی سەرەوە دەبارەی نەخوێندەواری دەکەن: بە ڕێژەی ٥٠% ی ئافرەتانی کۆمەڵگای خانەخوێ کە تەمەنیان لە سەرووی ٣٥ ساڵانە، ناتوانن بخوێننەوە و بنووسن، ٦٥% ی ئافرەتانی پەنابەر و ٣٤% ی ئافرەتانی ئاوارە ناوخۆکان لەم تەمەنەی باسکرا، ناتوانن بخوێننەوە و بنووسن. بەشێوەیەکی ڕێژەیی، ئەو ئافرەتانەی کە دامەزراون، خاوەن بەهرەن و نزیکەی دوو لە سێیان هەڵگری بڕوانامەی زانکۆ یاخود قوتابخانەی تەکنیکین.

ئەم بارودۆخ و نەریتانەی تایبەت بەم پرسە گۆڕانکاری بەسەردادێت و ڕێژەکانی ناوتۆمارکردنی ئافرەتانی گەنج لە قوتابخانەکان لە بەرزبوونەوە دایە. ئەمەش یارمەتی نەوەی داهاتوو دەدات کە زیاتر لە هێزی کاردا بەشداربێت. ئەنجامدانی گۆڕانکاری ڕیشەیی، پێویستی بە ڕەزامەندی گشت بەشەکانی کۆمەڵگاوە هەیە. لە کاتێکدا، زۆربەی پیاوان لە دەرەنجامەکاندا کارککردنی ئافرەتانیان کردۆتە کارێکی باش بەڵام هەندێکیدیکەیان نەیانویست بە ئاسانی گفوگۆ لەم بارەوە بکەن (بەتایبەت ئەوانەی ڕۆڵی سەرکردە لە کۆمەڵگا دەبینن).

"ئێمە هۆزێکی بەهێز و پتەوین و خاوەن کلتوور و نەریتین، ئافرەتەکانمان لە ماڵەوە کاردەکەن و ئێمەش لە دەرەوە. ئافرەتەکان خۆشحاڵن بەو کارەی ئەنجامی دەدەن کە بریتیە لە چاودێری ماڵ و منداڵەکان " سەرۆك عەشیرەتێك لە حەسارۆك، کە خەڵکی ناوچەکەیە.



منداڵە ئاوارە ناوخۆییەکی کچ لە هەولێر. UNHCR. م. پرێندەرگاست

٦. باری دارایی خێزانەکان

تاوتوێ و پوختەی ئەنجامە سەرەکییەکان

لاوازبوونی ئاستی ئابووری خێزانەکان لە پارێزگای هەولێر بەشێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قەیرانە داراییەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە و تێکچوونی باری ئابووری لە سەرتاسەری وڵاتدا، کە کاریگەرییان زۆر زیاترە لە قەیرانی ئاوارەبوون.

لە ساڵانی ڕابردووەوە موچەی مانگانەی کەرتی گشتی کۆمەڵگای خانەخوێ کە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی کە هێشتا موچەیان لە حکومەتی فیدراڵی وەردەگرت بە تەواوی نادرێت بەهۆی بڕینی بودجە و ناڕێکییەکانی دیکە و دواکەوتنەوە. لەهەمان کاتدا، کرێکارەکان لە دۆخێکی ناهەمواردان بەهۆی دەستەبەرنەکردنی دڵنیایی کارکردن و بەرزیی ئاستی ڕکابەری. ئاستی خەرجی خێزانەکانی کۆمەڵگای خانەخوێ لە ئێستادا بە بەراورد بە کاتی بەرلە قەیران کەمی کردووە، خەرجییەکانی مانگانە لە ئێستادا بۆتە نیوەی ئاستەکانی ساڵی ٢٠١٢ کە لەوسادا هەرێم بە گەشەسەندنی ئابوری تێپەڕدەبوو. دۆخی خێزانە پەنابەرەکان و ئاوارە ناوخۆییەکان باشتر نیە کە هەمان ئاستەکانی خەرجیان هەیە سەرەڕای بارگرانی دارایی کرێدان کە پێویستە بڕی ٣٠% بۆ ٤٠%ی داهاتیان بۆ خەرجی ماڵەکانیان تەرخان بکەن.

دەستەبەرنەکردنی دڵنیایی دامەزراندن و نزمی ئاستەکانی خەرجی لەگەڵ ڕێژەی ئەو ئەندامانەی خێزانەکان کە کارناکەن نیشانەی لاوازی باری دارایی خێزانەکانە. نەخشەسازی ئەم نیشاندەرانە دەرخەری کایەکانی داڕمانن لە هەندێ لە ناوچەکان، ئەمەش لە ناوچەکانی دەوروبەری هەولێر زیاتر دەردەکەوێت بە بەراورد لەگەڵ سەنتەری هەولێر و شارۆچکەکانی دیکە. قەزاکانی خەبات و ڕزگاری، کە کەوتوونەتە ڕۆژئاوای پارێزگای هەولێر و خاڵی هاتنەناوەوەی ئاوارە ناوخۆییەکانن، لە دۆخێکی ناهەمواردان.

قەرزی درێژخایەن پێگەی دارایی خێزانەکانی لاواز کردووە. بەتێکڕای گشتی، کۆمەڵگای خانەخوێ قەرزی گەورەی لەسەرشانە کە لەپێش قەیران کردوویەتی، ئەو کاتەی گەشەسەندنی شار و شارۆچکەکان لە لوتکەدا بوو وەهەروەها لەو کاتەی مامەڵەکردنی مووڵکی وەکو زەوی یان خانوو بەربڵاوبوو. زیاتر لە ٥٠% ی خێزانەکانی سنوری ناوچەی هەولێر و شارۆچکەکان قەرزارن، لەگەڵ ئەوەشدا تەنها ٣٥% ی خەڵکی سەنتەری هەولێر لەژێر قەرزدان. لەوکاتەی وا مەزەندەدەکرێت کە قەرزکردن بۆ وەبەرهێنانە گەورەکان لە ئێستادا ڕاگیراوە – ڕێژەکان لە ئێستادا زۆر نزیکن لەوانەی ساڵی ٢٠١٢- ئەو قەرزانە پێویستە بدرێنەوە جا چ بە خزم و کەسیان یاخود بە حکومەت بە گوێرەی پێشینەی خانووبەرە.

ئەوەی کە لە بەرزبوونەوەدایە بریتیە لە قەرزی خێرا بەمەبەستی دابینکردنی خەرجی ماڵەوە. ئەو شێوازەی ڕووپێوییەکەی لەڕێگەوە کراوە لەوانەیە بە ووردی بەکارنەهاتبێت کە بەڕێکی ئەم جۆرە قەرزەی لەبەرچاوگرتبێت بۆ کۆمەڵگای خانەخوێ (سەیری تێبینیەکانی خوارەوە بکە)، کەچی زانیارییەکان ئەوە نیشاندەدەن کە ٤٠% ی ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەرەکان داوای قەرز دەکەن بەزۆری بۆ مەبەستی پێداویستیەکانی ڕۆژانە. بەگشتی، یەک لە دەی خێزانەکان لە شوێنە ئاوەدانەکاندا تووشی قەرز بوون بۆئەوەی کرێیەکانیان بدەن، کەچی دوو لە دەی خێزانەکان قەرزیان بەمەبەستی پرکردنەوەی خەرجی ماڵەوە کردووە.

1. بودجەی خێزان

خەرجیی گشتیی مانگانەی خێزانەکانی ئەم ڕووپێوییە نیشاندەری هەردوولایەنی باش و لاوازییە. دەتوانرێ ئەم ژمارانە لەگەڵ ئاستەکانی خەرجیی لە هەڵسەنگاندنەکانی پێشووتردا بەراوردبکرێن و بزانین ئاخۆ بارودۆخەکە بەرەو باشتر یان خراپتر دەچێت (شێوەی ١٤). پێویستە زانیاری خەرجییەکان لە هەڵسەنگاندنەکانی پێشووتردا بخوێندرێنەوە بە تێگەیشتن لە سنووری دیاریکراوەکانی شێوازەکە و بارودۆخەکەی[26].


بەرچاوترین دەرەنجام لەو ماوانەدا بریتیە لە نزمبوونەوەیەکی بەرچاو لە تێکڕای خەرجیەکانی خێزانی ئەمە لەکاتی بەراوردکردنی ئاستەکانی ٢٠١٤ بە ئاستەکانی ٢٠١٢، واتا ساڵێك بەر لە تێکچوونی ئابوری کوردستان و هاتنی بەڵێشاوی ئاوارەکان. نزمبوونەوەی نزیکەی ٤٠% ی خەرجیەکان لە نزیکەی سێ ساڵدا دەرەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەیە کە لە هەرێمدا ڕوویانداوە و بەتایبەتیش گەشەسەندنی ئابوری لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٧ بۆ ٢٠١٣. ئەم دابەزینە ئەو کاتە زیاتر دێتەبەرچاو ئەگەر بەراوردی ساڵی ٢٠١٢ بە دوا زانیارییەکانی ٢٠١٥ بکەین، ئەو کاتەی خەرجیەکانی خێزان بۆ نیوە کەمی کردووە لە لوتکەی قەیرانی ئاوارەبوون و خراپتربوونی سنوردارکرنی بودجە لە کەرتی گشتیدا.

> نزمبوونەوەی نزیکەی ٤٠% ی تێکڕای خەرجییەکانی خێزان لە ماوەی نزیکەی سێ ساڵدا دەرەنجامی ئەو ململانێیەیە کە لە ناوچەکەدا بوونی هەیە و هەروەها بەرزبوونەوەی گەشەسەندنی ئابووری لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٧ بۆ 2013 دا

زانیارییەکان هەروەها ئەوە دەردەخەن کە تێکڕای ئاستەکانی خەرجی خێزانی ئاوارە ناوخۆکان هاوتایە لەگەڵ خەرجی خێزانەکانی کۆمەڵگای خانەخوێ. هەرچەندە ئەم لەیەکچوونە بەهۆی ئەوەوەیە کە ڕەنگە ئاوارە ناوخۆکان مانگانە کرێی خانوو بدەن کە پێویستی بە ٣٠% تا ٤٠% ی بودجەی خێزانەکان هەیە. سەرەڕای ئەمەش، وادەردەکەوێت کە ئەندامانی خێزانی ئاوارە ناوخۆکان زیاترن لە خێزانەکانی کۆمەڵگای خانەخوێ و هەندێ لە خەرجیەکانی وەکو خواردن بەگوێرەی قەبارەی خێزانەکانن. زانیارییەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە تێکڕای خەرجی بۆ هەر تاکێکی ئاوارە ناوخۆییەکان کەمترە لە هی خێزانەکانی کۆمەڵگای خانەخوێ.

26 ئاستەنگەکان ئاماژەن بۆ دۆخی دارایی هەرێمی کوردستان، کە ژمارەیەکی زۆری کۆمەڵگای خانەخوێ موچە یاخود خانەنشینیان بەشێوەیەکی ئاسایی لە ٢٠١٤ەوە لە کەرتی گشتی وەرنەگرتووە، ئەمەش کاریگەری کردۆتە سەر خەرجی. جۆرەکانی تری ئاستەنگی ئاماژەیەکن بۆ زانیاری کۆکراوەی مانگەکە لەگەڵ خەرجییە جیاوازەکانی وەرزی (بۆنمونە: زستان پێچەوانەی هاوین). سەرەڕای ئەمەش، نەتوانرا هەمان جۆری داتا لە هەڵسەنگاندنی پێویستییەکانی کەرتە جۆربەجۆرەکان بۆ پەنابەرەکان کە لە ٢٠١٤ و ٢٠١٥ بڵاوکراونەتەوە دەستەبەر بکرێت.

شێوەی 14. پەرەسەندنی تێکڕای خەرجییەکانی خێزان لە شار و شارۆچکەکانی پارێزگای هەولێردا



سەرچاوە: بانکی جیهانی (World Bank)، نووسینگەی ناوەندیی ئاماری عیراقی (CSO) و نووسینگەی ئاماڕەکانی هەرێمی کوردستان (KRSO) (2012)، REACH (2015a) و REACH و پڕۆگرامی خۆراکی جیهانی (2015)) (WFP. بە بەکارهێنانی ڕێژەکانی هەڵاوسان لە عیراق (کە لە نووسینگەی ناوەندیی ئاماری عیراقییەوە وەرگیراون) شێوەکانی 2012 و 2014 بۆ نرخەکانی 2015 ڕێکخراون. بۆ هەموو داتابەیسەکان، لەپێناو زامنکردنی بەراوردکردندا تەنیا دانیشتووانە شارنشینەکانی هەولێر وەرگیراون.

2. شکستباریی و لاوازیی باری ئابوریی له شار و شارۆچکەکاندا

ئەو ناحییانەی کە ژمارەیەکی زۆری خێزانی شکستبار و لاوازیان تێدایە، لەسەر ئەم کۆمەڵە پێوەرانەی نیشاندەری شکستابرێتیی و لاوازیی دەستنیشانکراون: نیشاندەرێك بۆ دەستەبەرکردنی دڵنیاییی کارکردن (شێوەی ١٥) و ناسەربەخۆیی خێزان (شێوەی ١٥) و ئاستەکانی خەرجیی (شێوەی ١٧). گشت گرووپەکانی دانیشتوان لەڕێگەی ناحییەکانەوە کۆکراونەتەوە.


لە ئاستی ناحییەکاندا، دەتوانرێت پەیوەندی نێوان خێزانە ئاوارەکان و بەها بەرزەکانی شکستباریی و لاوازیی لەبەرچاوبگیرێت. ئەو ناوچانەی کە بەهای بەرزی شکستباریی و لاوازیی نیشاندەدەن بریتین لە خەبات و ڕزگاری و تاڕادەیەکی کەمتریش ئەو ناوچانەی دەکەونە ڕۆژهەڵاتی سەنتەری قەزای هەولێر (کەسنەزان و بنەسڵاوە و دارەتوو).

زۆرینەی شارۆچکەکان ئاستێکی نزمتری شکستباریی و لاوازیی نیشاندەدەن، لەکاتێکدا سەنتەری هەولێر بەهای بەرزی هەیە لە دەستەبەرنەکردنی دڵنیاییی کارکردن ئەمەش بەهۆی ئەو ژمارە زۆرەی خێزانانەکان کە تەنها یەک کەسیان هەیە بتوانێت داهاتێک پەیدا بکات و ئەویش پشت بەو کرێیە دەبەستێت کە لەبری کارکردن وەری دەگرێت.

3. قەرزاریی

لە ماوەی پێشکەوتنی ئابوریی هەرێمی کوردستاندا لە ساڵی ٢٠١٢ دا، زۆرێک لە خێزانەکانی کۆمەڵگەی میواندار قەرزی گەورەیان چ لە خزمان یان لە حکومەت کردووە. لەو ساڵەدا تێکڕای ئەو خێزانانەی کە قەرزەکانیان نەدابووەوە لە ناوچەکانی پارێزگای هەولێر گەیشتە ٤٤%.

شێوەی 15. ڕێژەی سەدیی ئەو خێزانانەی کە هیچ کەسیان نییە داهاتێکیان بۆ پەیدا بکات، یان تەنیا یەک کەسیان هەیە کە سەچاوەی سەرەکیی داهاتەکەی مووچە نییە



Subdistrict	Percent of Households
Harir	16%
Diyana (incl. Soran)	22%
Erbil Centre (incl. Ainkawa)	30%
Shaqlawa	31%
Koya	32%
Daratu	36%
Baharka	40%
Rizgari	42%
Kasnazan	44%
Bnslawa	47%
Khabat	61%

Percent of households either with no income earner, or with one income earner but income source is not salary (high employment insecurity)

16 - 30%
31 - 45%
46 - 61%
Subdistricts

Data source: administrative boundaries provided by the Erbil Statistical Directorate (ESD)
Projection: WGS 1984 UTM Zone 38N

تەنها بەشێکی کەمی خەڵك پارەیان بەمەبەستی دابینکردنی خەرجی نێوماڵ قەرزکردووە، لەوکاتەی مەبەستی گشتی خەڵك بریتی بوو لە کڕینی موڵکی وەکو زەوی یان ئۆتۆمبێل یاخود بنیاتنانی خانوو[27]. زۆر لەم دۆخەی ئێستا لەوساوە گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە و ڕێژەی خێزانەکانی کۆمەڵگای خانەخوێ کە قەرزیان نەداوەتەوە ٤١% ە. بەهۆی ئەم قەیرانە داراییەوە کە ئێستا بوونی هەیە ، پێشبینی دەکرێت قەرزکردن بەمەبەستی وەبەرهێنانی گەورە کەم بکات، وەک لەوەی زیادبکات[28]. تێکڕای ئەندامانی کۆمەڵگای خانەخوێ کە قەرزی خانووبەرەیان کردووە، لە ناوچە تازە ئاوەدانەکاندا وەکو ناوچەکانی سنوری هەولێر (بەحرکە ، بنەسڵاوە ، خەبات) زیاترە.

27 بانکی جیهانی، CSO و KRSO (٢٠١٢). ئاماری ئابوری کۆمەڵایەتی خێزانەکانی عێراق ٢٠١٢.

28 ئەم ئامرازی ڕووپێویە ڕەنگە وەك پێویست جیاواز نەبووبێ لە گرتنی وێنەیەکی گونجاوی بەرزبوونەوەی ڕێژەی قەرزکردن بۆ دریژەدان بە بەکارهێنانی لە خەرجییەکانی ڕۆژانەدا لە لایەن کۆمەڵگای خانەخوێوە. وەك پرسیارێکی یەك وەڵامی، ڕەنگە وەڵامدەرەوەکان تەنیا ئەو وەڵامەیان هەڵبژاردبایە کە زۆرترین پەیوەندی بە مەبەستەکانی قەرزکردنەوە هەیە لە حاڵەتی ئەگەری قەرزکردن بۆ کڕینی خانووی زیاتر، هەروەها بۆ بەکاربردنی ڕاستەوخۆ.


لە ڕاستیدا، زۆربەی ئامانجەکانی قەرزکردن ئاماژە بۆ کڕینی موڵکی ماوەدرێژ دەکەن (شێوەی ١٨). زانیاری دەربارەی بڕی قەرز[29] ئەوە دەردەخات کە تێکڕای قەرز بۆ هەر خێزانێك گەیشتۆتە نزیکەی ٤ ملیۆن دیناری عێراقی.

ئاستەکانی قەرزاری بۆ ئاوارە ناوخۆکان و پەنابەرەکان هاوشێوەی کۆمەڵگای خانەخوێە کە ٤١% و ٣٦%ی خێزانەکان قەرزیان لەسەرە. بەڵام بەپێچەوانەی کۆمەڵگای خانەخوێوە، زۆرینەی ئەو قەرزانەی کە خێزانی ئاوارەکان کردوویانە بۆ مەبەستی خەرجی نێوخۆیی و بەزۆریش بۆ کرێ بووە. بەگشتی، یەک لە دەی کۆی خێزانە ئاوارە و پەنابەرەکان قەرزیان بەمەبەستی کرێی خانوو وەرگرتووە[30].

29 REACH Initiative 2015 a

30 داتا و زانیارێ ورد سەبارەت بە قەرزاری و مەبەستەکانی قەرزکردن لە بڕگەی (F) ی پاشکۆی داتاکەدا هەیە.

شێوەی 16. ڕێژەی سەدیی ئەو خێزانانەی کە دوو ئەندام یان زیاتری پشتبەخۆنەبەستوویان هەیە لە بەرامبەر هەر یەکێکی پشتبەخۆ بەستوودا



Subdistrict	Percent of Households
Erbil Centre (incl. Ainkawa)	12%
Kasnazan	12%
Koya	12%
Harir	12%
Bnslawa	13%
Shaqlawa	13%
Baharka	15%
Diyana (incl. Soran)	15%
Daratu	19%
Rizgari	22%
Khabat	25%

Percent of households with two dependent members or more for each non-dependent member

- 12 - 16%
- 17 - 20%
- 21 - 25%
- Subdistricts

Data source: administrative boundaries provided by the Erbil Statistical Directorate (ESD)
Projection: WGS 1984 UTM Zone 38N


هەڵسەنگاندنێکی پێشووتر[31] ئەوە نیشاندەدات کە ئاستەکانی قەرز لە ٢٠١٥ دا بەتەواوەتی زیادیکردووە و ئەوەشی خستووەتەڕوو کە هەندێ لە خێزانەکان زیاد لە پێویست پشت بە قەرزکردن دەبەستن. تێکڕای قەرزکردن بەتایبەت لەناو خێزانە پەنابەرەکاندا گەیشتۆتە نزیکەی ١ ملیۆن دیناری عێراقی.

ڕەنگە دانەوەی قەرز ببێتە گرفتێك لە سستی ئابووری. لەم حاڵەتەدا ئەو خێزانانەی کە قەرزی ماوە درێژیان کردووە بە مەبەستی مامەڵەی دووردرێژ، زیاتر پشت بە مووچە دەبەستن، لەکاتێکدا ئەو خێزانانەی کە پێویستیان بە قەرزی لەناکاو هەیە زیاتر پشت بە کرێ یاخود بە سەرچاوەیەکی نادڵنیای داهاتەوە دەبەستن. بۆ نمونە، ٦٠% ی ئەو خێزانانەی کە پارەیان قەرزکردووە بۆ کرێی خانوو پشت بەکرێی کارەکانیان دەبەستن بۆ دابینکردنی خەرجییەکان. ئەم جۆرە کرێدانە، ناڕێکە و گەرەنتیشی لەگەڵ نیە، کە لە کۆتاییدا ئەوە دەردەخات کە دانەوەی قەرزەکان کارێکی زۆر زیاتر قورسە.


31 REACH Initiative 2015 a. هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکانی کەرتە جیاوازەکانی ئەو پەنابەرە سووریانەی لەناو کۆمەڵگا خانەخوێکاندا نیشتەجێن. نیسانی ٢٠١٥.

> ئەو خێزانانەی کە قەرزی ماوە درێژیان کردووە بە مەبەستی مامەڵەی دووردرێژ، زیاتر پشت بە مووچە دەبەستن، لەکاتێکدا ئەو خێزانانەی کە پێویستیان بە قەرزی لەناکاو هەیە زیاتر پشت بە کرێ یاخود بە سەرچاوەیەکی نادڵنیای داهاتەوە دەبەستن

شێوەی 17. ڕێژەی سەدیی ئەو خێزانانەی کە لە سنووری چوارەمین و پێنجەمین (هەژارترین) ئاستەکانی خەرجیدان



شێوەی 18. سەرەکیترین هۆکاری باسکراو بۆ قەرزکردن بەپێی گرووپی دانیشتووان



Subdistrict	Percent of Households
Erbil Centre (incl. Ainkawa)	20%
Baharka	23%
Shaqlawa	24%
Koya	25%
Diyana (incl. Soran)	27%
Bnslawa	32%
Harir	32%
Khabat	35%
Kasnazan	37%
Rizgari	38%
Daratu	42%

Percent of households within the 4th and 5th (poorest) expenditure quintiles

20 - 27%
28 - 34%
35 - 42%
Subdistricts

Data source: administrative boundaries provided by the Erbil Statistical Directorate (ESD)
Projection: WGS 1984 UTM Zone 38N

٧. تەحەدای پەروەردە و خوێندن

تاوتوێ و پوختەی ئەنجامە سەرەکییەکان

پێویستە زانیاری دەربارەی پەروەردە بە تێکڕای ڕێژەکانی ناونووسکردن قوتابیان شیبکرێتەوە کە ڕێژەی لەسەدای قوتابییە ناونووسکراوەکان لە هەر پۆلێك نیشاندەدات بەبێ ڕەچاوکردنی گونجاوی تەمەنیان بۆ قۆناغی خوێندنەکەیان. چونکە ئەو قوتابیانەی لەڕێگەی شێوازەکانی ئەم ڕاپۆرتە شیکارکراون ڕاستەوخۆ لە خوێندنی بنەڕەتییەوە ئینجا بۆ دواناوەندیی و پاشانیش بۆ زانکۆ نەچوون، بەڵکو لەو ماوەیەدا دابڕانیان هەیە. تێکڕای وازهێنان لە خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی زۆر بەرزە، بەڵام زۆربەی قوتابییەکان دواتر دەگەڕێنەوە بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا لە قۆناغێکی دیکەی ژیانیاندا. بۆ نموونە، دوو لەسەر سێی ئەو قوتابیانەی کە لە پۆلی (١٠ تا ١٢) ن، ٣ تا ٥ ساڵ گەورەترن لەو تەمەنەی کە بە فەرمیی بۆ ئەو ئاستانە دەستنیشانکراوە، کە بریتییە لە تەمەنی نێوان (١٥ تاوەکو ١٧ ساڵان).

بۆ دانیشتوان بە گشتیی، ڕێژەکانی ناونووسکردن بۆ قۆناغی خوێندنی بنەڕەتیی بەرزن، بەڵام تا ڕادەیەکی بەرچاو بۆ خوێندنی ئامادەیی نزمترن. ئەو داتا و زانیارییانەی لەبەردەستدان ئەوەمان پێ دەڵێن کە ئەگەر لەبەر هەندێك هۆکاری سنووردارکەر نەبوایە، ڕێژەکانی ناونووسکردن بۆ قۆناغێ خوێندنی ئامادەیی بەرزتر دەبوون. لە یەکێك لە بەشەکانی پێشەوەی ئەم ڕاپۆرتەدا تێبینی ئەوەمان کرد کە ژمارە و توانای قوتابخانە ئامادەییەکان لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا زۆر زیادیان کردبوو، بەڵام ئەمە هێشتا بۆ مامەڵەکردنێکی تەواو لەگەڵ داخوازییە هەنووکەییەکەدا بەس نیە.

ناوچەکانی دەوروبەری هەولێر لە چاو توێژە جوگرافییەکانی دیکە ڕێژەیەکی نزمتری ناونوسکردن نیشان دەدەن، زۆربەی خێزانەکانیش لە وەڵامی ئەوەی بۆچی قوتابیەکان / گەنجەکان ناونووس ناکەن گوتویانە کە قوتابخانەکان ئەو توانایەیان نیە. ئاوارە ناوخۆییەکان، بە شێوەیەکی تایبەت، گوتبوویان کە لە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکاندا تووشی کێشە و بەربەست هاتبوون، بۆیە منداڵەکانیان نەیانتوانیوە بچنە قوتابخانەی بنەڕەتیی یان بڕۆن بۆ قۆناغێ ئامادەیی. هەندێکیشیان ئاماژەیان بە خەرجییە زۆرەکانی پەیوەندیدار بە خوێندن و پەروەردە دابوو، مەبەستیشیان کرێی خوێندن نەبوو، بەڵکو مەبەستیان کرێی هاتوچۆ و پارەی کرینی کەلوپەلەکان بوو.

دانیشتوانە ئاوارەکەی ئێرە لە بواری پەروەردە و خوێندندا گەورەترین تەحەدا لەبەردەم هاوبەشە حکومی و مرۆییەکاندا دروستدەکەن. ڕێژەکانی ناونووسکردنی ئەم دانیشتوانانە بۆ هەردوو قۆناغی بنەڕەتیی و ئامادەیی لە شوێنە ڕەسەنەکانی خۆیاندا وا دەردەکەون کە بەتەواویی نزیك بن لە ڕێژەکانی ناونووسکردنی کۆمەڵگای خانەخوێ لە پارێزگای هەولێردا؛ بەڵام لە حاڵەتی ئاوارەییاندا، وا پێدەچێت کە خێزانە سوورییەکان منداڵ و گەنجەکانیان نەنێرن بۆ قوتابخانە، چونکە ئێستا ڕێژەی ناونووسکردنیان لە قۆناغی بنەڕەتیی و قوتابخانەی ئامادەییدا بۆ دانیستووانە ڕەگەز نێرینەکەیان ٦٣% و %سفرە، هەروەها بۆ دانیشتوانە ڕەگەز مێیینەکەشیان ٦٤% و ٢٢%ـە.

بەبێ لەبەرچاوگرتنی جۆری ڕەگەز، ئەم ڕێژە ناونووسکردنانە بۆ قۆناغی خوێندنی بنەڕەتیی دوو هێندە و بۆ قوتابخانەی ئامادەییش چوار هێندە نزمترن لە ڕێژەکانی خێزانەکانی کۆمەڵگای خانەخوێ. بەشێکی گەورەی هەرزەکارە سووریی ڕەگەز نێرینەکانی نێوان تەمەنەکانی ١٥ بۆ ١٧ ساڵیی یان دامەزراون و خەریکن کار دەکەن یاخود خەریکن بەدوای کاردا دەگەڕێن، لەکاتێکدا هەرزەکارە ڕەگەز مێیینەکانیان لە ماڵەوە دەمێننەوە. ئەوانەیان کە تەمەنیان لەنێوان ١٢ بۆ ١٤ ساڵیدایە، تەنیا نیوەیان دەچنە قوتابخانە. هیچ زانیارییەک لەبەر دەستدا نیە لەبارەی ئەوەی نیوەکەی دیکەیان لە بڕی خوێندن خەریکی چین، بەڵام وا پێدەچێت زۆربەی ئەو ڕەگەز نێرینانەی کە ناچنە قوتابخانە بەشێک بن لە هێزی کار.

ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەگەرێکی زۆر گرنگی گۆڕینەوەی پەروەردە و خوێندن بە کارکردن کە دەبێت چارەسەربکرێت. ئەو پرسیارە سەرەکییانەی کە دەمێننەوە ئەمانەن: باشە بۆچی ئەم گرووپە وەکو گرووپە هاوشێوەکانی خۆیان هەم لەناو کۆمەڵگای خانەخوێ و هەم لەناو کۆمەڵگا ئاوارەکاندا هەن ناچنە قوتابخانە و ئایا چۆن ئەم گرووپە بگەڕێندرێنەوە بۆ قوتابخانە.

1. ڕێژەکانی ناونووسکردن لە قوتابخانە و دەرکەوتە و کاریگەرییەکانیان

ڕێژەکانی ناونووسکردن لە قوتابخانە بە پێی تەمەن جوغرافیەکان

چوون بۆ قوتابخانە دەتوانرێت لە ڕێگای ڕێژەی ناونووسکردنە تێکڕاییەکان یاخود لە ڕێگای ڕێژەی ناونووسکردنە پوخت و پاڵفتەکراوەکانەوە شرۆڤەبکرێت[32] . لەم کۆنتێکستەدا، وا پەسەندترە کە پشت بە ڕێژەی پەیوەندیکردنە تێکڕاییەکان ببەسترێت، ئەمەش لەبەر ئەو ڕاستییەی کە زۆربەی کاتەکان قوتابییانە قۆناغێکی دیاریکراو لە تەمەنێکی سەروو ئەو تەمەنەوەن کە لە ڕووی تەکنیکییەوە بۆ ئەو قۆناغە دیاریکراوە. بۆیە لێکۆڵینەوە و پشکنینی تەنیای ڕێژە پوخت و پاڵفتەکراوەکان بە ڕاددەیەکی بەرچاو ڕێژەی چوون بۆ قوتابخانە بە کەمتر لەوەی کە هەیە دەردەخات. (شێوەی ١٩).


لە کاتێکدا وا دەردەکەوێت کە ناونووسکردن لە قۆناغی بنەڕەتیدا (پۆلەکانی ١ ــ ٩) لە ئاستێکی ڕێژەیی گونجاودا بێت، داتاکان دابەزینێکی خێرا لە ناونوسکردن لە قۆناغی ئامادەییدا (پۆلەکانی ١٠ ــ ١٢) نیشاندەدەن. ڕێژەی وازهێنان لە خوێندن لەدوای قۆناغی بنەڕەتیی و پێش قۆناغی ئامادەیی بەرزە، چونکە کەمتر لە نیوەی قوتابییەکان دوای ئەو قۆناغە لە خوێندن بەردەوام دەبن و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەچنە قۆناغی ئامادەیی. لەگەڵ ئەمەشدا، کەسانێکی زۆر لە قۆناغەکانی داهاتووی ژیانیاندا دووبارە دەگەڕێنەوە بۆ قۆناغی ئامادەیی خوێندنەکەیان، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پاشەوپێش پێکردنێك لە نێوان کاتی چوون بۆ ناو بازاڕی کار و بەردەوامیدان بە خوێندنەکانیان لە ئارادا بوونی هەیە.

بۆ نموونە، ئەو ڕاستییەی کە ڕێژەی ناونووسکردنە تێکڕاییەکانی دانیشتوانی ڕەگەزی نێر لە قۆناغی ئامادەییدا ٨٢٪ ەو ڕێژە پوخت و پاڵفتەکراوەکەشی لە ٣٨٪ ە ئەو نیساندەدات کە نزیکەی دوو لەسەر سێی قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی لە سەرووی ئەو تەمەنەوەن کە بەپێی ستانداردەکان بۆ ئەو قۆناغە دیاریکراوە. لە ئێستادا زۆرینەی قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی بە واقیعی تەمەنیان لە نێوان ١٨ بۆ ٢٢ ساڵیدایە و گەورەترن لە تەمەنی ستاندارد کە بریتییە لە تەمەنی نێوان ١٥ بۆ ١٧ ساڵیی.

> تێکڕای وازهێنان لە خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی زۆر بەرزە، چونکە کەمتر لە نیوەی قوتابییەکان ڕاستەوخۆ تا دەگەن بە خوێندنی ئامادەیی بەردەوام دەبن لە خوێندن. لەگەڵ ئەمەشدا، زۆرێک لە تاکەکان دواتر و لە قۆناغێکی دیکەی ژیانیاندا دەگەڕێنەوە بۆ تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی

32 ناونووسکردنی تێکڕایی، بە دابەشکردنی ژمارەی قوتابییەکان (بەپێ لەبەرچاوگرتنی تەمەنەکانیان) لە هەر قۆناغێکدا (قوتابخانەی بنەڕەتی یاخود ئامادەیی) بەسەر کۆی گشتیی ژمارەی منداڵانی ئەو گرووپە تەمەنەی کە لەگەڵ قۆناغەکەیدا دەگونجێت، بەدەستدێت. ناونووسکردنی پوخت و پاڵفتەکراو کۆی گشتیی ژمارەی قوتابییەکانی تەنیا ئەو تەمەنەی کە لەگەڵ ئەو قۆناغەی کە دەبێ تێیدا بن دەگونجێن، بەسەر کۆی گشتیی ژمارەی منداڵانی ئەو گرووپە تەمەنەدا دابەشدەکات. ناونووسکردنی تێکڕایی، بە کردار، ئەو منداڵانە دەگرێتەوە کە لە قۆناغێکی دیاریکراوی خوێندنان کە لەگەڵ گرووپە تەمەنەکەی خۆیاندا ناگونجێت. بۆ نموونە، ڕۆڵەیەک تەمەن ١٩ ساڵیی کە پەیوەندی بە قوتابخانەی ئامادەییەوە بکات دەچێتە خانەی ناونووسکردنی تێکڕایی نەک ناونووسکردنی پوخت و پاڵفتەکراو.

شێوەی 19. ڕێژەی ناونووسکردنە پوخت و پاڵفتەکراوەکان و تێکڕاییەکان لە قۆناغێ خوێندنی بنەڕەتی و قوتابخانەی ئامادەیی بەپێ ی تەمەن و ڕەگەز





تاقیکردنەوەی نیوە ساڵ لە قوتابخانەی ئاوات لە هەولێر. ئەمساڵ 400 کچی پۆلەکانی حەوت تا دوانزە لە قوتابخانەکەدا ناونووسکراون، لەگەڵ 100 قوتابی دیکەش لە کۆمەڵگای خانەخوێوە. UNHCR. کلوي کۆڤ

سەبارەت بە خوێندنی قۆناغی بنەڕەتیی، ڕێژەی ناونووسکردن لە نێوان تۆزێژە جیاجیاکانـــدا چوونـــیەك دەردەکەون و جیاوازییەکـــی ئەوتۆ لەنێواندا نیە. بەڵام، ئەوەی پەیوەندی بە ڕێژەکانی قۆناغی ئامادەییەوە هەیە، جیاوازیـــیەکی بەرچاو لە نێوان ناوچەکانی دەوروبەری قەزای هەولێر و باقیی شار و شارۆچکەکانی دیکەدا هەیـــە.

هەروەك لە بەشەکانی سەرەوەدا کە لەبارەی دابینـــکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بوون ڕوونکرایەوە، ئەو ناحییە و شارۆچکانە خزمەتگوزاری خوێندن و پەروەردەیان کەمتر بۆ دابینکراوە ئەو خزمەتگوزارییەش لە شوێنانەدا بەرتەسکبوونەوەیەکی دیار و ئاشکرا بە خۆیەوە دەبینێت. ئەمەش لە ڕووییکەوە دەتوانێت ئەو ڕێژە نزمترەی چوونی قوتابیان بۆ قۆناغی ئامادەیی لەو ناوچانەدا ڕوونبکاتەوە کە تەنیا نزیکەی ٦٠% ە، لەکاتێکدا ئەو ڕێژەیە بەتێکڕایی دەگاتە نزیکەی ٨٠% بۆ تۆزێژەکانی دیکە.

ڕێژەکانی ناونووسکردن لە قوتابخانە بەپێی گرووپی دانیشتوان


شرۆڤەکردن بەپێی گرووپی دانیشتوان ڕەنگدانەوەیـــەکی ڕوونی دابەشبوونـــە لە نێوان ئەو دانیشتوانەی پەنابەری سوورین لەگەڵ باقیی گرووپـــەکانـــی دیکەدا (شێوەی ٢٠). ڕێژەی ناونووسکردنی منداڵە پەنابەرەکان، ڕێژە پوخت و پاڵفتەکراوەکان بن یاخود تێکڕاییەکان، زۆر لە ژێرەوەی ئاستی ستانداردایە.

زیاتر ٣٠%ی منداڵان لە تەمەنەکانی نێوان ٦ بۆ ١٤ ساڵی ناچـــنە هیچ جۆرە قوتابخانـــەیەکی فەرمی. بۆ ئاستەکانی خوێندنی ئامادەیی، دۆخەکە لەمەش خراپترە، کە تیایدا هیچ یەکێك لە خێزانەکانی ناو سامپڵەکەمان هیچ منداڵـــێکی خۆی لە قوتابخانە ناونووس نەکردووە، لە کاتێکدا ژمارەیەکی زۆر کەمی کچان ناونووسکرابوون.

لەبارەی گرووپـــەکانی دیکەی دانیشتوانیشەوە، ڕێژەکانی ناونووسکردن لە قۆناغی خوێندنی بنەڕەتیی لە نێوان کۆمەڵگای خانەخوێ و ئاوارە ناوخۆییەکاندا ڕێژەییانە چوونیەکن. بەڵام ڕێژەکانی قۆناغی خوێندنی ئامادەیی هەندێک جیاوازیی دەردەخەن، ئەویش بەوەی کە ژمارەیەکی کەمتری ئاوارە ناوخۆییەکان دەچنە قۆناغی ئامادەیی، ئەمەش ڕەنگە پەیوەندی بەو ڕاستییەوە هەبێت کە بەشێکی گرنگی ئەو خەڵکانە لە دەوروبەری قەزای هەولێر دەژین و ئەو ناوچەیەش لەچاو ناوچەکانی دیکە ئاستێکی نزمتری پێگەشتنی خزمەتگوزاریی خوێندن و پەروەردەی هەیە.

> ڕێژەکانی ناونووسکردن لە قۆناغی خوێندنی بنەڕەتیی لە نێوان کۆمەڵگای خانەخوێ و منداڵانی ئاوارە ناوخۆییەکاندا ڕێژەییانە چوونیەکن. لەگەڵ ئەمەشدا، زیاتر لە ٣٠%ی منداڵانی تەمەن ٦ بۆ ١٤ ساڵیی پەنابەرەکان ناچنە هیچ جۆرە قوتابخانە و خوێندنێکی فەرمیی

شێوەی 20. ڕێژەی ناونووسکردنە پوخت و پاڵفتەکراوەکان و تێکڕاییەکان لە قۆناغێ خوێندنی بنەڕەتی* و قوتابخانەی ئامادەیی بەپێ گرووپی دانیشتووان و ڕەگەز



* خوێندنی بنەڕەتی بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان یەکگرتنی قۆناغی سەرەتایی (پۆلی 1 – 6) و قۆناغی ناوەندی (پۆلی 7 - 9) دەگرێتەوە

هۆیەکانی نەچوون بۆ قوتابخانە

ڕووپێوییەکە هۆکارەکانی پشت نەچوونی منداڵان و گەنجانی تەمەن ٦ بۆ ١٨ ساڵیی بۆ قوتابخانە دۆزییەوە (خشتەی ٦). بۆ کۆمەڵگای خانەخوێ، هەرچەندە ڕێژەی سەدیی ئەو منداڵ و گەنجانەی لە دەرەوەی سیستەمی پەروەردە و خوێندنبوون زۆر نزم بوو، زۆربەی وەڵامەکان پەیوەندییان بە کلتوورەوە هەبوو، بەوەی کە سەرۆکی خێزانەکان ڕەدی ئەو بیرۆکەیەیان دەکردەوە کە کەسە گەنجەکان پێویستیان بەوە بێت بخوێنن. ئەمە بە ڕادەیەکی بەرچاو لە

حاڵەتی ئەو کچانەدا زۆر بوو کە نەدەچوونە قوتابخانە.

بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان، هۆکارە هەرە زۆر دووبارەبووەکە، بە پەراوێزێکی بەرچاو، پەیوەندی بە بەربەستەکانی بەردەم دابینکردنی پەروەردەوە هەبوو. ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ نەبوونی شوێن بە ڕادەی پێویست لەو قوتابخانانەی کە ڕێکخراون بۆ ئەوەی ئەو پرۆگرام(منهج)انەی خوێندن کە لە باقیی ناوچەکانی دیکەی عێراقدا بەکاردێن و بە زمانی عەرەبی دەگوترێنەوە، پێشکەش بکەن. دووەم هۆکار کە زۆرترین ئاماژەی پێکراوە دەگەڕێتوە بۆ خەرجییەکانی پەروەردە و خوێندن – کە ڕەنگە مەبەست لێیان خەرجییەکانی هاتوچۆ و دابینکردنی پێداویستییەکانی قوتابخانە بێت.

هۆکارەکانی نەچوونی منداڵ و گەنجە سوورییەکان بۆ قوتابخانە ئاڵۆزترن. نەچوونی ئەوان بۆ قوتابخانە دەکرێ پەیوەندی بە ژمارەیەك هۆکارەوە هەبێت، وەك: نەبوونی توانای ماددی، زەحمەت بینین لە دەستگەیشتن بە پەروەردە و خوێندن، پێویستییان بە دابینکردنی داهاتێک بۆ خۆیان و هەروەها کێشەکانیان لەگەڵ ئەو زمانەی کە پڕۆگرامی خوێندنی پێ دەگوترێتەوە. ئەمانە هەمان ئەو هۆکارانەن کە لەلایەن خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکانیشەوە خراونەتەڕوو و بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوان لە ڕووی چوونیانەوە بۆ قوتابخانە ئەنجامی تەواو جیاوازیان هەیە. سەرەڕای ئەمەش، ئەم پرسە لە خوارەوە زیاتر لێ ی کۆڵراوەتەوە.

2. تەحەددای خوێندن و پەروەردە بۆ پەنابەرە سوورییەکان

ئاستی نزمی چوونە قوتابخانە لەناو منداڵ و گەنجە سوورییەکاندا بە شێوەیەکی تایبەت جێگای نیگەرانیە. ڕێژەی ناونووسکردنی منداڵانی تەمەن ٦ بۆ ١١ ساڵی (بۆ کچان و کوڕان) ٦٣% یە، لەکاتێکدا ڕێژەکە بۆ گرووپی تەمەنی ١٢ بۆ ١٤ ساڵیی ٥٤% ـە. لە تەمەنی ١٥ ساڵییەوە بەرەو سەر، ڕێژەی ناونووسکردن، بەتایبەت بۆ کوڕان، بە ڕێژەیەکی بەرچاو دادەبەزێت. ئەم ڕێژە نزمانە دەکرێ پەیوەندییان بەو ڕاستییەوە هەبێ کە خێزان و منداڵ / گەنجە سوورییەکان، بەتایبەت کوڕەکان، ڕووبەڕووی ئاڵۆگۆڕپێکردن لەنێوان کارکردن و خوێندندا دەبنەوە. هەندێك داتا و زانیاریی پاڵپشتیی ئەم گێڕانەوەیە دەکەن:

• سەبارەت بە باری کاری کوڕانی نێوان تەمەنی ١٥ بۆ ١٧ ساڵی، ٣٨%یان کارمەندی کەسێک یان شوێنێکن و مووچە وەردەگرن، ١٧%یان سەربەخۆیانە کاردەکەن، ٤%یان بێ بەرامبەر بۆ خێزانەکانیان کاردەکەن و زیاتر لە ٢١%یشیان لە جیاتی خوێندن چالاکانە خەریکن بەدوای کاردا دەگەڕێن. نیوەی ئەو منداڵ و گەنجانەی دامەزراون لە کەرتی بیناسازیدا کاردەکەن. تەنیا ٤% یان وا باسکراون کە بە فوول دەوام قوتابی بن. بۆ ئەو کچانەش کە لە هەمان گرووپی تەمەندان، ٢٨% یان قوتابین و ٥٩% یان بە بەشداریکردن لە کار و چالاکییەکانی ناو ماوڵەوە خەریکن. هیچ زانیارییەکیش لەبارەی ئەو کوڕ و کچانەوە کە لە ژێرەوەی تەمەنی ١٥ ساڵیدان و ناچن بۆ قوتابخانە، لەبەردەستدا نیە.

• ڕێژە نزمەکانی ناونووسکردن ناکرێ بدرێنە پاڵ ستاندارد هەژار و نزمەکانی خوێندن و پەروەردە لە ناوچە و زێدە ڕەسەنەکانیان لە سووریا (بەتایبەت، لە پارێزگای حەسەکە)، چونکە ڕێژەکانی چوونە قوتابخانەی پێش دەستپێکردنی ئاڵۆزییەکان زۆر بەرزتربوون لەو ڕێژانەی کە لە کاتی ئاوارەیی ئێستایاندا هەیانە، و ڕێژەکانی بەر لە دەستپێکردنی ئاڵۆزییەکانیان لە ڕێژەکانی کۆمەڵگای خانەخوێی هەڵمی کوردستان نزیک بوون. داتا و زانیارییەکانی ساڵی ٢٠٠٦ دەریدەخەن[33] کە ڕێژەی ناونووسکردنە تێکڕاییەکان لە پارێزگای حەسەکەدا ٩٤% بوو. بۆ ئاستەکانی قوتابخانەی ئامادەییش، ڕێژەکە ٤٦% بوو.

• لەکۆتاییدا، پەیوەندییەکی ئاشکرا لەنێوان ئاستی خوێندنی سەرۆکی خێزان و ئاستەکانی چوونە قوتابخانەدا نیە. ئەم پەیوەندییە بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان و کۆمەڵگای خانەخوێ بوونی هەیە، لەناو ئەو خێزانانەی کە ئەگەر سەرۆکی خێزانەکانیان ئاستێکی بەرزی خوێندنیان هەبێت ئەوا ئەوانیش ئاستی چوونە قوتابخانەی بەرزیان تێدا هەیە. بۆ پەنابەرە سوورییەکان، ٢٧%ی منداڵ و گەنجەکانی ئەو خێزانانەی کە سەرۆکەکانیان بڕوانامەی زانکۆیان هەیە، ناچنە قوتابخانە، ئەم شێوەیەش ئەگەر یەك بە دوای یەك بەراورد بکرێ بە ٨% و ١%ی گرووپەکانی دیکە، گەورەیە (شێوەی ٢١).

لەگەڵ ئەمەشدا، ئەو زانیارییەی کە لەبەردەست دایە، هێشتا وێنەیەکی تەواوی ئەو بارودۆخەمان پێنادات کە ئەو کەسە پەنابەرە گەنجانەی ناچنە قوتابخانە ڕووبەڕووی دەبنەوە، چونکە هێشتا زانیارییەکە بۆشاییگەلێکی تێدا ماوە. تەحەدای سەرەکیی ئەوەیە کە چۆن ئەو منداڵ و گەنجانە بگەڕێنینەوە بۆ ناو سیستەمی خوێندن و پەروەردە. بەدەستهێنانی تێگەییشتنی باشتر لەسەر ئەوەی بۆچی ئەوان لە ئێستادا لەناو ئەو سیستەمەدا نین، یەکەم هەنگاوی گرنگی ئەم هەوڵەیە.


33 یونیسیف (2006)، ڕووپێوی کۆمەڵە فرە دەرخەرەکان

خشتەی 6. ئەو هۆکارانەی لەبارەی نەچوونی منداڵانەوە بۆ قوتابخانە باسکراون

جۆرەکانی ناوچە شارنشینەکان	کۆمەڵگای خانەخوێ	ئاوارە ناوەخۆییەکان	پەنابەرەکان
سەنتەری قەزای هەولێر	نییە*	قوتابخانەکان لە توانایاندا نەبوو قوتابی زیاتر وەربگرن (67%) خەرجییەکان زۆرن (14%)	خەرجییەکان زۆرن (27%) بە ئاسانی دەستیان بە قوتابخانە ناگات (17%)
دەوروبەری قەزای هەولێر	خێزانەکە پارەی نابێت (22%) پەککەوتەیی (14%)	قوتابخانەکان لە توانایاندا نەبوو قوتابی زیاتر وەربگرن (39%) خەرجییەکان زۆرن (9%)	خەرجییەکان زۆرن (20%) قوتابخانەکان قوتابی و دەرناگرن (19%)
شارۆچکەکان	نییە*	قوتابخانەکان لە توانایاندا نەبوو قوتابی زیاتر وەربگرن (25%) بە ئاسانی دەستیان بە قوتابخانە ناگات (10%)	نەبوونی بەڵگەنامە فەرمییەکان (23%) خەرجییەکان زۆرن (15%)

تێبینی: نییە* ئەوە دەردەخات کە لێکۆڵینەوەی پێویست بۆ نیشاندانی وێنەیەکی پشت پێ بەستراو لەبەردەستدا نییە.

شێوەی 21. هاوڕێژەی منداڵانی تەمەن 6 بۆ ١٤ ساڵین و ناچنە قوتابخانە بەپێ ی ئاستی خوێندنی سەرۆکی خێزانەکانیان*



*بۆ ئاستەکانی خوێندنی ئامادەیی، بەهۆی کەمی ژمارەی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەبەردەست دان داتا و زانیارییەکانی سەبارەت بە کۆمەڵگای خانەخوێ نیشان نەدراون.

٨. گەڕانەوەی چاوەڕوانکراوی کۆمەڵگا ئاوارەکان بۆ زێدی خۆیان

تاوتوێ و پوختەی ئەنجامە سەرەکییەکان

هەندێک لەو خێزانە سووریانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا میوانن، بەرەوڕووی ساڵی پێنجەمی ئاوارەیان دەبنەوە، لە کاتێکدا خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکان خەریکن دەچنە ساڵی سێیەمیانەوە. سەرەڕای ئەمەش، داتا و زانیارییەکانی گرووپە دیاریکراوەکانی ئێمە ئەوەیان دۆزییەوە کە بۆچوونێکی بەهێز لەناو ئەندامانی کۆمەڵگای خانەخوێ پارێزگای هەولێردا سەبارەت بەوەی کە کۆمەڵگا ئاوارەکان بە زووترین کاتی دوای وەستانی ئاژاوە و ناکۆکییەکان لە توانایاندا دەبێت بگەڕێنەوە بۆ ناوچە و زێدە ڕەسەنەکانی خۆیان، هەیە. لەگەڵ ئەمەشدا، پرۆسەی گەڕانەوە ئەوەندە شتێکی ساده و ساکار نیە. ئەو داتایەی لە خوارەوە باسکراوە، هاوشان لەگەڵ کۆمەڵێك ئەزموون لە چەند بارودۆخێکی لەگەڵ یەک بەراوردکراودا، ئەو زەحمەتی و تەحەدایانەی بەردەم گەڕانەوە تەنانەت وەك ئەگەرێک نەك وەک شتێک کە بە ڕاستیی ڕووبدات، نیشاندەدات.

یەکەم، لەکاتێکدا زۆرینەی هەرە زۆری خێزانە پەنابەرەکان و ئاوارە و ناوخۆییەکان تا ئێستاش هیوادارن کە بۆ شوێنە ڕەسەنەکانی خۆیان بگەڕێنەوە، ژمارەیەکی بەرچاوی خێزانەکان ٢٥%ی سووریەکان و ١١%ی ئاوارە ناوخۆییەکان یان (کۆی گشتیی نزیکەی ١١٠٠٠ کەس) تا ڕادەیەکی زۆر وایدەبینن کە یان لە پارێزگای هەولێر دەمێننەوە یان دەچنە شوێنێکی دیکە، بەڵام نیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ سووریا یاخوود باقی شوێنەکانی دیکەی عێراق. ئەو شتەی کە ناچاریان دەکات بە شێوەیەکی حەتمی لە شوێنە ڕەسەنەکانی خۆیانەوە هەڵبژێن بە ڕادەیەکی زۆر پەیوەندی بە پرسەکانی دیکەی پێکەوە گونجانی کۆمەڵایەتیی لەو ناوچە ڕەسەنانەدا و هەروەها ئاستی ئاوێتە و تێکەڵبوون و پێشبینیەکان بۆ گوزەرانیان لە پارێزگای هەولێردا هەیە. ئەوانەی کە لێرە لە پێگەیەکی دارایی باشتردان، وا پێدەچێ گەڕانەوەکەیان دوا بخەن.

دووەم، تەنانەت ئەو خێزانانەی مەیلێکی تووندی گەڕانەوەشیان هەیە، پێویستە ڕووبەڕووی زنجیرەیەک تەحەدا ببنەوە کە لە هەندێک حاڵەتدا ناتوانن بەتەنیا (لە مەودیەکی ئاست ماماوەندا) بەسەریاندا زاڵ بن. سەبارەت بە پەنابەرەکانیش، ململانێی سووریا لە چارەسەربوون دووەرە، ئەمەش وا دەکات گەڕانەوەی لەخۆوە لەم ساتەدا هیچ ئەگەرێکی نەبێت. تەحەداکان بۆ ئاوارە ناوخۆییەکانیش بوونیان هەیە. بۆ نموونە، ئەگەر ڕووبدات خێزانێک لە ئەنبار یاخوود نەینەواوە ئاوارە بووبێت، ئەگەری زۆرە گوندەکەیان بەشێک بێت لەناو ڕووبەرێکی فراوانی ناوچەیەکی ئەو پارێزگایانەی کە هێشتا لە یاخیبوون پاکنەکرابێتەوە یاخود تا ئێستاش لەژێر مەترسیی تۆندوتیژیدا بێت. پرۆسەی سەقامگیریی تازە دەستپێکردووە و دووبارە بوونیادنانەوەی ژێرخانی وێرانکراو پێویستی بە کات هەیە. هەروەها گەڕانەوە پرۆسەیەکی خەرجیی گرانە. خێزانەکان پێویستیان بە هاوکاری دارایی هەیە بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە شوێنە ڕەسەنەکانی خۆیان و تێچوونی زیاتریشیان دەوێت بۆ دووبارە جێگیربوون و بوونیادنانەوەی مووڵک و ماڵیان؛ زۆربەری زۆری خێزانەکان لە ڕاستیدا بۆ ئەم مەبەستە داوای هاوکاریی دارایی دەکەن.

لە کۆتاییدا، کە ڕەنگە ئەمەیان لە هەموویان پیویستتر بێت، خێزانەکان پێویستە دەستیان بگات بە نەك تەنیا گەڕانەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان بەڵکو بە گەڕاندنەوەی مووڵکەکانیشیان بۆ ژێر خاوەندارێتیی خۆیان. بەهۆی هەموو ئەو وێرانکارییانەی کە لە پێکهاتە بنیاتراوەکاندا بڵاوبوونەتەوە و هەروەها ئەو ڕاستییەی کە هەندێك لە شوێنەکان لەلایەن گرووپە نەتەوەیی و ئایینیەکانەوە یاخود لەلایەن هۆزەکانەوە لە سەرە، خێزانەکان ڕەنگە ڕووبەڕووی کێشە ببنەوە لە گێرانەوە و سەلماندنی یاسایی خاوەندارێتییان بۆ مووڵکەکانی خۆیان، ئەو کاتەی کە دەگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان.

سەراپای پرۆسەی گەڕانەوە ڕەنگە بۆ زۆرینەی خیزانەکان چەندان ساڵ بخایەنێت. پۆڵینکردنی ئەم تەحەدایانە و دیاریکردنی ئەو خێزانانەی کە ناتوانن بگەڕێنەوە، لە پێناو ئەواندا لایەنە پەیوەندیدارە حکومی و مرۆییەکان نەخشەی چەندان دەستێوەردان دادەڕێژن کە بتوانن ئەم بارانەی سەر شانیان ئاسان بکەن.

1. خواستی گەڕانەوە

زۆربەی خێزانەکان دەگەڕێنەوە، هەندێکیشیان دەمێننەوە

گەڕانەوەی چاوەڕوانکراوی کۆمەڵگە ئاوارەکان بۆ شوێنە ڕەسەنەکانی خۆیان بابەتێکە بایەخێکی تایبەتی هەیە. لە کاتێکدا زۆربەی خێزانەکان وایدەبینن گەڕانەوەیان (لە مەودایەکی ماماوەنددا) هەم چاوەڕوانکراو و هەم ئارەزووکراوە، هەندێک خێزان هەن کە نایانەوێ بگەڕێنەوە (شێوەی ٤). ئەوەی پەیوەندی بە پەنابەرەکانەوە هەیە، ٢٥%ی خێزانەکان دەڵین کە ئەوان نایانەوێت بگەڕێنەوە بۆ سووریا، کە دەکاتە نزیکەی ٤٥٠٠ خێزان، یان ١٩٤٠٠ تاکە کەس. لە ١١%ی خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکان نایانەوێت بگەڕێنەوە -کە دەکاتە ٦٥٠٠ خێزان یاخود ٢٨٣٠٠ تاکە کەس. لە کۆی گشتیی ئەو ١١%یەی ئاوارە ناوخۆییەکان کە نایانەوێت بگەڕێنەوە، گەورەترین گرووپیان لە خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکانی نەینەوا پێکهاتوون، کە لە نیوە تۆزێک زیاتری ئەو خێزانانە ناخوازن بگەڕێنەوە.

شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکانی ڕووپێوییەکە هاوکار دەبێ لە ڕوونکردنەوەی ئەوەی ئاخۆ کام لە هۆکارە ئابووریی کۆمەڵایەتییەکان و دیمۆگرافییەکان بڕیار لە ئەگەری گەڕانەوەی خێزانەکان یاخود نیشتەجێبوونیان لە شوێنی دیکەدا دەدەن[34].

ئەم هۆکارانەش دەکەونە ناو سێ گرووپەوە:
یەکەم، بارودۆخی ئابووریی کۆمەڵایەتیی هەنووکەیی ئەو خێزانانەی کە لە پارێزگای هەولێردا نیشتەجێن، چونکە چەندە خێزانەکە داهاتیان زیاتر بێت و چەندەش ماوەی نیشتەجێبوونیان لەو شوێنەی ئێستا تێیدان درێژتر بێت، ئەگەری گەڕانەوەیان کەمتر دەبێت. تەنانەت ئەو خێزانانەی کە قەرزاریشن لە هیچ کاتێکی نزیکدا بەتەما نین بگەڕێنەوە.


دووەم، هۆکارە دیمۆگرافییەکانیش ڕۆڵێ خۆیان دەگێڕن، چونکە لە لایەکەوە، زۆربەی ئەو خێزانانەی سەرۆکەکانیان ئافرەتن دەیانەوێت لە پارێزگای هەولێردا مێننەوە (پێدەچی لەبەر ئەوە بێ کە ئەگەر بگەڕێنەوە تووشی شکستباریی و لاوازیی زیاتر بێن) و، لە لایەکی دیکەشەوە، بەبەراورد لەگەڵ کۆمەڵگە عەرەب و کوردە ئاوارەکان، کۆمەڵگای مەسیحییەکان بە ڕادەیەکی بەرچاو ئەگەری گەڕانەوەیان کەمترە، ئەویش ڕەنگە بەهۆی کێشەکانی پێکەوە گونجانی کۆمەڵایەتییەوە بێت لە ناوچە ڕەسەنەکانی خۆیاندا.

سێیەم هۆکار کە کار بکاتە سەر گەڕانەوە ئەو ڕایەڵە (لینک یان ربط)ە فیزیاییانەن کە خێزانەکان لە ناوچە ڕەسەنەکانیاندا هەیانن، هەروەک ئەو خێزانانەی کە هیچ مووڵک و سامانێکیان لە زێد و شوێنی ڕەسەنی خۆیاندا نیە، ئەگەری گەڕانەوەیان بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەمترە.

> لە کاتێکدا زۆرینەی خێزانەکان وایدەبینن گەڕانەوەیان (لە مەودایەکی ماماوەنددا) هەم چاوەڕوانکراو و هەم ئارەزووکراوە، لەهەمان کاتدا هەندێک خێزانیش هەن کە لەئێستادا هیچ نیازێکی گەڕانەوەیان نییە

34 ئەم هۆکارانە لە پاشکۆکەدا لە ڕێگای پاشەکشێیەکی ئاماریی بۆ خێزانە پەنابەرەکان و ئاوارە ناوخۆییەکان بە شێوەیەکی وردتر لێیان کۆڵراوەتەوە.

شێوەی 22. دابەشبوونی خێزانەکان بەگوێرەی خواستیان بۆ گەڕانەوە بەپێ ی ناوچە ڕەسەنەکانیان





منداڵە ئاوارە ناوەخۆییەکان لە قوتابخانەیەکی قەرەباڵغ سەنتەری شار هەولێردا. نۆڤێمبەری 2015. UNHCR. م. پرێندەرگاست

2. تەحەددیاکانی بەردەم گەڕانەوەیەکی کاریگەر

ئەو خێزانانەی کە گوتیان دەیانەوێ بگەڕێنەوە بۆ شوێنە ڕەسەنەکانی خۆیان هەروەها پرسیاری ئەوەشیان لێکرا کە ئایا ئەو مەرجانە چین کە دەبێ لەوێدا هەبن بۆ ئەوەی گەڕانەوەکەتان ڕووبدات. نزیکەی زۆرینەی خێزانەکان گوتیان مەرجی سەرەتایی گەڕانەوەیان "ئازادکردن"ی شوێنە ڕەسەنەکانیانە. لەبەر ئەوەی ئەم وەڵامە هەر لە خودی خۆیدا چاوەڕوانکراو بوو، خیزانەکان هەروەها پرسیاری ئەوەشیان لێکرا کە پێشینەیی (اولوية) بدەنە دووەم گرنگترین مەرجیش کە دەبێ هاوشانی مەرجی یەکەم ئەویش بێتە دی بۆ ئەوەی ئەوان بگەڕێنەوە (شێوەی ٢٣). ئەم وەڵامی دووەمە وێنەیەکی تۆزێك جیاوازی ئەو تەحەددییانەی تەنانەت دوای سەقامگیرکردنی ئەو ناوچانەش هەم لە عێراق و هەم لە سووریا دێنە سەر ڕێگای گەڕانەوە، دەخاتە ڕوو.

تەحەدای یەکەم پەیوەندی بە پارێزگا ڕەسنەکەیانەوە هەیە. هەرچەندە لە ڕووپێوییەکەماندا هیچ زانیارییەکمان لەبارەی قەزا ڕەسەنەکانی خێزانەکانی عێراقەوە لەبەردەستدا نیە[35] ، زۆربەی پارێزگا ڕەسەنەکانیان تا ئێستاش لەچوارچێوەی ناوچەی ململانێکاندان و هێشتا گرووپە چەکدارە بەیەکتر نەیارەکان لەو ناوچانەدا بوونیان هەیە. زۆربەی خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکان خەڵکی ئەنبارن، پاشان ژمارەیەکی بەرچاویان هی پارێزگای نەینەوا (بە شێوەیەکی شاری موسڵ و ئەو ناوچانەی ڕاستەوخۆ دەوری ئەو شارەیان داوە، وەك حەمدانیە). هەرچی سەبارەت بە پەنابەرەکانیشە، بارودۆخی سووریا گەڕانەوەکان تەنانەت پڕ تەحەداتر و قوڕستریش دەکات.


تەحەددای یەکەمی بەردەم گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ زێدی ڕەسەنی خۆیان دەستنەگەییشتنە بەو قەزایانەی ئاوارەکانی لێوە هاتوون.

تەحەددای دووەمیش پەیوەندی بە خەرجییە زۆرەکانی گەڕانەوەوە هەیە.

دواهەمین تەحەدداش بۆ توانای گەڕاندنەوەی مولّک و ماڵی ئاوارەکان دەگەڕێتەوە لە شوێنە ڕەسەنەکانی خۆیاندا.

35 هەڵسەنگاندنێك کە پێشووتر لەلایەن REACHەوە لە مانگی ٦ ی ساڵی ٢٠١٥دا ئەنجامدراوە، ئەوە دەردەخات کە ئەو ئاوارە ناوەخۆییانەی لە ئەنبارەوە هاتوون و لە ناوچەکانی دەرەوەی کامپەکانی پارێزگای هەولێردا دەژین، ٥٣%یان هی قەزای فەللوجە و ٣٧%یان هی ڕەمادی و ٧%یان هی قائیمن. ئەوانەشیان کە لە نەینەواوە هاتوون، ٥٢%یان هی حەمدانیە و ٣٧%یان هی موسڵ و ٦%یان هی شنگاڵن. لەکۆتاییدا، ئەوانەیان کە لە سەڵاحەددینەوە هاتوون، ٣٦%یان هی تکریت و ٣٠%یان هی شەرگات و ١٦%شیان هی بیجین.

شێوەی 23. دووەم* گرنگترین هۆکاری ئاسانکردنی گەڕانەوە بۆ زێدی ڕەسەن



* تەنیا داتا و زانیارییەکانی دووەم گرنگترین مەرج نیشاندراون. نزیکەی تەواوی ئەوانەی وەڵامیان دایەوە "ئازادکردنی ناوچەکە و دابینکردنی ئاسایش"یان وەك یەکەم مەرج هەڵبژارد.

تەحەدای دووەم پەیوەندی بە خەرجییەکانی گەڕانەوەوە هەیە، وەك گواستنەوە و هاتوچۆ بۆ شوێنی ڕەسەن و دووبارە نیشتەجێبوونەوە و هەروەها سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی خانوو و بازرگانی و کێڵگەکان. توانای دارایی خێزانەکان لە کاتی ئاوارەییاندا بەهێزەوە بڕیار لە توانایان (بەڵام مەرج نیە لە خواستیان) بۆ گەرانەوە دەدات. یەکێک لە پێشمەرجەکانی گەڕانەوە کە زۆر گوتراوەتەوە پاڵپشتیی یان هاوکاریی داراییە بۆ دووبارە بنیاتنانەوە. هەروەها، زۆر لە خێزانەکان لە پێناو مامەڵەکردنیان لەگەڵ خەرجییە ڕۆژانەییە بەرزەکانی ژیان لە ئاوارەییدا، پێشوەختە تووشی قەرز هاتوون، ئەمەش وا دەکات قەرزکردنی زیاتر ببێتە هۆی قورسترکردنی باری سەر شانی ئەو خێزانانە. لەکاتێکدا هەندێک یارمەتی کە ڕەنگە لە لایەن خزمەکانیانەوە کە پێدەچی هێشتا لە ناوچە ڕەسەنکەنیاندا مابن دابین دەکرێ، پێویستە ئەوە لەبەر چاو بگیرێت کە لە ٩٦%ی حاڵەتەکاندا ئاوارە ناوخۆییەکان دەڵێن کە خێزانەکانیان بە هەموو ئەندامەکانیانەوە لەگەڵ ئەواندا ئاوارە بوون (٦٧%ی پەنابەرەکانیش هەمان شت دەڵێن).

سێیەم تەحەداش پەیوەندی بە توانای گێڕانەوەی مووڵک و سامانەکانەوە بۆ ژێر خاوەندارێتیی خۆیان لە شوێنی ڕەسەنیاندا هەیە، کە ئەمە یەکێکە لەو مەرجانەی گەڕانەوە، بەتایبەت بۆ پارێزگای نەینەوا، کە زۆرترین جار ئاماژەی پێکراوە. ئەمەش لەناو کۆمەڵێک پرسی یاسایی و سیاسیدا دەورەدراو، کە تیایدا کۆمەڵگا جیاوازەکانی ئەو ناوچانەی کە بە شێوەیەکی فەرمیی ناکۆکی و کێشەیان لەسەرە داواکاریی پڕ لە ناکۆکییان دەربارەی مافیان لە ژیان لەو ناوچانەدا هەیە. ئەم ناکۆکییانەش لە کاتی ئازادکردنی هەر ناوچەیەکدا دەکرێ زیاتر هەستیار بن. هەبوونی توانا بۆ سەلماندنی خاوەندارێتیی بەسەر ئەو مووڵک و سامانانەی کە لەوێ لەدوا خۆیان جێیان هێشتووە هۆکارێکی سەرەکیی گەڕانەوەیە. نزیکەی ٩٥%ی ئەو خێزانە ئاوارە ناوخۆییانەی کە دەیانەوێت بگەڕێنەوە دەڵێن کە ئەوان لە شوێنی ڕەسەنی خۆیاندا مووڵک و سامانێکیان (کە عادەتەن خانووە) هەیە. لەگەڵ ئەمەشدا، زانیاریی ورد دەربارەی بوونی توانا بۆ سەلماندنی خاوەندارێتی تا ئێستا بوونی نیە و پێویستە نەخشە و پلانی دیکە، بۆ زیاتر تێگەییشتن لە پرسەکانی داواکردنەوەی زەویی، بەتایبەت لە ناوچە کێشە لەسەرەکاندا، دابڕێژرێن. هەروەها، ئەگەر دەخوازرێت کە گرژییە کۆمەڵایەتییەکانی پێش یاخود کاتی گەڕانەوە هێور و نزم بکرێنەوە، ئەوا دەبێت دەستتێوەردانی دادپەروەرانەی ئاشتەوایی گونجاو داواکاری و سکاڵاکانی نێوان کۆمەڵگا دراوسێ یاخود تێکەڵاوەکان بەئامانج بگرن.



کۆمەڵێک فرۆشیاری گەڕۆک لە پەنابەرەکان و ئاوارە انوەخۆییەکان و کۆمەڵگای خانەخوێ، لە نزیك بازاڕی سەنتەری شاری هەولێر.
ئایاری 2015. وێنەگر: فوئاد هیندی.

٩. دەرەنجام و پێشنیازە سەرەکییەکان

سەرەکیترین ئامانجی ئەم هەڵسەنگانی پڕۆفایلانە بریتییە لە دامەزراندنی بناغەیەکی ئەزموونیی بۆ دیزاین و بەرەوپێشبردنی نەخشەبۆدانان و پاڵپشتیی باشترکردنی هەلومەرجەکانی ژیانی دانیشتوانە شارنشینەکانی پارێزگای هەولێر بەبێ لەبەرچاوگرتنی پلە و پایەی کۆمەڵایەتی. ئەم هەڵسەنگاندنە بارودۆخی خێزانە ئاوارەکان (پەنابەر و ئاوارە ناوخۆییەکان)ی بە بارودۆخی خێزانەکانی کۆمەڵگای خانەخوێ بەراورد کردووە، هەروەها بارودۆخی ئەو خەڵکانەی کە لە دەوروبەری هەولێر و شارۆچکەکان دەژین بە بارودۆخی ئەوانە بەراورد کردووە کە لە سەنتەری شاردا دەژین

لەئەنجامی ئەو ڕێگەیەی ناو شیکارییەکە، هەندێك لە دەرەنجامەکانی بەرەوپێشچوونی هەلومەرجەکانی ژیان لەوانەیە بۆ ئەو جیاوازییانە بگەڕێنەوە کە لەناوچە جوگرافییەکان هەیە وەك یەکەکانی نیشتەجێبوون، بەڵام لایەنەکانی تری وەك دامەزراندن یان سەقامگیریی ئابووری دەکرێ پەیوەندیدار بن بەو جۆرە گرووپەی دانیشتوانەوە کە خێزانەکان بۆی دەگەڕێنەوە.ئەو پێشنیازانەی کە لە خوارەوە خراونەتە ڕوو ئاراستەی دەسەڵاتدارانی پارێزگا و ڕێکخراوەکانی بواری کاری مرۆیی و پەرەپێدان کە لە هەولێر هەن کراون، شایەنی باسە ئەم پێشنیازانە لەبەرامبەر ئەو جیاوازییانەدا زۆر هەستیارن. ئەم پێشنیازانە بەتایبەتی ئەوانەی کە دەکەونە ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتدارانی پارێزگاوە، قەیرانە هەنووکەییەکانی ئابووری و بوودجە، ئەوانەی کە ڕووبەڕووی کوردستان بوونەتەوە بەهەند وەردەگرن و بەجۆرێك داڕێژراون کە بگونجێن لەگەڵ چوارچێوەی ئەو چاکسازییەی کە بۆ بەگەڕخستنی پڕۆسەی چاکسازی ئابووری لەو ناوچەیەدا پێویستە.

1. پڕۆسەی بەشارستانیکردن، خزمەتگوزارییە گشتییەکان و پێکەوە گونجانی کۆمەڵایەتی

ڕاییکردنی ئەو شوێنە چۆڵ و ڕووداوانەی کەوا ڕێگە خۆشکەرن بۆ تێکەڵاوبوونی کۆمەڵگای خانەخوێ بە کۆمەڵگا ئاوارەکان، بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان گەڕەکەکان و دووركەوتنەوە لە گرژییە کۆمەڵایەتییەکان و هێنانە کایەی پێکەوەژیانێکی ئاشتییانە

گفتوگۆکانی گرووپە دیاریکراوەکان لەگەڵ ئەندامەکانی کۆمەڵگای خانەخوێدا تیشکیان خستۆتە سەر ئەوەی کە پێشبڕکێکردن و ململانێ بۆ دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە گشتییەکان و بێ مەیلیی ئاوارەکان بۆ خۆگونجاندنیان لەگەڵ ژینگە تازە کۆمەڵایەتییەکەیان و گلەیی و گازاندە مێژوییەکانی دژی ڕژێمی پێش 2003 بەیەکەوە پێکەوەژیان و هاوگوزەرانییەکی تاڕادەیەك گرژیان لەنێوان کۆمەڵگای خانەخوێ و کۆمەڵگای ئاوارەکاندا هێناوەتە کایەوە. لەلایەکی دیکەوە، گفتوگۆکای گرووپە دیاریکراوەکان لەگەڵ کۆمەڵگا ئاوارەکانیشادا تیشکیان خستۆتە سەر ئەوەی کە ئەوان هەندێك جار تووشی لەمپەر و کۆسپی ئەوتۆ دەبنەوە کە ڕێگریان لێ دەکات لەوەی کە ژیانێکی سەربەخۆیان هەبێت، و لەبری ئەوە ئەو کۆمەڵگایانە زیاتر پشتیان بە پاڵپشتی دەرەکی دەبەست. زۆرێك لەو لەمپەر و کۆسپانەی کە باسکران پەیوەندییان بە کۆمەڵگای خانەخوێشەوە هەیە. شوێنە هاوبەشەکان و ڕووداوە هاوبەشەکانی وەك (سەنتەرەکانی کۆمەڵگا، چالاکییە وەرزشییەکان یان گرووپی ئافرەتان/لاوان) دەکرێ وەك خاڵێکی پەیوەندی لەنێوان دانیشتوانی هەموو گرووپەکان ڕۆڵ ببینن و هەروەها دەکرێ ئەو پەیوەندییە زیاتر پەرەی پێ بدرێ.

گرنگیی ئەو چالاکییانەی کە لە کۆمەڵگاوە سەرچاوەیان گرتووە لەبەهێزکردنی پێکەوەژیانێکی ئاشتەواییانە لەناو گفتوگۆگاکانی گرووپە دیاریکراوەکاندا دیاریکران. ئەو چالاکییانە دەکرێ ڕێگەخۆشکەر و یارمەتیدەربن لە تێکەڵاوکردن و پێکەوبەستنەوەی گرووپەکانی دانیشتوان. ئەو چالاکییانە هەروەها دەتوانن پاڵپشت و یارمەتیدەربن بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییە فرە ئامانجەکانی وەك پەروەردە و خۆشیی و توانا بەدەستهێنان، بەڵام زانیارییەکە ئاماژە بەو پرسانەش دەکات کە کاردەکەنە سەر کۆمەڵگا وەك بەرزکردنەوەی وشیاریی یاسایی، ئامۆژگاری و زانیاریی پەیوەندیدار بە پاراستن و وشیارکردنەوە و پەروەردەکردن لەسەر مافە گشتییە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان ...هتد.

- پاڵپشتیکردنی ئەو شوێنانەی کە خۆیان تەیار و بەردەستن وەك هۆڵە هاوبەش سەنتەرە وەرزشییەکان... هتد، یان فراوانکردنی تۆڕی بەشداریی کۆمەڵایەتییەکان لەناوچە شارنشینەکاندا بە پاڵپشتیی دەزگا مرۆییەکان لەڕێگەی جێبەجێکردنی پڕۆژە کاریگەر خێراکان (QIPs) کە سوود بەتەواوی کۆمەڵگا دەگەیەنن.

- ئاسانکاری و ڕێگەخۆشکردنی تێکەڵاوبوون لەسەر ئاستی گەڕەك کە ئەمەش ڕێگە بەئەندامانی کۆمەڵگا جیاوازەکان دەدات بۆ ئەوەی بەیەکەوە ڕێگەیەکی ماندار و بنیاتنەر و ئەرێنی پڕ لە هەماهەنگی دروست بکەن. بەشداریکردن لە ڕووداوە کەلتوری یان ئاینییەکان و دابەشکردنی شوێنە چۆڵەکان بۆ ڕێکخستنی چالاکییە گشتییەکان و پاڵپشتیکردنی ئەم ستراتیژە.

- دەستپێشخەریکردن لە کردنەوەی پڕۆگرامێك بۆ پێشکەشکردنی وانەی زمانی کوردی بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان بۆ ئەوەی ڕێگەخۆشکەربێت بۆ گونجانیان لەگەڵ ژینگە تازکە و باشترکردنی تێکەڵاوبوون و پێکەوەژیانیان.

ئەنجامدانی زیاتری گفتوگۆکانی گرووپە دیاریکراوەکان بەشێوەیەکی ڕێك و پێك لەگەڵ کۆمەڵگای خانەخوێدا، ئەمەش وەك ڕێگەیەك بۆ باشترکردنی پەیوەندی ئاڵوگۆڕکردن

لەکاتێکدا دەزگا جیاوازەکان گفتوگۆکانی گرووپە دیاریکراوەکان لەگەڵ پیاو و ئافرەت و لاوانی پەنابەر و کۆمەڵگای ئاوارە ناوخۆییەکاندا ئەنجام دەدەن بۆ تێگەیشتن لە پێداویستییە بەپەلە و نیگەرانیەکانیان، کەچی کۆمەڵگای خانەخوێ سەرەڕای ئەوەی کە بەشێکی سەرەکییە لە هاوکێشەی بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگادا بەڵام لەسەر ئەو بابەتانە زۆرجار ڕاوێژی پێ ناکرێ. بۆیە گفتوگۆکانی گرووپە دیاریکراوەکان پێویستە فراوان بکرێن بەتایبەتی بۆ وەدەستخستنی بەرچاوڕوونی لە بەندەکانی یەکبوونی کۆمەڵایەتی و تێگەیشتن لەبارودۆخی

ئابووری و میواندارێکردنی پەنابەر و ئاوارە ناوخۆییەکان لە ناوچە شارنشینەکاندا. بەتایبەتی تریش:

• ئاژانسەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) و ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان هانبدرێن بۆ بەرزکردنەوە و باشترکردنی دیالۆگ لەگەڵ کۆمەڵگاکان لەڕێی گفتوگۆکانی گرووپە دیاریکراوەکانەوە و شێوازەکانی تری ڕاوێژکردن وەك پەیوەندیکردن لەگەڵ موختارەکانی نێو کۆمەڵگادا.

• ئەنجوومەنی پەنابەرانی هەولێر پێوستە دەستپێشخەری بکات لە دانانی پڕۆگرامی خۆی بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆکانی گرووپە فیاریکراوەکان بەشێوەیەکی ڕێك و پێك لەناوچە شارنشینەکاندا کە تیایاندا ئەو گفتوگۆیانە ئاڕاستەی هەموو گرووپەکانی دانیشتوان بکرێت بۆ بنیاتنانی متمانەی زیاتر لەنێوان دەسەڵاتدارانی پارێزگا و ئەو کۆمەڵگایەی کە خزمەتی دەکەن.

زیادکردنی ژمارە و توانای خزمەتگوزارییەکانی پەرەوەردە و خزمەتگوزارییە گشتییەکان لەناوچە شارنشینەکاندا بەتایبەتی لەدەوروبەری هەولێر

تشير البيانات الناتجة عن دراستنا بأن هناك نقص حاد في المرافق والوسائل الطبية والتعليمية في بعض المناطق الفرعية. ونظرا بأن عدد السكان قد تضاعف في بعض المواقع ، شكل العدد الهائل من السكان تحدياً لقدرة الخدمات على تلبية احتياجات السكان في تلك المناطق.

داتا و زانیارییەکانی ڕووپێویی و پێداچوونەوەکانمان ئەوەیان خستۆتە بەرباس کە کەموکوڕیی سەخت لە بینا و تەلارە پزیشکیی و پەروەردەییەکانی هەندێك لە ناحییەکاندا هەیە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ژمارەی دانیشتوان لەهەندێك شوێن بۆ دوو ئەوەندە زیادی کردووە توانای ئەو خزمەتگوزارییانەی کە بۆ پێداویستییەکانی دانیشتوان دیاردەکرێن لەو ناوچانەدا بەشێوەیەکی دژوار دووچاری تەحەدا بوونەتەوە. پێویستییەکی بەپەلە هەیە بۆ زیادکردنی ئەو خزمەتگوزارییە گشتییە پەروەردەیی و تەندروستییانەی کە پێشکەش دەکرێن، جا ئەم زیاد کردنەش دەکرێ یان لەڕێی فراوانکردنی توانای ئەو خزمەتگوزارییانەوە بێت کە لە ئێستدا بوونیان هەیە یاخود لە ڕێگای بنیاتنانی ژێرخانەوە بێت بۆ دروستکردنی یەکەی خزمەتگوزاریی زیاتر.

بۆ دڵنیابوونەوە لەبەردەوامیی ئەو خزمەتگوزاییانە بەشێوەیەکی درێژخایەن پێویستە ئەم کارە لەژێر هەژموون و کۆنترۆڵی حکومەتدا بێت. هەرچەندە بەدەنگەوەهاتنی حکومەت زۆر سنووردارە بەهۆی قەیرانی سەرتاسەریی بودجە لەهەرێمی کوردستاندا، بەڵام پێویستە ئەو بەدەنگەوە هاتنەی حکومەت لەگەڵ دەستەیەکی فراوانتری چالاکییەکانی تایبەت بە خزمەتگوزارییەکان لەسەر ئاستێکی هەرێمی دابنرێت. کەواتە لێرەوە دەکرێ ڕێکخراوەکانی بواری کاری مرۆیی و پەرەپێدان هەنگاو بهاوێژن بۆ پاڵپشتیکردنی دەسەڵاتەکانی حکومەت بە چالاکییە خێراکانیان وەك پڕۆژە کاریگەرە خێراکان لەناو ئەو کۆمەڵگایانەی کە لەئێستادا دوچاری بۆشایی گەورەی خزمەتگوزرایی گشتی هاتوون.

• فراوانکردنی خزمەتگوزارییە گشتییە گرنگەکانی پەروەردە و تەندروستی لە ناوچە شارنشینەکاندا لەگەڵ جەختکردنەوەیەکی زیاتر لەسەر دابینکردنی ئاسانکارییەکانی قۆناغی خوێندنی ئامادەیی لە ناوچەکانی دەوروبەری هەولێر.

• بنیاتنانی دام و دەزگای کاتی، بە پاڵپشتی ڕێکخراوەکانی بواری کاری مرۆیی و پەرەپێدان، لەڕێگەی پڕۆژە کاریگەر خێراکانەوە، لە پێناو زیادکردنی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی پەرەوەردە و تەندروستی لە بێ خزمەتگوزاریترین گەڕەکەکاندا، ئەویش وەك بەشێك لە بەدەنگەوەهاتنێکی خێرا.

2. هەلومەرجەکانی نیشتەجێبوون و ژیان

زیادکردنی توانای ماددی بۆ دەستکەوتنی یەکەکانی نیشتەجێبوون بۆ بەکرێگرتن بەلەبەرچاوگرتنی قەیرانە داراییە هەنووکەییەکان

تەحەدای سەرەکی لەبارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون لە ناوچە شارنشینەکانی هەولێر بریتیە لە نەبوونی شوێنی حەوانەوەی گونجاو(لە نرخدا) بۆ بەکرێگرتن و گواستنەوە بۆی. لەراستیدا، نرخی شوێنەکانی حەوانەوە لەتوانای ماددی بۆ بەکرێگرتن بەدەرن نەك تەنها بەهۆی بەرزی نرخی کرێکانیانەوە بەڵکو بەهۆی قەیرای دارایییەوە. ئەمەش کاردەکاتە سەر تێکڕای گرووپەکانی دانیشتوان بە یەکسانی. وەبەرهێنان لەیەکەکانی نیشتەجێبووندا بەهۆی قەیرانی دارایییەوە وەستاوە و زۆرێك لە پێکهاتەی بیناکان بە تەواونەکراوی ماونەتەوە یاخود لەڕاستیدا ئامادەنین بۆ بەکرێدان لەبەر نەبوونی متمانە بە کرێنشینە تازەکانەوە. سەرەڕای ئەوەش هیچ پڕۆگرامێکی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوونی گشتی لەو ناوچانەدا نین بۆ دروستکردنی یەکەی تازەی نیشتەجێبوون و پارسەنگکردنی نرخە نەگونجاوە (لە بەکرێگتنە نەهاتووەکانی) تایبەت بە کرێگرتن.

هەنگاوەکانی زیادکردنی یەکەی نیشتەجێبوونی گونجاو لەڕووی نرخەوە پێویستن بۆ بەرەنگاربوونەوەی قەڕەبالغبوون و بەرزبوونەوەی کرێ و زیادبوونی مەترسیەکانی دەرکردن و گواستنەوەی خێزانە هەژارترەکان بۆ گەڕەکەکانی دەوروبەر. لەناحیەکانی شەقلاوە و بەحرکە و بنەسلاوە و خەبات کە ژمارەی دانیشتوانیان نزیکەی بۆ دوو ئەوەندە زیادی کردووە بەبێ زیادبوونی یەکەی نیشتەجێبوون بۆیە لەوناوچانەدا پێویستی زۆر هەیە بۆ ئەم هەنگاوەکانی زیادکردنی یەکەی نیشتەجێبوون لەگەڵ سەرنجدان بۆ ماوەیەکی کورت خایەن یان ماماوەند.

• هاندان بۆ گەشەپێدانی تایبەتی خانووبەرەی گوونجاو لەنرخ و سادە بەمەبەستی زیادکردنی دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ خێزانە کە دەرامەتەکان یان لەبڕی ئەوە هاندانی خاوەن خانووەکانی ئێستا بۆ فراوانکردنی خانووبەرە و زیادکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون بۆ کرێ.

• لێکۆڵینەوە لەبارودۆخی ئابووری و یاسایی بالەخانە چۆڵەکان یان بەجێهێشتراوەکان بەنیازی ئەوەی کە دەسەڵاتە ناوخۆییەکان بتوانن ئەو جۆرە بینایانە بکەنەوە بە یەکەی نیشتەجێبوونی هەرزان یان بچووك ئەگەر ئەوە سەلێنرا کە هیچ کەسێك مەیلی خاوەندارێتی کردنی ئەو مولکانەی نیە.

• لێکۆڵینەوە کردن سەبارەت بە شیمانە و ڕێتێچوونەکانی ئەوەی کە نوێنەرانی پەناگەی مرۆیی یان دەسەڵاتدارانی پارێزگا ڕۆڵی دەستەبەران بگێڕن لە پڕۆسەی

کرێ لە زۆربەی ناحیە گرنگەکان بەمەبەستی هاندانی خاوەن مولّکەکان بۆ واڵاکردنی شوقە و خانووەکانیان بۆ بەکرێدان- بەتایبەتی بۆ کۆمەڵگا ئاوارەکان.

• ئەنجامدانی شیکاری قوواڵتر لەبارەی هۆیە هەنووکەییەکانی دیاریکردنی ئاستی کرێ لەناوچە شارنشینەکان و لەبارەی دەستکەوتنی خانوو بەکرێی گونجاو لەبەرامبەر ئەو خواستەی کە لەسەر خانوو بەکرێگرتن هەیە و لەبارەی مەترسی و تەگەرەکانی دەست گەیشتن بە خانووبەرەی تازە بە لەبەرچاوگرتنی ڕێ و شوێنە ڕاستەوخۆ و سیاسەتە درێژخایەنەکانی نێو پارێزگای هەولێر یان هەرێمی کوردستانی عێراق.

دابینکردنی کرێی خانوو وەکو هاوکارییەک بۆ خێزانە شکستبار و لاوازەکان

لە کاتێکدا پێوەرەکانی پێشووتر تێکڕای کرێی خانوویان بەرە بەرە دادەبەزاند، بەڵام لەوانەیە پێویستیان بە کات بێت بۆ هەبوونی کاریگەریەکی دیار. لە ناو هەموو چین و توێژەکانی نێو دانیشتواندا لە ئێستادا زۆربەی خێزانەکان ناتوانن کرێی خانوو بدەن، وە ئەمەش سەردەکێشێت بۆ چوونە ژێر باری قەرزداری و یان ناچاربوون بە شوێنگۆڕین و گواستنەوەی بەردەوام لە ئەنجامی گەڕان بە دوای شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونێکی هەرزانتربە نرخێک کە هاوتابێت لەگەڵ داهات وە گونجاوبێت بۆ ژیان. پێویستیەکی تر پشتگیری کردنی ئەو خێزانانەیە کەوا ڕووبەڕووی کێشەی دارایی بوونەتەوە، ئەمەش بەمەبەستی یارمەتیدانیان بۆکارئاسانی لە نیشتەجێبوونیاندا بە شێوازێک کە بتوانن کرێی خانوویان پێ بدرێت بۆ گۆڕینی بارودۆخی خراپی نیشتەجێبوونیان بەرەو دۆخێکی باشتر، بەتایبەت لە سنووری پارێزگای هەولێردا.

لەگەڵ ئەوەشدا، زیاتر کردنە ئامانجی ئەو خانەوادانەی کەوا لە بارووددۆخێکی شکستبار و نەگونجاو ژیان دەگوزەرێنن (وەکو: یەکەکانی نیشتەجێبوونی کاتیی، کابینەکان و ئەو بینایەنەی لە قۆناغی دروستکردندان). ئەمەش یارمەتیدەردەبێت بۆ بەرەوژیانێکی باشتر و شێوازی نیشتەجیبوونێک زیاتر پڕ لە ئارامی و ئاسایش.

وە پشتگیریکردنەکەش دەکرێت ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆبێت، بەم شێوەیە:
• بەدواداگەڕان و سەرنجدانی تواناکان بە مەبەستی بناغەدانان بۆ پڕۆگرامی "کاش بەرامبەر بە قەرز"، وەکو درێژکراوەیەک بۆ ئەو پڕۆگرامە "کاش"انەی کە لەئێستادا لە ئارادان یان وەکو پڕۆگرامێکی تازەی سەربەخۆ، ئەمەش بەوەدەکرێت: یەکەم کە لەسەرەتادا دڵنیابین لەوەی کەوا پڕۆگرامێکی لەم چەشنە نابێتە هۆی ئاوسانی بازاڕی کرێ (واتە بەرزبوونەوەیەکی کتوپڕی نرخەکان و دابەزینی نرخی پارە) و، دووەم دڵنیابین لەوەی نابێتە هۆی زیادکردنێکی کتوپڕ لەلایەن بەکرێدەرەکانەوە لە شوێنە زۆر قەرەباڵغەکاندا؛

• فراوانکردنی مەودای پڕۆگرامەکان، وەهەروەها زیادکردنی ژمارەی بەشداربووان، خستنەئەستۆی گەڕاندنەوەی بارودۆخی ژیان بۆ دۆخێکی ئاسایی و تەندروستییەکی باش بە پێوەری ماماوەند و وەگەڕخستنەوە و نۆژەنکردنەوەی بیناکان بەرامبەر هیچ کرێیەکیان بەرمبەر بە کرێیەکی دیاریکراو، ئەمەش بە هەماهەنگی و بەشداریکردنی دەسەڵاتی پارێزگا بە مەبەستی بەهێزکردنی متمانەی خاوەن مولّکەکان؛

زیادکردنی پارێزگاری لە دژی دەرکردن و پشتگیریکردنی خێزانەکان لە مەترسی دەرکردن

لە نێو کۆی دانیشتواندا لە ماوەی ٦ مانگی ڕابردوودا بەشێک لە خانەوادەکان دەرکراون. دەرکرانەکانیش زۆربەی زۆری پەیوەستن بە کەمی توانایان بۆ دانی کرێکانیان. ئەمەش زیاتر لە شارە بچووکەکان و شارۆچکەکاندا باوە، وەك سۆران و شەقڵاوە. نەبوونی نووسراوێک وەک بەڵێننامەیەك یان ڕێککەوتنامەیەك بە مەبەستی بەکرێدان زۆر پەیوەندیدارە بەوەی کەوا کرێچییەکان مەترسی زیاتری دەرکردنیان لەسەربێت. لەگەڵ ئەوەی کەوا ڕێککەوتنامە زارەکییەکان لەلایەن یاساوە هیچ ناچارکردنێکی تێدانیە، پێناچێت بەهۆی ئەم جۆرە ڕێککەوتنەوە کرێچییەکان لە دەرکردن پارێزراو بن، و دیسانەوە کردەی یاسایی کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت بەسەر مشتوومڕی نێوان خاوەن مولّک و کرێچییەوە.

بەم هۆیانەشەوە، پێویستە جۆرێک هەنگاو بنرێت بۆ زیادکردنی پارێزگاریکردن لە خانەوادە شکستبار و لاوازەکان، بە تایبەتی:
• ڕێکخستی ڕێککەوتنە زارەکییەکان و هەوڵدان بۆ بەرەوپێشبردنی بەکارهێنانی ڕێککەوتننامە بە شێوازی نووسراو لە بری زارەکی. ئەمش کارئاسانیی زیاتر دەکات بۆ وەرگرتنی پشتگیریی نیشتەجێبوون (پشتگیری کرێچێتی) لە لایەن ئاساییشەوە، ئەمەش بۆ دڵنیابوون لە پارێزراویی مافی نیشتەجێبووان.

• پتەوکردنی ئەو مێکانیزمانەی کەوا ئاراستە دەکرێن لەلایەن ئەو بەشداربووانەی کە یارمەتییە یاساییەکان دەستەبەردەکەن لەو شوێنانەی کە خێزانە کرێچییەکان دەتوانن هەواڵ لە هەر حاڵەتێکی دەرکردن بدەن بەولایەنانەی کە ڕووبەرووی حاڵەتی دەرکردن دەبنەوە، و بتوانن پشتگیرییان لەوانەوە پێبگات، وەکو: دۆزینەوەی شوێنی حەوانەوەی نوێ، و بڕیاردان لەوەی ئایا ئەم خیزانانە کتوپڕ پێویستیان بە دابینکردنی پارەی کاش هەیە یان نا.

3. بەهێزکردنی ڕێگاکانی ژیان و گوزەران

بەهێزکردنی پلانە بەپەلەکانی باشترکردنی بار و گوزەرانی خەڵک لە ناوچەکانی دەوروبەری هەولێر و شار و شارۆچکەکاندا

ينبغي خستنەسەرکاری کتوپڕ، وەکو پڕۆگرامەکانی کاش بەرامبەر بە ئیش کەئەمانەش بەستراون بە جێبەجێکردنی پڕۆژە کاریگەر خێراکانەوە، پێویستە کاری زیاتری لەسەربکرێت بە تایبەت لە سنووری پارێزگای هەولێردا کە زۆرترین ڕێژەی خەڵکی لەو شوێنانە بەدوای کاردا دەگەڕێن.

ئەم جۆرە پڕۆگرامانەش سنووردارکراون بۆ خەڵکی پەنابەر و خەڵکی ئاوارە. پێویستە بەدواداچوون بکرێت بۆ ئەوەی ئەم جۆرە پڕۆگرامانە لەهەمان کاتدا کراوەبن بۆ ئەندامانی کۆمەڵگای خانەخوێش لە کاتێکدا کە کەمیی دامەزراندن کاریگەریی بەسەر ئەوانیشەوە هەبووە بەشێوەیەکی یەکسان، بەتایبەت بۆ کارەکانی کەرتی تایبەت. شانبەشانی دامەزراندن، پلانە بەپەلەکانی باشترکردنی بار و گوزەرانی خەڵك یارمەتیدەردەبن بۆ گێڕانەوەی پارەی کاش بۆئەو ناوچانەی کەوا گیرۆدەی قەیرانی دارایین، وە هەروەها یەرمەتیدەر دەبن بۆ بەهێزکردن و پتەوکردنی باری دارایی ناوخۆ. ڕاهێنانە پیشەییەکانیش گرنگی

خۆیانیان هەیە، هەروەک چۆن داتا و زانیارییەکانمان دەربیدەخەن کە بوونی ئەم جۆرە ڕاهێنانانە هەلی تاکەکان بۆ بەدەستهێنانی کار زیاد دەکەن.

پشت ئەستوور بەم باسە، ئەمانەی خوارە دەکرێت چەند پێشنیازێکی دیاریکراو بن:

• کردنە ئامانجی ناوچەکانی دەوروبەری هەولێر و شارۆچکەکان بۆ پرۆگرامەکانی بەپەلەکانی باشترکردنی بار و گوزەرانی خەڵك وەکو "کاش بەرامبەر بە ئیش" بۆ هەردوو دانیشتوانە ئاوارە و خانەخوێکان، وەك ئەوەی کە گونجاوە.

• بەردەوامبێدان و باشترکردنی پرۆگرامەکانی ڕاهێنانە پیشەییەکان لەم ناوچە جوگرافیانە و ناساندنی پرۆگرامەکان بۆ ئاسانکردنی تاوەکو لە کۆتاییدا بتوانرێ ئاسانکاری بکرێت بۆ شاگردێتی کردن لە یەکێك لەو کارانەی کە پەیوەندیدارە بەو بەهرانەی کە فێری بوون؛

• بەردەوامبێدان و باشترکردنی پشتگیریی بۆ ئەندامە دانەمەزراوەکانی هەموو کۆمەڵگا جیاوازەکان لە دۆزینەوەی کار بۆیان لە ڕێگای چەند بەرنامەیەکی تایبەت بە دۆزینەوەی کار بۆ خەڵکی دانەمەزراو، وەکو بەشێک لەو بەرنامەیەی لەلایەن لایەنە کاراکەی بواری باشترکردنی باروگوزەرانی خەڵک بەڕێوەدەچێت، ئەمەش وەکو جێگرەوە (بەدیل) یەك لەبری ناچاربوون بۆ بشتبەستن بە تۆڕە کەسییەکان.

• بەدواداگەڕان و هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی کەرتی تایبەت لە پارێزگای هەولێر بۆ تێگەیشتن لە بەربەستی سەرەکیی بەردەم فراوانبوونیان و هەروەها کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەم بەرزبوونەوەی ئاستی دامەزراندن لەلایەن ئەو کەرتەوە، ئەمەش هاوشان لەگەڵ هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکانی ئەو بەرنامانەی کە بۆ باشترکردنی بار و گوزەرانی خەڵك تاوەکو ئێستا لەلایەن هەردوو لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەت و ڕێکخراوەکانی بواری کارە مرۆییەکانەوە ئەنجامدراون (بۆ نمونە: ئەو ناوچانەی ئەو بەرنامانەیان پێگەیشتوون، دەستکەوتەکان و کاریگەرییەکان) تاوەکو بۆ لەمەودوا بەرنامەی ئامانجدارتر بەڕێوەببەن.

ئاسانکردنی میکانیزمەکان بۆ پەنابەرەکان بۆ ئەوەی بن بە بازرگان و گەشە بە بازرگانیی هاوبەش لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگەی خانەخوێ لە پارێزگای هەولێردا بدەن

بەهۆی حاڵەتی بەنابەرییانەوە، تاکە سوورییەکان ناتوانن لە دەرەوەی کەمپەکاندا دەست بە بازرگانی بکەن. ئەو خێزانانەی کە بەشی پێویست سەرچاوەی داراییان هەیە دەیانتوانی لە ڕێگای دەستپێکردنی بازرگانی و بەشداریکردن لە زنجیرە نرخە هەنووکەیی یان تازەترەکان و ڕەخساندنی هەلی کار بۆ کەسانی دیکە، بەشداری بکەن لە چالاککردنی ئابووریی ناوخۆییدا.

لەکاتێکدا کە کە پێدانی ئەو مافە بە پەنابەران کە بن بە خاوەنی بازرگانیی خۆیان لە پارێزگاکەدا چاکسازییەکی دوورووڕێژی یاسایی لە سیاسەت و پلانەکاندا کە دەبێ لە لایەن هاوبەشە ناوخۆیی و نێونەتەوەییەکانەوە بانگەشەی بۆ بکرێ و داکۆکیشی لێ بکرێت، هەر لە هەمان چوارچێوەدا، پێویستە چارەسەری جێگرەوە (بەدیل)ی دیکە وەکو پرۆژەی هاوبەش لەگەڵ بازرگانەکانی کۆمەڵگای خانەخوێدا دەستپێبکرێت.

لەسەر ئەم بنەمایەش، پشت بەستن پێوەرە دیاریکراوەکان دەکرێ ئەمەنە بگرنەوە:

• ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN)، ڕێکخراوە ناحکومیە نەتەوەیی و نێونەتەوەییەکان و ژووری بازرگانی ڕاسپێردراون بۆ دامەزراندنی میکانیزمێک یان سەکۆیەک (پلاتفۆرمێک) بۆ پشتگیریکردنی پەنابەران لە دەستنیشانکردن و پەیوەندی پێوەکردن و هاوبەشیکردن لەگەڵ بازرگانە ناوخۆییەکاندا، بۆ دامەزراندن و دەستپێکردنی کار و بازرگانیی هاوبەش لە پێناو زاڵبوون بەسەر بەربەستە فەرمییەکان و مسۆگەرکردنی پارێزگاریی یاسایی بۆ هاوبەشە پەنابەرەکە.

هاندانی باشترکردنی دۆخی کارکردن و پارێزگاریکردن لە چینی کرێکاران بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو نافەرمییەتی و خراپ بەکارهێنانەی کە لە هەندێك کەرتی بازاڕی کاردا بوونیان هەیە

داتا و زانیارییەکان ئەوە دەردەخەن کەوا کارکردن بەبێ بوونی گرێبەستی دامەزراندن یان هەر جۆرێک لە نووسراوێکی یاسایی کە پارێزگاریی بکات لە کرێکاران، کردارێکە لە کەرتی تایبەتدا زۆر ڕووندەدات. ئەمەش حاڵەتێکە زۆربەی کاتەکان تووشی ئاوارەکان دەبێت.

لە کۆنتێکستێکی قەیرانی ئاوارەییدا، ئەمە تەنانەت زیاتر لە بارودۆخێکی ئاسایی مەترسییەکی گەورەتر دەخاتە سەر کرێکاران، وەک چۆن دەبێتە هۆی زیادبوونی کێبڕکێی نارێکخراو بۆ دۆزینەوەی کار و هەروەها ئەنجامدانی مامەڵەی خراپ لەگەڵ کرێکارەکان لەلایەن بەشێک لە خاوەنکارەکانەوە. هەروەها دەبێتە هۆی جیاوازیەکی گەورەتر لە داهات، چونکە داتاکانمان ئەوە دەردەخەن کەوا داهاتی کاری ئەو کەسانەی کە گرێبەستێکی نووسراویان نیە کەمترە لەوانەی کە بە فەرمی دامەزراون.

لەکاتێکدا دڵنیابوون لەوەی زۆرینەی تاکەکان گرێبەستی نووسراویان لەسەر دامەزراندنەکەیان هەیە زۆر سەخت و دژوارە، کردارە ڕاستکەرەوەکان دەکرێ هاوکاربن لە پێشخستنی مافەکانی کرێکاران و باشترکردنی هەلومەرجی کارکردن بەگشتی.

• ئاژانەسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN)، ڕێکخراوە ناحکومیە نەتەوەیی/نێونەتەوەییەکان و دەسەڵاتدارە ناوخۆییەکان دەتوانن ناوەندی پێشکەشکردنی هاوکاریی یاسایی دابمەزرێنن تاوەکو ئەو کرێکارانەی تووشی چەوساندنەوە دەبن بتوانن لەوێ سکاڵا تۆماربکەن، ئەو ناوەندانەش پێویستە بە شێوەیەکی تایبەت کۆمەڵگا ئاوارەکان بەئامانج بگرن کە کەمتر بە ژینگەی یاسایی هەولێر ئاشنا و شارەزان.

• هاوبەشە نێونەتەوەییەکانی بواری پەرەپێدانی مرۆیی دەتوانن دەستپێشخەریی بۆ هاوکاریکردنی ژووڕەکانی بازرگانی و گرووپە بازرگانیەکان بکەن بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئابووریی نافەرمیی و هەروەها پێشنیازی چاکسازییان بخەنە بەردەست.

• دەسەڵاتداراە ناوخۆییەکان پێشنیازیان بۆ کراوە کە بەدوای دۆزینەوەی ڕێکخستنی ڕێتێچووی پەیوەندیدار بە دامەزراندنا بگەڕێن تاوەکو بەسەر هەلومەرجی کارکردن لە کەرتی بنیاتناندا جێبەجێیان بکەن، ئەو کەرتە ئابووریە سەرەکییەی نەك هەر زۆربەی هەلی کارەکان دەڕەخسێنێت، بەڵکو ڕێگا بە هەلومەرجی زۆر ناڕێکی کارکردنیش دەدات.

پاڵپشتیکردنی گەشەپێدان و بەهێزکردنی پرۆژە بازرگانیە بچووك و مامناوەندییەکان لەناو پارێزگاکەدا

پارێزگای هەولێر لە ئێستادا پرۆژەی بازرگانیی بچووك و مامناوەندیی لە بواری ڕستن و چنیندا هەیە کە ئەگەری هەیە بتوانێت بەشێکی گەورە لەو هێزەی کارەی لەبەر دەستدایە بخاتە سەر کار و دایانبمەزرێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو پرۆژانە تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕووی سەرچاوەکان و زانیاریی و کەناڵە گونجاوەکان بۆ پێشخستنی زنجیرەی نرخاکانیان کەموکوڕییان هەیە، یاخود بەهۆی ڕۆتینیات و قۆرخکارییەوە سنووردار کراون.

پاڵپشتیکردنی ئەم تۆڕی پرۆژە ناوخۆییانە کاریگەرترین و درێژخایەنترین ڕێگایە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئەو مووچانەی دانیشتوانەکە دەستی پێیان دەگات، هەروەها بۆ بەرزکردنەوەی ژمارەی شوێنە بەردەستەکان بۆ ئافرەتان و دەرچووانی زانکۆکان لە مەودایەکی مامناوەندیدا. دەسەڵاتدارانی ناوخۆ و لایەنە کاراکانی بواری پەرپێدانی مرۆیی لە ماوەی ڕابردوودا لەبارەی ئەم بابەتەوە لە نزیکەوە خەریکی کارکردن بوون لەگەڵ ژووڕەکانی بازرگانی و گرووپەکانی کاردا، و ئەم جۆرە دەستپێشخەرییانەش پێویستە لە داهاتووشادا هەر بەردەوام بن.

پێشنیازە دیاریکراوەکان بەم شێوەیەن:

• هەڵسەنگاندنی ئەو شوێنانەی کە پیشە و بازرگانیەکانی ئابووری ناوخۆیی تێیدا تووشی ناچالاکی و پەککەوتن هاتوون و دەستنیشانکردنی ئەو شوێنانەی کە بەربەست و کۆسپی سەرەتایی کەرتی تایبەتێکی تەندروستیان هێشتا تێدا ماوە، و هەروەها دانانی پلان و سیاسەت بۆ لادان و نەهێشتنی ئەو بەربەست و کۆسپانە.
• بەهێزکردنی دامەزراوەکانی وەك ژووڕەکانی بازرگانیی تاوەکو ڕۆڵی گەورەتریان هەبێت وەك سەکۆکای هاندان بۆ بازرگانی و کار کە لە فراوانبوونیاندا یاوەریی و پاڵپشتیی پرۆژە بازرگانیە بچوك و مامناوەندەکان بکەن.
• هاندانی بەشداریکردنی میکانیزمە بازرگانیە بچووکەکان لە دابینکردنی سەرچاوە داراییەکان بۆ پرۆژە بازرگانیە ناوخۆییەکان.

4. یارمەتیی دارایی بۆ خێزانە شکستبار و لاوازەکان

هەنگاونان بەرەو پێشەوە بە ئاڕاستەی هەماهەنگی و نزیکبوونەوەیەکی پلەبەند و قۆناغ بە قۆناغ لە دانانی بەرنامەیەک بۆ پێشکەشکردنی یارمەتیی بە پارەی کاش، بە دڵنیاییدان لەوەی کە پێوەری سەرەتایی بۆ یارمەتییەکە لەسەر پێناسەیەکی فراوانی شکستباریی و لاوازیی، پێناسەیەك کە زیاتر بارودۆخەکەی لەبەرچاوگرتبێ، دامەزراوە

لە ئێستادا، چەندان بەرنامەی پێشکەشکردنی یارمەتیی بە پارەی کاش، ئاوارە ناوخۆیی و/یان پەنابەرەکان بە جیا بە ئامانج دەگرن، لە کاتێکدا حکوومەت لە ڕێگای وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییەوە تۆڕێکی سەلامەتیی سەربەخۆی هەیە بۆ ئەو خێزانانەی کۆمەڵگای خانەخوێ کە لە هەمووان شکستبارتر و لاوازترن.

بۆیە، پێش هەموو شتێک، گرنگە کە ئەو میکانیزمە ڕێکخراوەیی و حکومییانە هەماهەنگ بکرێن و وایان لێ بکرێت ورده ورده لە یەکتری نزیک بکەونەوە لە پێناو ئەوەی هەموویان هەمان جۆری هاوکاری ویارمەتی دابینبکەن (کە بریتییە لە گەیاندنی بڕ مەرجی پارەی کاش) بە هەموو گرووپەکانی دانیشتوان، لەسەر بنەمای هەمان پێوەری سەرەتایی بۆ هەموویان.

هەرچەندە لێکدان و یەکخستنی تەواوی ئەو یارمەتییانەی کە بە پارەی کاشن و کردنیان بە یەك بەرنامەی هاوبەش لە نێوان دەسەڵاتدارانی ناوخۆ و ڕێکخراوە مرۆییەکاندا (کە ئاسانکاریی دەکات بۆ درێژەدان بەو یارمەتییانە لە ساڵانی داهاتوودا) تا ئێستا لە ئارادا نیە، لەگەڵ ئەوەشدا، لێکنزیکبوونەوە هاوکار دەبێت لە دووركەوتنەوە لە مامەڵە و دابینکردنی نایەکسانی سوودەکان لە نێوان گرووپەکانی دانیشتواندا.

دووەم، ئەم ڕوپێوییە چەند سەرچاوەیەکی دیکەی شکستباریی و لاوازیی دەستنیشانکردووە کە بە یەکسانیی کاردەکەنە سەر هەموو گرووپەکانی دانیشتوان و لەوانەیە پێویست بکات بخرێنە چوارچێوەی پێوەرەکانی شیاوێتی بۆ وەرگرتنی هاوکاری و یارمەتی – یان وەك لە سەرەوە پێشنیازکراوە، بکرێن بە بەشێك لە بەرنامەیەکی تازەی پێشکەشکردنی هاوکاریی بە پارەی کاش.

ئەم پێوەرانەش زەحمەت بینین لە دانی کرێی خانوو و مەترسی لە خانوو دەرکران و دامەزراندن و کارپێکردنی نەگونجاو لە نێو کۆمەڵێک کەسی دیکەدا، دەگرنەوە.

لە کۆتاییدا، جۆرە بەرنامەیەکی وا پێویستی بە ڕێبازێکە کە ڕەچاوی ناوچەکانی تێدا کرابێت، چونکە ئەو داتایەی لە میانی ئەم ڕاپۆرتەدا خراوەتەڕوو ئەوە دەردەخات کە شکستباریی و لاوازیی بە شێوەیەکی تایبەت لە هەندێك ناوچەی دەوروبەری هەولێردا زیاترە وەك لە شوێنەکانی دیکە، وەك سەنتەری قەزای هەولێر و شارۆچکەکان. بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە، ئەم خاڵانە پێویستن:

• دەستکردن بە گفتوگۆ لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە مرۆییانەی کە یارمەتیی پارەی کاش بۆ گرووپە جیا جیاکانی دانیشتوان دابین دەکەن، بە فەرمانگەی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیی پارێزگای هەولێر و وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانیشەوە، تا بناغەی چوارچێوەیەک دابڕێژن کە ئامانج لێی هەمانهەنگیکردن و لێکنزیککردنەوەی بەرنامەکانی دابینکردنی پارەی کاش و خۆشگوزارانی بێت.

• هاندانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو سیستەم و پێوەرە خوشگوزەرانیەی کە لە ئێستادا هەیانە لە پێناو بەئامانجگرتنێک بە پێی پێویستی دانیشتوانە شکستبار و لاوازەکە، هەروەها لە پێناو بەرزکردنەوەی توانا و کاریگەریی بەرنامەکەیان.

• فراوانکردنی پێوەرەکانی شکستباری و لاوازی بۆ ئەوەی مەترسییەکانی پەیوەندیدار بە نیشتەجێبوون (وەک نەبوونی توانا بۆ دانی کرێی خانوو یان مەترسی لە خانوو دەرکران)، دامەزراندن و کارپێکردن (کە پەیوەندیدارە بە دامەزراندن و کارپێکردنی پچڕپچڕ) یان ئاساییشی دارایی (کە پەیوەندیدارە بە قەرزاریی)یش بگرێتەوە، ئەمەش پێویستی بە ڕێبازێکە کە لەسەر بنەمای ڕەچاوکردنی ناوچەکان بنیاتنراوێ، ڕێبازێک کە ئەولەوییەت و پێشینەیی بە ناوچە هەرە شکستبار و لاوازەکان و ئەو دانیشتوانانەی تیایاندان، بدات.

5. پەروەردە و خوێندن و چوون بۆ قوتابخانە

ئاسانکاریکردن بۆ دەستگەیشتن بە پەروەدە و خوێندن بۆ ئەو منداڵ و گەنجانەی کە ئێستا خوێندن دابڕاون و ناچن بۆ قوتابخانە

بۆ ئەوەی ئەو منداڵ و گەنجانەی کە ئێستا لە خوێندن دابڕاون و نە دەچن بۆ قوتابخانەی بنەڕەتی و نە قوتابخانەی ئامادەیی بگەڕێنەوە بۆ خوێندن و پەروەردەی فەرمیی، پێویستە چارەسەرگەلێک کە هۆکارە بنەڕەتییەکانی ئامادەنەبوونیان لە پرۆسەی خوێندن و پەروەردەدا بە ئامانج بگرێت.

هەندێک لە منداڵ و گەنجەکان بەهۆی کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەم دابینکردنی خوێندن و پەروەردەی حکومی و کەمی شوێنی بەردەست لە قوتابخانەکاندا، ئەو کێشەیەی کە لە سەرەوە پێشنیازی بەدەمەوەچوونێکی خێرای بۆ بەرزکردنەوەی ئاسانکارییەکانی قوتابخانەی بۆ کراوە، ناچنە قوتابخانە. لەگەڵ ئەمەشدا، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، منداڵ و گەنجەکان بۆیە ناچە قوتابخانە چونکە کار و کاسبی دەکەن (ئەمە سەبارەت بە کوڕەکان)، یان لەبەر ئەوەی بە ئیش و کاروباری ناو ماڵەوە سەرقاڵن (ئەمەش سەبارەت بە کچان). ئەمە، بە تایبەتی بۆ پەنابەرە سووریەکان، کە لەسەر ئاستی هەموو تەمەنەکان بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگای خانەخوێدا یان ئاوارە ناوخۆییەکاندا ڕێژەیەکی زۆر بەرزتری واز لە قوتابخانەهێنانیان تێدا هەیە، ڕاستە.

پێویستە کە ئەم منداڵ و گەنجانە و خێزانەکانیشیان لە گرنگیی پەیوەندیکردن بە سیستەمی خوێندن و پەروەردەی حکومی ئاگادارببکرێنەوە. ئەم کردارانە بە شێوەیەکی سەرەکی ئەرکی ئەو هاوبەشانەیە کە لە کەرتی پەروەردەدا کار دەکەن:

• شیکارییەکی وردتر لەبارەی ئەوەی بۆچی ژمارەیەکی ئێجگار زۆری منداڵ و گەنجە سووریەکان ناچنە قوتابخانە، بکەن، چونکە لە پێناو داڕشتنی بەرنامە و سیاسەتێک بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی چوونیان بۆ قوتابخانە زانیاریی وردتر پێویستە؛

• ڕاگەیاندنی هەڵمەت لەناو سەرجەم کۆمەڵگا ئاوارەکانی شار و شارۆچکەکاندا، لە پێناو بڕەودان بە پێویستیی ناردنی منداڵ و گەنجەکان بۆ قوتابخانە لەلایەن خێزانەکانەوە، هەروەها زانیاریدان سەبارەت بەو ڕێوشوێن و کارە ئیدارییانەی کە پێویستن و ڕوونکردنەوەی ڕوون و ئاشکرای جیاوازییەکان لە نێوان سیستەمی پەروەردەی سووری و سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراقدا؛

• پێشکەشکردنی یارمەتیی دارایی لەسەر کرێی هاتووچۆ و کرینی پێداویستییەکانی چوونە قوتابخانە بۆ هاوسەنگکردنی ئەو خەرجییانەی بوونەتە ڕێگر لەبەردەم چوونی قوتابییان بۆ قوتابخانە؛

• جێبەجێکردنی بەرنامەی پردئاسا، بە تایبەت لە لایەن دەسەڵاتدارانی ناوخۆییەوە، بۆ ئەو قوتابیانەی کە دوای ماوەیەکی زۆر دووری و دابڕان لە خوێندن و پەروەردەی فەرمیی ئێستا دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ قوتابخانە و ڕێکخستنی کۆڕسەکان بەپێی پێویستییەکانی ئەوان (بۆ نموونە، پێشکەشکردنی کۆڕسی چڕوپڕ لە ماوەی زەمەنیی کورتردا بە بەراورد لەگەڵ وانەکانی قوتابخانە و کۆرسی چارەسەرئامێز کە ڕێگا بە قوتابییەکان بدات قەرەبووی ئەو خوێندنە بکەنەوە کە لە ماوەی سااڵنی وازهێنانیان لە خوێندندا لەدەستیان چووە، هەروەها وتنەوەی وانەکان لە کاتی ئێواراندا، دوای تەواوبوونی کار و کاسبی و گەڕانەوەی خەڵک بۆ ماڵەوە، هتد) و ئاسانکاریکردن لە ڕێوشوێنە ئیدارییە ڕۆتینییەکاندا (بۆ نموونە، داواکردن لە پەنابەرێکی سووری کە دەبێ بچێت لە سووریا بڕوانامەکانی خوێندنی پشتڕاست (تصدیق) بکات، هەموو ئەمانەش لە پێناو ئەوەی خوازیارانی گەڕانەوە بۆ ناو خوێندن و پەروەردەی فەرمیی بتوانن دەستیان بەو بەرنامانە بگات.

6. بەربەستەکانی بەردەم گەڕانەوە

ئاسانکاریکردن بۆ گەڕانەوەی پەنابەر و ئاوارە ناوخۆییەکان لە ڕێگای پێشکەشکردنی یارمەتیی دارایی یان بەرنامەی پێدانی قەرزەوە

إن خەرجییە دارایییەکانی گەڕانەوە، وەک گواستنەوە بۆ زێدی ڕەسەن و دووبارە گێڕانەوەی سامان و کەلوپەلەکانیان بۆ ئەو شوێنانە، تەحەدایەکی بەرچاو و باڕیکی قورسن بەسەر شانی زۆرێک لە خێزانە ئاوارەکانەوە. خێزانە پەنابەرە سووریەکان بە شێوەیەکی تایبەت زیاتر لە خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکان ئەم نیگەرانییەیان ئاماژە پێدەدا. چونکە زۆرێک لەو خێزانانە تاوەکو بتوانن لەگەڵ خەرجییە زۆرەکانی ژیانی ئاوارەییدا هەڵبکەن، پێشوەخت تووشی قەرزداریی هاتوون.

لە زۆرێک لە حاڵەتەکاندا، بەرنامەیەک کە ئامانجی پێشکەشکردنی یارمەتیی دارایی بێت، وەک پێدانی پارەی بێمەرج بۆ قۆناغێ سەرەتایی گەڕانەوەکە، هاوکار دەبێ لە ئاسانکردنی گەڕانەوەکان، هەر کاتێک زانرا کە بارودۆخ سەلامەتە بۆ گەڕانەوەی ئەو خێزانانە. پاڵپشتیی و بەهێزکردنی هەوڵەکانی

خێزانە ئاوارەکان لە پێناو گێڕاوانەوەی سامان و کەل و پەلەکانیان بۆیان لە ناوچە و زێدە ڕەسەنەکانی خۆیاندا.

گەورەترین بەربەست لەبەردەمیاندا، وەک لەلایەن ئاوارە ناوخۆییەکان خۆیانەوە باسکراوە، بە تایبەت ئاوارەکانی پارێزگای نەینەوا، نەبوونی توانایانە لە سەلماندنی خاوەندارێتییان بۆ ئەو سامان و کەل و پەلانەی کە لە زێدە ڕەسەنەکانی خۆیاندا هەیانبوو. لە هەندێک لەو ناوچانەی کە دەبێ ئەو ئاوارانە بۆیان بگەڕێنەوە، ڕەنگە خاوەندارێتییکردنی سامان و کەل و پەلەکان لەلایەن چەند خێزانێکی جیاوازەوە ناکۆکی لەسەر بێت. بۆیە زۆر گرنگە کە لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەردوو حکوومەتی فیدرال و هەرێم و هەروەها سەرکردایەتیی کۆمەڵگای ئاوارە ناوخۆییەکان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتییش کاربکەن لە پێناو دووڕکەوتنەوە لە هەر نادادپەروەرییەک لەم بابەتە زۆر هەستیارەدا.

• کۆکردنەوەی زانیاریی زیاتر لەسەر ئەو بەڵگەنامانەی کە لە ئێستادا خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکان لەسەر خاوەندارێتییان لە سامان و کەل و پەلەکانیان کە لە ناوچە و زێدە ڕەسەنەکانی خۆیاندا جێێانهێشتبوو هەیانە تاوەکو بتوانن تەحەدا ڕاستەقینەکانی ئەم بابەتە دەستنیشان بکەن؛

• دروستکردنی یەکەیەک بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستییدا پاڵپشتی خێزانەکان بکەن لە کارە یاسایی و ئیدارییەکانی کردارەکانی گێرانەوەی سامان و کەلو پەلەکان بۆ ژێر خاوەندارێتی خۆیان؛

• پاڵپشتیکردنی بەرنامەیەک بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان تا بچن و بە چاوی خۆیان ئەو ناوچە و زێدە ڕەسەنانەی خۆیان ببینن کە دەستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییان پێ دەگات، لە پێناو ئاسانکردنی دەرفەتەکان بۆ خەڵکە ئاوارەکە کە بچن و حاڵ و باری سامان و کەل و پەلەکانیان ببینن و لەسەر بنەمای زانیاریی هەبوونیان بتوانن بڕیار بدەن بگەڕێنەوە یان نا؛

قبوولکردن و پاڵپشتیکردنی هە لبژاردە ی " نە گە ڕانە وە" بۆ ئەو خێزانە ئاوارانە ی هە وڵدە دە ن یاخود مانە وە هە لدە بژێرن لە و شوێنانە ی ئێستا لێی دە ژین، ئە مە ش بە ئاسانکاریکردن بۆیان لە پێناو چاکتر و پێشکەوتووترکردنی ئەو دۆخە یاساییەی کە ئێستا تێیدان
ئەو بارودۆخە ئاوارەییەی ئێستا هەیە خەریکە بۆ زۆرینەی خێزانەکان درێژە دەکێشێت.

داتا و زانیارییەکانی ئێمە ئەوەیان ئاشکراکردووە کە ژمارەیەکی زۆر لە خێزانەکان، هەم لە ئاوارە ناوخۆییەکان و هەم لە پەنابەرەکان، هیچ نیازێکی گەڕانەوە بۆ ناوچە و زێدە ڕەسەنەکانی خۆیانیان نیە. هەندێکیان لەوانەیە بەدوای ئەوەدا بگەڕێن کە لە وڵاتی دیکەدا نیشتەجێ بن، بەڵام بەشێکی زۆریان بۆ ماوەی چەندان ساڵی دیکە هەر لە هەرێمی کوردستاندا دەمێننەوە تا ئەو کاتەی هەلومەرجی نوێی گەڕانەوە بۆ ناوچە ڕەسەنەکای خۆیان دێتە کایەوە. بۆ ڕێزگرتن لەو بارودۆخە ئاوارەییە درێژخایەنەی ئێستا بوونی هەیە، هەروەک لە یاسای گەردوونیی مافەکانی مرۆڤیشدا داواکراوە، دەبێت چەند کردارێکی بە پەلە بە هەماهەنگیی لەگەڵ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکاندا بەهێز و پتەوبکرێن، وەک ئەمانەی خوارەوە:

• دانانی شیکارگەلێک لە پێناو چارەسەرکردنی بۆشاییە یاساییەکانی پەیوەندیدار بە دۆخی نیشتەجێبوونی ئەو خەڵکە ئاوارانە، بۆ ڕێگەگرتن لە گەڕانەوەی ناچاریی ئەو خەڵکانە بۆ ناوچە و زێدە ڕەسەنەکانیان؛

• ئاسانکاریکردن لە ڕێوشوێنە کارگێڕێی و یاساییەکاندا بۆ گواستنەوەی هەندێک لەو یارمەتیی و سوودانەی لە پارێزگا ڕەسەنەکانی ئەو خەڵکە ئاوارانەوە دەگەنە هەرێمی کوردستان، وەک دابەشکردنی بەشە ئازوقە و خۆراکیی مانگانە و هاوکارییە داراییەکانی دیکە، ئەویش لە پێناو ئەوەی ئەو ئاوارانە بتوانن شوێنی نیشتەجێبوونیان لێرە دابمەزرێنن.

7. قەیرانی دارایی و سنووردارییەکانی بودجە

بەردەوامبوون لەسەر چاکسازییە پێویستەکان و دانانی سیاسەت و پلانی تازە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی دارایی و هاندانی بووژانەوەی ئابووری

چارەسەرکردنی ئەو سنووردارییانەی بودجە کە هەرێمی کوردستانیان بەم قەیرانە داراییەی ئێستا گەیاندووە، بە شێوەیەکی بەرچاو هاوکار دەبێت لە بەجێگەیاندنی زۆربەی ئەو پێشنیازانەی کە لەم هەڵسەنگاندنەدا هاتوون. بەشێکی زۆری ئەو پێشنیازانەی سەرەوە پێویستیان بە خەرجیی زیاتر و وەبەرهێنان لەلایەن دەسەڵاتدارە ناوخۆییەکانەوە هەیە، ئەوەش تەنیا ئەو کاتە دەتوانرێت ئەنجام بدرێت کە قەیرانی دارایی چارەسەرکرابێت.

هەنگاونان بەرەو بووژانەوەی ئابووریی لە ڕێگای گەڕاندنەوەی پارە بۆ ناو بازاڕ و بەهێزکردنەوەی بەکارهێنان و وەبەرهێنان و هەروەها بەدیهێنانەوەی ئەو هەلی کارانەی کە لە سەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانی داراییدا نەمان (بۆ نموونە: هەلی کارەکانی کەرتی بیناسازی)، بووژانەوەی بەپەلەی ئابووریی کۆمەڵایەتیی بۆ خەڵکی ئەو ناحییانەی کە زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە بەدوای خۆیدا دەهێنێت. ئەم بووژانەوەیە دەستپێوەگرتن و فراوانترکردنی ئەو ڕێگای چاکسازییانە دەگەیەنێت کە لە هەڵسەنگاندن و ڕاپۆرتە بەردەستەکانی دیکەدا دەستنیشانکراون، کە ئەمانە دەگرێتەوە: جەختکردنەوە لە گەیشتن بە بودجەیەکی گشتیی بەردەوام و هاوسەنگ، هەمەجۆرکردنی داهاتە گشتییەکان و دانانی کۆمەڵێک پلان و سیاسەت لەلایەن پارێزگاوە بۆ دڵنیابوونەوە لە کۆکردنەوەی کرێی خزمەتگوزارییەکانی وەک ئاو و ووزە، هەروەها پاڵپشتیکردن و بەهێزکردنی دەسپێشخەرییەکان بۆ پێشخستنی کەرتی تایبەت.

پاشکۆکان

A. پرسیارەکانی ڕووپێوکردنی خێزانەکان

پرسیارەکانی ڕووپێوکردنی خێزانەکان					
بابەتی سەرەکی	بابەتیی دووەمیی	#	پرسیارەکان	بژاردەکانی وەڵامدانەوە	دانیشتووانی وەڵامدەرەوە
ڕووماڵ	شوێن	A1	لە لایەن کارمەندی ڕووپێوکارەوە، بەر لە ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکە، پردەکرێتەوە أ ١_١ پارێزگا: أ ١_٢: قەزا أ ١_٣ ناحیە أ ١_٤ گەڕەک أ ١_٥ جۆری خانوو: أ ١_٦ ژمارەی خانوو	أ ١_١: هەولێر أ ١_٢: لە لیستەکە هەڵبژێرە أ ١_٣: لە لیستەکە هەڵبژێرە أ ١_٤: لە لیستەکە هەڵبژێرە أ ١_٥: ١. پەنابەر، ٢. ناوارەی ناوەخۆیی، ٣. کۆمەڵگای خانەخوێ	نییە
	داتای ڕوونکەرەوە	A2	ناوی کارمەندی ڕووپێوکار		نییە
		A3	پێشەکیی و پێناسەیەکی ڕووپێوییەکە و هەوڵدان بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندیی لە خێزانەکە بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵیاندا		نییە
		A4	ئایا مۆڵەتمان دەدەن چاوپێکەوتنێکتان لەگەڵدا ئەنجام بدەین؟	١. بەڵێ ٢. نەخێر	نییە
		A5	لە لایەن کارمەندی ڕووپێوییەکەوە پردەکرێتەوە: ئەو کەسەی وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە کێیە؟ دەبێتە چی سەرۆکی خێزانەکە؟	١. خۆی سەرۆکی خێزانە ٢. هاوسەری سەرۆکی خێزانە ٣. کوڕەتی/کچەتی ٤. برایەتی/خوشکیەتی ٥. باوکیەتی/دایکیەتی ٦. زاوایەتی/بووکیەتی ٧. نەوەیەتی ٨. خەزووریەتی/خەسوویەتی ٩. خزم و کەسوکاری دیکەیەتی ١٠. هیچ پەیوەندیی و خزمایەتییەکی لەگەڵ سەرۆکی خێزانەکەدا نییە	هەموویان
	پێکهاتەی خێزان	B1	ئاوی یەکەمی کەسەکە چیە؟ - سەرەتا لە سەرۆکی خێزانەکەوە دەست پێ دەکرێت		هەموویان
		B2	ئەو کەسە چیی سەرۆکی خێزانەکەیە؟	١. خۆی سەرۆکی خێزانە ٢. هاوسەری سەرۆکی خێزانە ٣. کوڕەتی/کچەتی ٤. برایەتی/خوشکیەتی ٥. باوکیەتی/دایکیەتی ٦. زاوایەتی/بووکیەتی ٧. نەوەیەتی ٨. خەزووریەتی/خەسوویەتی ٩. خزم و کەسوکاری دیکەیەتی ١٠. هیچ پەیوەندیی و خزمایەتییەکی لەگەڵ سەرۆکی خێزانەکەدا نییە	هەموو
		B3	ئەو کەسە نێرە یان مێیە؟	١. نێر ٢. مێ	هەموویان
		B4	ئەو کەسە تەمەنی چەندە؟	سفر = تەمەنی کەمتر لە ساڵێکە ٩٥ = تەمەنی سەرووی ٩٥ ساڵە ٩٩ = نازانم (یان نازانرێ تەمەنی چەند ساڵە)	هەموویان
		B5	باری خێزانداریی کەسەکە چۆنە؟	١. هەرگیز هاوسەرگیریی نەکردووە ٢. خێزاندارە ٣. بێوەژن یان بێوەمێردە (هاوسەرەکەی مردووە) ٤. لە هاوسەرەکەی جیابۆتەوە ٥. تەڵاقدراوە	هەموو ئەوانەی لە تەمەنی ١٢ ساڵییەوە بەرەو سەرن
		B6	ئەو کەسە، لە ماوەی ١٢ مانگی ڕابردوودا، چەند مانگ لەو خانوودا ژیاوە؟	ژمارەی مانگەکان (بنووسە "سفر" ئەگەر کەسەکە کەمتر لە مانگێک لەو خانوودا ژیاوە)	هەموویان
		B7	کەسەکە ڕەگەزنامەی چ وڵاتێکی هەیە؟ (ئەم پرسیارە فرە وەڵامە)	١. عێراقی ٢. سووریی ٣. هی دیکە	هەموویان
		B8	باگڕاوندی سەرەکیی ئەو کەسە لە ڕووی ئەتەوییەوە چییە؟	١. کوردە ٢. عەرەبە ٣. تورکمانە ٤. کلدانییە ٥. سریانییە ٦. ئاشوورییە ٧. ئەرمەنییە ٨. هی دیکەیە ٩. وای بە باش دەزانێت نەیڵێت	هەموویان
		C1	ئایا ئەو کەسە توانای خوێندنەوە و نووسینی هەیە؟	١. بەڵێ، دەتوانێت بخوێنێتەوە و بشنووسێت ٢. تەنیا دەتوانێت بخوێنێتەوە ٣. نە دەتوانێت بخوێنێتەوە و نە بشنووسێت	هەموو ئەوانەی لە تەمەنی ٦ ساڵییەوە بەرەو سەرن
		C2	ئایا ئەو کەسە لە ئێستادا دەخوێنێت و دەچێتە قوتابخانە؟	١. بەڵێ، لە هەفتەیەکدا ٤ ڕۆژ یان زیاتر ٢. بەڵێ، لە هەفتەیەکدا کەمتر لە ٤ ڕۆژ ٣. نەخێر	هەموو ئەوانەی لە تەمەنی ٦ ساڵییەوە بەرەو سەرن

پرسیارەکانی ڕووپێوکردنی خێزانەکان				بابەتیی دووەمیی	بابەتی سەرەکیی
دانیشتووانی وەڵامدەرەوە	بژاردەکانی وەڵامدانەوە	پرسیارەکان	#		
هەموو ئەوانەی تەمەنیان لە ٦ ساڵ زیاترە و خەریکن دەخوێنن	١. بنەڕەتیی (١-٩) 2. ناوەندیی/ئامادەیی (٩-١٢) ٣. پەیمانگا ٤. زانکۆ ٥. خوێندنی باڵا	ئەگەر ئەو کەسە دەخوێنێت، ئایا لە چ ئاست و قۆناغێکی خوێندنداية؟	C3	پەروەردە: ٦ ساڵ بەرەو سەر	
هەموو ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان ٦ بۆ ١٨ ساڵی دایە و بە شێوەی ناڕێک و پێک دەچنە قوتابخانە	١. ئەو ناوە قوتابخانەی لێ نیە و گەیشتن بە قوتابخانە دوورەکانیش بە ئاسانیی نارەخسێ ٢. جۆری خوێندن و پەروەردەی قوتابخانەکان لاوازە/مامۆستا نیە و دەستناکەوێت ٣. مامەڵەی خراپ لە لایەن مامۆستا یان قوتابییەکانی دیکەوە ٤. ناچارە نیش بکات تاوەکو هاوکارییە ماددیی خێزانەکەی بکات ٥. خێزانەکەی ڕازی نین/پێیان وایە منداڵ پێویستی بە خوێندن نییە ٦. هاوسەرگیریی زوو و پێشوەخت ٧. نەخۆشیی و کەمئەندامیی (پەککەوتەیی) ٨. هاوکارییە دەکات لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی ماڵەوە ٩. قوتابخانەکان پڕ بوون ١٠. قوتابخانەکان نەویان وەرنەدەگرت ١١. قوتابخانەکان هەردوو ڕەگەزیان تێدایە و تێکەڵاون ١٢. لەو زمانە تێناگات کە لە قوتابخانەکاندا وانەی پێ دەگوترێتەوە ١٣. خوێندن بە گشتیی خەرجییەکی زۆری تێدەچێت ١٤. بەڵگەنامەکانی وەک (ناسنامەی باری شارستانی و ڕەگەزنامە و ..... هتد)ی نییە ١٥. خێزانەکەی لەو بڕوایەدا نین زۆر لێزە بمێننەوە و دەگەڕێنەوە بۆ شوێنی ڕەسەنی خۆیان ١٦. هۆکاری دیکە	ئەگەر ئەو کەسە لە هەفتەیەکدا کەمتر لە چوار ڕۆژ دەچێتە قوتابخانە، یان هەر لە بنەڕەتدا ناخوێنێت و ناچێتە قوتابخانە و تەمەنیشی لە ١٨ ساڵ کەمترە، ئایا ئەو هۆکارە چیە وای لێ کردووە ئەو کەسە نەتوانێت بە ڕێکی و تەواویی بچێتە قوتابخانە، یان چ شتێکە بۆتە هۆکاری ئەوەی ئەو کەسە نەتوانێت هیچ بڕوات بۆ قوتابخانە و بخوێنێت؟	C4		
هەموو ئەوانەی تەمەنی ٦ ساڵییەوە بەرەو سەرن	١. هیچ ٢. بنەڕەتیی ٣. ناوەندیی/ئامادەیی ٤. پەیمانگا ٥. زانکۆ ٦. خوێندنی باڵا	بەرزترین ئاست و قۆناغی خوێندن کە ئەو کەسە تەواوی کردیێت، کامەیە؟	C5		
هەموویان	١. بەڵێ ٢. نەخێر	ئایا ئەو کەسە تا ئێستا لە هیچ ڕاهێنانێکی پیشەییدا بەشداریی کردووە؟	C6		
هەموو ئەوانەی لە تەمەنی ١٥ ساڵییەوە بەرەو سەرن	١. خاوەنکار بووە و خەڵکێکیش لای ئەو کاری کردووە ٢. سەربەخۆ کاری کردووە ٣. کرێکارییە کردووە ٤. بێ بەرامبەر بۆ خێزانەکەی خۆی کاری کردووە ٥. قوتابیی بووە و لە هەمان کاتدا کاریشی کردووە ٦. تەواوی کاتەکانی بە خوێندن و قوتابخانەوە خەریک بووە و کاری نەکردووە ٧. بە نیش و کاری ماڵەوە خەریک بووە (نافرەتی ماڵەوە) ٨. لە نێستادا کار ناکات، بەدوای کاردا دەگەڕێت (پێشتر کاری هەبووە، بەڵام نێستا نەیماوە) ٩. لە نێستادا کار ناکات، بەدوای کاردا دەگەڕێت (پێشتریش هەرگیز کاری دەستنەکەوتووە) ١٠. بەدوای کاردا ناگەڕێت چونکە هیچ بەڵگەنامەیەکی فەرمیی وەک (ناسنامە و ڕەگەزنامە و .... هتد)ی نییە ١١. بەدوای کاردا ناگەڕێت بەهۆی وەبەردان و نانومێدبوونییەوە ١٢. حەز بە کارکردن ناکات ١٣. خانەنشین بووە/تەمەنی زۆر گەورەیە ١٤. نەیتوانیوە کاربکات بەهۆی پەککەوتەیی/نەخۆشییی ١٥. تەمەنی لەوە بچووکتر بووە بتوانێت کاربکات ١٦. هی دیکە	باری کاری ئەو کەسە لە ماوەی دواهەمین ٣٠ ڕۆژی ڕابردوودا چۆن بووە؟	D1	کار 15+	نە ئەماڵی خێزان
هەموو ئەوانەی تەمەنیان لە ١٥ ساڵییەوە بەرەو سەرە و بەشدار و جاڵاکن لە هێزی کاردا	١. لە دەستەی بەڕێوەبەران بووە ٢. پەکێک بووە لە پیشەگەر و شارەزا و پشێوڕانی کارەکەی ٣. لە دەستەی تەکنیکەکاران بووە و هاوکارییە پیشەگەر و شارەزا و پسپۆڕەکانی کردووە ٤. لە بەشی کاری نووسینگەیی کرێکار بووە ٥. کرێکاری بەشی خزمەتگوزارییە و فرۆشتن بووە ٦. پەکێك بووە لە کرێکارە کارامە و لێهاتووەکانی کەرتی کشتوکاڵیی، دارستانناسیی و ماسیگرییی ٧. کرێکاری بەشی بازرگانییە دەستڕەنگینی و دروستکردن و کاری پەیوەندیدار بەو بەشە بووە ٨. کارپێکەر و پێکەوطکێنەری پارچەکانی ئامێر و دەزگاکان بووە ٩. پلە و پۆستێکی سەرەتایی هەبووە ١٠. پلە و پۆستێکی سەربازییی هەبووە	پلە و پۆستی ئەو کەسە، لە چوارچێوەی ئەو کارە سەرەکییەی کە لە ماوەی ٣٠ ڕۆژی ڕابردوودا هەیبووە، چی بووە؟	D2		
هەموو ئەوانەی تەمەنیان لە ١٥ ساڵییەوە بەرەو سەرە و بەشدار و جاڵاکن لە هێزی کاردا	١. کشتوکاڵ، بواری دارستانناسی و ماسیگرییی ٢. پیشەسازیی کانەکان و دەرهێنانی کانزا و بەردەکان ٣. پیشەسازیی دروستکردن و بەرهەمهێنانی کاڵاکان ٤. دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی کارەبا، غاز، هەڵم و ئامێرەکانی ساردکەرەوە و گەرمکەرەوە ٥. چاڵاکییەکانی دابینکردنی ئاو، پاککردنەوەی زێرابەکان، سەرپەرشتیکردنی فرێدانی پاشەڕۆکان و پێشکەشکردنی چارسەرییەکان ٦. بیناسازیی و ئاواکردن ٧. بازرگانیی فرۆشتنی کاڵاکان بە کۆ و بە تاك (جملە و مفرد)، چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل و ماتۆرسکیلەکان ٨. گواستنەوە و عەمبارکردن ٩. چاڵاکییەکانی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی شوێنی نیشتەجێبوون و خواردەمەنییەکان ١٠. خزمەتگوزارییەکانی گەیاندنی زانیاریی و پەیوەندییەکان ١١. چاڵاکیی دارایی و بواری کۆمپانیاکانی دڵنیایی ١٢. چاڵاکییەکانی کڕین و فرۆشتنی خانووبەرە و زەوی (عەقارات) ١٣. چاڵاکییە پیشەیی و زانستی و تەکنیکییەکان ١٤. چاڵاکیی خزمەتگوزاریی کارگێڕیی و پێشکەشکردنی پاڵپشتی ١٥. .... ١٦. پەروەردە ١٧. تەندروستی مرۆڤ و چاڵاکییە کۆمەڵایەتییەکان ١٨. هونەر و بەزم و ڕابواردن ١٩. چاڵاکیی تایبەت بە خزمەتگوزارییەکانی دیکە ٢٠. ..... ٢١. چاڵاکییەکانی ڕێکخراو و دامەزراوەکانی دەرەوەی سنوورەکانی هەرێم	ئەو کەسە، لە چوارچێوەی ئەو کارە سەرەکییەیدا کە لە ماوەی ٣٠ ڕۆژی ڕابردوودا خەریکی بووە، لە چ جۆرە پیشەسازییەکدا کاری کردووە؟	D3		

بابەتی سەرەکی	بابەتیی دووەمیی	پرسیارەکان			
		#	پرسیارەکان	بژاردەکانی وەڵامدانەوە	دانیشتووانی وەڵامدەرەوە
		D4	ئەواوی داهاتی ئەو کەسە بە پارەی کاش (بەپێ ی ئەو بڕەی کە وەریگرت یان بە پێ ی ئەو بڕەی کە چاوەڕێ ی دەکرد) لە ئەنجامی کارکردنی مانگی ڕابردوویدا چەند بوو؟ (بە دیناری عیراقی)	*بڕەکەی لێرە بنووسە*	هەموو ئەوانەی تەمەنیان لە ١٥ ساڵییەوە بەرەو سەرە و بەشدار و جاڵاکن لە هێزی کاردا
		D5	ئایا ئەو کەسە گرێبەستێکی نووسراوی هەیە بۆ ئەو کارە سەرمکییەی کە لە ماوەی ٣٠ ڕۆژی ڕابردوودا هەیبوو؟	١. بەڵێ ٢. نەخێر ٣. نازانرێت	هەموو ئەوانەی تەمەنیان لە ١٥ ساڵییەوە بەرەو سەرە و بەشدار و جاڵاکن لە هێزی کاردا
		D6	ئەو ڕێگایە چی بوو کە ئەو کەسە بۆ بەدواداگەڕان و دۆزینەوەی کار بەکاری هێنا؟	١. خۆی تەلەفۆنی بۆ ئەو شوێنە کردبوو کە خەڵکیان دادەمەزراند ٢. وەڵامی ئەو ئاگادارییانەی دابوویەوە کە ڕایانگەیاندبوو پێویستییان بە کارمەندە 3. داوای لە هاوڕێ و خزمەکانی و هەروەها ناسیاوە شەخسییەکانی خۆی کردبوو لە شوێنێک دابیمەزرێنن 4. خۆی بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە خاوەنکارەکەوە کردبوو ٥. هەوڵیدا زەوی و شوێنی کارکردن و کەلوپەلە پێویستەکان و سەرچاوەی داریی و متمانە پەیدابکات بۆ ئەوەی کارێکی سەربەخۆ دەستپێبکات و پێشکەشیشیکرد تا مۆڵەت و ڕێنیدان و ئەمانەی پێ بدرێت. ٦. دەرگا بە دەرگا دەگەڕا تاوەکو لە شوێنێك دابیمەزرێنن ٧. هی دیکە	هەموو ئەوانەی تەمەنیان لە ١٥ ساڵییەوە بەرەو سەرە و بەشدار و جاڵاکن لە هێزی کاردا و بەدوای کاردا دەگەڕێن
		D7	ئەو هۆکارە سەرەکییە چیە وای لەو کەسە کردووە کە بە لایەوە قورس بێت، یان هەر نەپەهوێنت، بە دوای کاردا بگەڕێت؟	١. خەڵکێکی نێچگار زۆر بە دوای کاردا دەگەڕێن ٢. ناستی خوێندنی و بروانامەکانی لەگەڵ ئەو کارانەدا ناگونجێن کە هەن ٣. کێشەی یاسایی هەیە و ناتوانێت کار بکات ٤. شوێنی ئەو کارانەی کە هەن زۆر دوورە و ئەم ناتوانێت پێیان بگات ٥. بە هۆی جیاکارییەوە کار بە ئەو و کەسانی هاوشێوە نادرێت ٦. پەیوەندیی شەخسیی و سیاسیی لەگەڵ خەڵکدا لاوازە و کەسێکی ئەوتۆ ناناسێت هاوکاریی بکات و لە شوێنێك دابیمەزرێنێت ٧. کاتی ئەوەی نییە بە دوای کاردا بگەڕێت ٨. موچە و کرێ ی کارمەند و کرێکاران زۆر نزمە ٩. پەککەوتەیی و نەخۆشیی درێژخایەن ڕێگرن لەبەردەمی ١٠. کێشە و بەربەستەکانی نەزانینی زمان بێبەشیان کردووە ١١. هی دیکە	هەموو ئەوانەی تەمەنیان لە ١٥ ساڵییەوە بەرەو سەرە و بەشدار و جاڵاکن لە هێزی کاردا و هەروەها ئەوانەیش کە بەدوای کاردا ناگەڕێن
پەناگە	جۆری پەناگە	E1	جۆری سەرمکیی ئەو شوێنە چیە کە ئەو خێزانەی تیادا دەژین؟	١. شوقە/باڵەخانەی چەند نهۆمیی ٢. خانوو/ڤیلا ٣. نیشتەجێبوونی نافەرمیی/چادر، ڕەشماڵ/پەناگەی کاتیی ٤. کابینە و ماڵی سەفەربی ٥. بینا و تەلارێك کە کۆمەڵێك خێزانی ئاوارەی لەخۆ گرتووە ٦. بینا و تەلارێکی تەواونەکراوی جێهێڵراو و پشتگوێخراو ٧.هۆتێل/مۆتێل ٨. شوێنێکی ناپینی/مزگەوت، تەکیە و خانەقا، پەرستگا .... هتد. ٩. قوتابخانە ١٠. گەراج/پاشکۆی خانوویێك ١١. هی دیکە	هەموویان
		E2	ئایا خێزانەکەتان لەگەڵ خێزانی دیکە پێکەوە لەم شوێنە دەژین یان تەنیا خۆتانن؟	١. بەڵێ ٢. نەخێر	هەموویان
	ماف و ناسایشی خاوندارێتیی	E3	شێوازی مانەوەی خێزانەکە لەو شوێنەدا چۆنە؟	١. خۆیان خاوەنی ئەو خانووەن ٢. بە کرێیان گرتووە ٣. بۆ کەسێک نیش دەکەن و وەك بەشێکی نیشەکە ئەو خانووەیان بە شێوەیەکی کاتیی پێدراوە ٤. وەك میوان لە خانووەکەدان و بەشێك کرێش دەدەن ٥. وەك میوان لە خانووەکەدان و هیچ کرێش نادەن، بەڵام بە شێوەیەکی کاتیی و هەر کە شوێنێکیان دۆزییەوە دەبێ چۆڵی کەن ٦. بێ بەرامبەر ئەو شوێنەیان پێدراوە تا ئەو ڕۆژەی دەگەڕێنەوە زێدی خۆیان بۆیان هەیە تیایدا بمێننەوە ٧. داگیریان کردووە/دەستیان بەسەردا گرتووە	هەموویان
		E4	ئەگەر دەڵێن خانووەکەیان کڕیوە یاخود بە کرێیان گرتووە، ئایا هیچ کەس لە خێزانەکەدا هەیە بەڵگەنامەیەکی نووسراوی پێ بێت دەربارەی کڕین یان بەکرێ گرتنی خانووەکە؟	١. بەڵێ ٢. نەخێر	هەموو ئەوانەی کە خانوویان بەکرێ گرتووە یان خانووی خۆیان هەیە
		E5	ئەگەر خانووەکەتان بەکرێ گرتووە، ئایا لە بەرامبەر مانەوەتان لەم خانووەدا، بە دیناری عیراقی، مانگانە بڕی چەند پارە دەدەنە خاوەن خانووەکە، هەم وەک کرێ ی خانووەکە و هەم هی ئەو زەوییەش کە خانووەکەی لەسەر دروستکراوە؟	*بڕی پارەکە لێرە بنووسە*	هەموو ئەوانەی کە خانوویان بەکرێ گرتووە

پرسیارەکانی ڕووپێوکردنی خێزانەکان				بابەتیی دووەمیی	بابەتی سەرەکی
#	پرسیارەکان	بژاردەکانی وەڵامدانەوە	دانیشتووانی وەڵامدەرەوە		
E6	ئەم خانووە بە گشتیی چەند ژووری هەیە؟ (جگە لە گەرماو و ناودەست)	*ژمارەی گشتی ژوورەکان*	هەموویان، جگە لەوانەی کە لەژێر ڕەشماڵدا دەژین		
E7	چەند دانە لە ژوورەکانی خانووەکە بۆ نووستن بەکاردێنن؟	*ژمارەی گشتی ژوورەکان*	هەموویان، جگە لەوانەی کە لەژێر ڕەشماڵدا دەژین		
E8	ئایا خێزانەکەتان لە ماوەی ١٢ مانگی ڕابردوودا هیچ لە خانوو دەرکراون؟	١. بەڵێ ٢. نەخێر	هەموویان		
E9	(ئەگەر لە ١٢ مانگی ڕابردوودا ڕوویداوە کە لە خانوو دەرکرابن)، هۆکاری سەرەکیی دەرکرانەکەتان چی بوو؟	١. کرێیان نەدابوو ٢. کرێ ی خانووەکە بەرزکرایەوە ٣. خاوەنی خانووەکە نامادەنەبوو چی دیکە خانووەکەی بەکرێ بدات ٤. خانووەکە تێکدرا ٥. خاوەنەکەی دەیویست خانووەکەی پێشبخات و فراوانتری بکات ٦. خەڵکی گەرەکەکە فشاریان کرد و ویستیان لەێ بڕۆین ٧. هی دیکە	هەموو ئەوانەی کە لە خانوو دەرکراون		
F1	ئاستی دەست پێگەیشتنی ئەندامانی خێزانەکەت بە ئاوەندە پزیشکی و تەندروستییە نەهلی و حکوومییەکان و نەخۆشخانەکان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟	١. زۆر باشە ٢. باشە ٣. قایلیلکەرە (مامناوەندە، نە باشە و نە خراپ) ٤. لە ئاستی پێویستدا نییە ٥. دەستمان پێی ناگات	هەموویان	دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاریی تەندروستیی	دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان
